# ڕامانێک بۆ زمانی کوردی لە بەردەم دەرفەت و ئاڵنگارییەکاندا پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە

**پ.ی.د. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین**
**زانکۆی ڕاپەڕین ــ ڕانیە، هەرێمی کوردستان ــ عێراق**

**پوختە:**

کورد نەتەوەیەکی زمانییە، پێناسە و ئێتنیکی نەتەوەیی لە زمانەکەیدا چڕبووەتەوە، بە جۆرێک کوردبوون بەر لە هەر شت لە زماندا و لە ڕێگەی زمانەکەیەوە خۆیدەردەبڕێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە، زمان لە خاک زیاتر بوونی بەجیاهەڵکەوتوویی نەتەوەی کوردی پاراستووە، پشتبەست بەم ڕاستییە پلانسازی، ڕێکخستن، بەدواداچوون و چاودێریکردنی زمانی کوردی بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گرفت و ناتەواوییەکان، هەروەها یەکسەر و هەنوکەیی هەوڵی چارەسەرکردنیان، هێشتا درەنگە، لەبەر ئەوەی خەمساردی و پشتگوێخستن هۆکارێکی سەرەکی دەبێت لە لاوازی و سستی زمانەکە و بەرەو هەڵدێر و داچەقینی دەبات، چونکە زمان وەک هەموو زیندەوەر و تەنە بایۆلۆژییەکانی دیکە لەدایکدەبێت، دەژیێت و دەمرێت.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی بنەماکانی بە زیندووهێشتنەوەی زمانی کوردی، تێیدا هەندێ لە گرفتەکانی زمانەکە و خستنەڕووی چوارچێوەیەک بۆ چارەسەرکردنیان پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە بەئامانجگیراوە، کەواتە مەبەستیەتی بچێتە نێو سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە و نموونە بهێنێتەوە و چۆنیەتیی پیادەکردنیان پەیوەست بە هەندێ لە گرفتەکانەوە لە زمانی کوردیدا لەبەرچاوبگرێت، هەروەها دەستتێوەردانی بڕیاربەدەستان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان ڕوونبکاتەوە، نەک تەنیا توێژینەوەیەک بۆ (زمانی کوردی) پێشکەشبکات.

بواری کارکردنەکە لە چوارچێوەی زانستی زمانی جێبەجێکەرانەدایە، لە پێناو گەیشتنە ئەنجامە خوازراوەکانیش ڕێبازی (پەسنیی شیکەرەوەیی) بەکاربراوە، بەرنامە و پێرستەکەشی جگە لەم پوختەیە و پێشەکی، لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە یەکەمدا "سەرەتایەک لە بارەی زمانی کوردی و شکۆمەندیەتیی زمانەکە" شرۆڤەکراوە، دووەم بۆ "چوارچێوەی تیۆری و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەت و پلانسازیی زمانی" تەرخانکراوە، لە سێیەمیشدا لە "هەندێ لە گرفتەکانی زمانی کوردی پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە" توێژراوەتەوە، هەوڵدراوە تیشکبخرێتەسەر بەشێک لە گرفتە بەرچاو و سەرەکییەکانی زمانی کوردی، لەگەڵ پێشنیازکردنی ڕێگەچارەی گونجاو، لە دوا پەڕەکانیشدا سەرباری گەڵاڵەکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان خراونەتەڕوو.

**کلیلەوشە:** زمانی کوردی، سیاسەت و پلانسازیی زمانی، گرفتەکانی زمان، زمانی زیندوو، بنەما و ستراتیژیەت، شکۆمەندیی زمانی.

## پێشەکی

سیاسەت، زاراوەیەکی باوی نێو کۆمەڵە کە لە زۆر بوار و زانستدا بەکاردەهێنرێت، بە جۆرێک زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی گرتووەتەوە، یەکێک لەوانەش زمانە، ئەمەش بەڵگە و نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەت ئەو دەستەڵاتەیە زمان پشتیپێدەبەستێت، بە دیاریکراویش ئەم کار و هەوڵە زانستییانە دەچنە چوارچێوەی (زانستی سیاسەتی زمانی)یەوە، لەم ڕوانگەیەوەیە کە زۆر وڵات سیاسەت و پلانسازیی زمانییان هەیە، تاکو پشتیوانی لە زمانێک یا چەند زمانێک پێبکەن، یاخود بە پێچەوانەوە کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەمیان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو بیرۆکە زاڵەیە کە بەسەر چیەتیی داڕشتن و دانانی پلانسازیی زمانییەوە دەردەکەوێت، هەرچی پلانسازیی زمانیشە، ئەوا لایەنە کارەکییەکەیە لە پێناو جێبەجێکردنی سیاسەتە زمانییە بونیادنراوەکە و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان.

بەم شێوەیە توێژینەوەی بەردەست بە ناونیشانی: **"ڕامانێک بۆ زمانی کوردی لە بەردەم دەرفەت و ئاڵنگارییەکاندا پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە"** تێیدا جگە لەوەی بایەخ بە بنچینە و لایەنە تیۆرییەکانی زمانی کوردی و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی تیۆریی گشتی دەربارەی سیاسەت و پلانسازیی زمانی دراوە، ئەوا هەوڵێکیشە تاوەکو لە ڕێگەیەوە هەندێ لە گرفتەکانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەت و پلانسازیی زمانیدا بخرێنەڕوو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی پێشنیازی پێویست و گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.

### ٠. ١: بواری کارکردنی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بە گشتی و سیاسەت و پلانسازیی زمانیدا بە تایبەتی بەڕێوەدەچێت کە تێیدا هەوڵدەدرێت هەندێ لە گرفتەکانی زمانی کوردی پەیوەست بە بنەما و پێوەرە دیاریکراوەکان شیبکرێنەوە، زانستی زمانی کۆمەڵایەتیش بوارێکی زانستیی زمانەوانیی جێبەجێکەرانەیە و ناوبەندپەیوەندە لەگەڵ سیاسەت، کۆمەڵناسی و زانستی زماندا، بە واتا وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری زمان دەکات و لە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵدا زمان لێکدەداتەوە، بەم شێوەیە دەکرێت، بگوترێت: بواری توێژینەوەکە زانستی زمانی جێبەجێکەرانەیە.

### ٠ . ٢: هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە

لە هۆیەکانی لەدایکبوونی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە زۆربەی بەرهەم و نووسینەکان لە بارەی گرفت و ناتەواوییەکانی زمانی کوردییەوە خۆیان بە چارەنووسی زمانی کوردییەوە خەریکنەکردووە، بەڵکو تەنیا لە نێو خودی زمانەکەدا توێژینەوەیان ئەنجامداوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە زمانانی دونیادا توێژینەوە لە گرفتەکانی زمان و لێکەوتەکانی وەک یەکێک لە بابەتە سرک و ئاڵۆزەکانی زانستی زمانی جێبەجێکەرانە جێگەی بایەخە، بە تایبەتیش لە ڕوانگەی سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە کە هەوڵەکان بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوە، بۆیە لەم ڕووەوە ئەنجامدانی ئەم کارە وەک هەوڵێک بۆ خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی هەندێ لە گرفتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی لە پێناو تەواوکردنی بوار و بابەتەکانی زمانەوانیی کوردی بەپێویستزانرا.

### ٠ . ٣: ئامانج و مەبەستی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە، مەبەست و ئامانجیەتی ڕێکارێک بەدەستبهێنێت کە خۆی بە چەند لایەنێکی سەرەکیی ئەم گرفتە ــ ڕامانێک لە زمانی کوردی ــ یەوە خەریکبکات، ئەوانیش: خوێندنەوەی شکۆمەندیەتیی زمانی کوردی و بنەماکانی بە زیندووهێشتنەوەی زمانەکەیە، لەگەڵ بابەتە تیۆرییەکانی سەر بە سیاسەت و پلانسازیی زمانی کە هەوڵیداوە لە چۆنیەتی و چەندیەتییان بتوێژێتەوە، هەروەها گونجاندنی ئەم بابەتانە لە زمانی کوردیدا بە ڕەچاوکردنی پێڕەوی زمانەکە و دۆخی کورد، لەگەڵ ڕەچاوکردنی فاکتەرە دیاریکراوەکانی: مێژوویی، جوگرافیا، ڕامیاری و ئاوبوری و ... تاد.، لە لایەنی کارەکیشەوە توێژینەوەکە دەیەوێت کە دیاریکردن و خستنەڕووی چەند گرفتێکی هەنوکەیی و بەرچاو لە

زمانی کوردیدا لەگەڵ پێشکەشکردنی پێشنیاز و چارەسەری گونجاو پشتبەست بە کۆمەڵێک بنەما و ستراتیژیەتەوە، بخاتە بەر تیشکی توێژینەوە.

**٠ . ٤: سنوور و ڕێبازی توێژینەوەکە**

مەیدانی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە ژینگەی کوردزمانان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەبینێتەوە، سنووری کارەکەش پرسی زمانی پەیوەستکراوە بە هەریەکە لە ڕەهەندەکانی (ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی)، (زاراوەسازی و بەرهەمهێنانی)، (فەرهەنگسازی و دانانی فەرهەنگ) لەگەڵ (زمانی ستاندارد و ستانداردی کوردی) لە چوارچێوەی بنەما و ستراتیژیەتەکانی سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە. بۆ هێنانەدی ئەنجامە دیاریکراوەکانیش، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە چۆنییە، بۆیە ڕێبازی (پەسنیی شیکەرەوەیی) لە نووسینەوەی بابەتەکە پەیڕەوکراوە، هەروەها لە پێناو شیکردنەوەی گریمانە و چارەسەرییەکانیش سوود لە میتۆدی لێکدانەوەی بابەتییانە وەرگیراوە.

**٠ . ٥: گرنگیی توێژینەوەکە**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوە سەرچاوەدەگرێت، لە لایەکەوە پێیوایە توێژینەوە لە زمانی کوردی و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە، جگە لەوەی کارێکی ئەکادیمییانە و زانستییانەیە، هاوکات ئەرکێکی نەتەوەییشە، چونکە دەکرێت، بەو بەهایەوە پەیوەندیداربکرێتەوە کە زمانی کوردی بۆ کورد هەیەتی، لە لایەکی دیکەشەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە لە ڕوانگەی بە فەرمی ناسین و بونیادنانی زمانێکی نەتەوەییەوە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتێکی زمانیی جیاواز و نوێ بۆ داهاتووی زمانی کوردی بە گشتی و لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە تایبەتی دەخاتەڕوو، کەواتە بە دوو ئاست لە توێژینەوەکەدا گرنگی و بایەخی بابەتەکە دەخرێتەڕوو:

(١) ئاستی تیۆری کە پەسنکردن و شیکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی زمانی کوردی و سیاسەت و پلانسازیی زمانی دەگرێتەوە.

(٢) ئاستی جێبەجێکەرانە کە ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی جۆر، چۆنیەتی و چەندیەتیی گرفتی بەشێک لە ڕەهەندەکانی زمانی کوردییە، لەگەڵ پێشنیازکردنی ڕێگەچارەی گونجاو.

**٠ . ٦: گریمانەی توێژینەوەکە**

بۆ ئەوەی گریمانەکان چێوەیەکی زانستییانە وەربگرن لەم توێژینەوەیەدا، دەکرێت بەم شێوەیە بخرێنەڕوو: توێژەر گریمانەی ئەوەی کردووە کە سیاسەت و پلانسازیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا لاوازە، بە واتا نەیتوانیوە بایی پێویست بۆ چارەسەکردنی گرفتەکان هەنگاوبنێت، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەوەی دەستووری وڵاتی عێراق و سیاسەت و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بەهای پێویستییان بە زمانی کوردی داوە، بەڵام بار و حاڵەتی زمانی کوردی بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە و سەردەمییانە نەگەیشتووە بە ئاستی پێویست، بە گوتەیەکی دیکە لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانسازییان بۆ جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نەکردووە.

**٠ . ٧: پرسیاری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە دوای چارسەرکردنی چەند گرفتێکدا دەگەڕێت، بۆیە لە پێناو هێنانەدی ئەنجامە زانستییەکانیدا کارەکانی لە ڕوانگەی چەند پرسیارێکی سەرەکییەوە سەر ڕێگەدەخات، بە جۆرێک: پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، زمانی کوردی چ کەتوارێکی هەیە و لە کوێی پێوەرە گرنگەکانی زمانی زیندوو و شکۆمەند دایە؟ هەروەها لە چێوەی تێڕوانینێکی بابەتییانە و زانستییانەدا چۆن باس لە گرفتەکانی زمانی کوردی بکرێت، یاخود پشتبەست بە چ بنەمایەک لێیانبتوێژرێتەوە؟ بۆیە کارەکە بۆی گرنگە جگە لەوەی بپرسێت، سیاسەت و پلانسازیی زمانی چین و بنەما و ئامانجەکانیان چین؟ ئەوا ئەو پەیوەندییەش بدۆزێتەوە کە لە نێوانیاندا هەیە. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، چەند جۆر لە پێواژۆ و پلانسازیی زمانی دەبنە بنەمای چارەسەری گرفتە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا و پشت بە چ بنەمایەک دەبەستن؟ هەروەها ویستویەتی لە بارودۆخی زمانی کوردی تێبگات و بزانێت: چەند جۆر لە ئەلفوبێ لە پێڕەوی نووسینی کوردیدا بەکارهێنراون و

بەرچاوترین گرفتەکانیان کامانەن؟ هەروەها پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، کورد لە ڕوانگەی زاراوەسازییەوە تەنیا پێویستی بە پلانسازیی زاراوەیی هەیە، یاخود پێویستی بە پشتگیریی کۆمەڵایەتی و زانستیشە لە پێناو چەسپاندنی زاراوەکان؟ لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی کلیلی نەخشەی ئەندازەیی پاراستنی زمان فەرهەنگە، بۆیە گرنگە بزانرێت، چۆن و بە چ میکانیزمێک بایەخ بە فەرهەنگسازیی کوردی دراوە؟ لەگەڵ ئەو پرسیارەش، ئایا پلانی دەوڵەمەندکردن و هاوچەرخکردنی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگی سەرتاسەری دەبێت چۆن بێت و پشتبەست بە کام بنەمایانە هەنگاوەکانی جێبەجێبکرێت؟ لەگەڵ ئەوەی ئایا پێواژۆی بەستانداردکردن دەبێتە گرفت لە بەردەم جۆراوجۆرییە زمانییەکانی، وەک: فرەزاری لە زمانی کوردیدا و زمانی ستانداردی کوردی بە چ دۆخێک گەیشتووە؟ هەر پەیوەست بە زمانی ستانداردی کوردییەوە دەپرسێت، مەترسییەکانی کوردزمان چۆن دەڕەوێتەوە پەیوەست بەستاندارکردنی زمانی کوردی و دیاریکردنی زارێک؟

ئەمانە و چەندان پرسیاری دیکە لە دوو توێی شیکردنەوەکاندا دەوروژێنرێن و هەوڵدەدەین بە پاسادانی زانستی گریمانەی توێژینەوەکە ئەزموونبەندبکەین.

**٠ . ٨: بونیاد و دروستەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە، جگە لەم پێشەکییە و پوختە لە سێ بەش و ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، لەگەڵ ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی سوودیان لێوەرگیراوە پێکهاتووە.

**بەشی یەك:** بە ناونیشانی "سەرەتایەک لە بارەی زمانی کوردی و شکۆمەندیەتیی زمانەکەوە"یە، تێیدا بە گشتی هەوڵدراوە هەریەکە لە بابەتەکانی: زمان و زمانی کوردی، زمانی کوردی ــ ناسنامەی بوون، پێگەی زمانی کوردی، لەگەڵ شکۆمەندی و زیندوویی زمانی کوردی بە ئاماژەدان و شرۆڤەکردنی گشت پێوەر و بنەماکانی بە زیندووهێشتنەوەی زمانەکەوە بخرێنەڕوو، کەواتە ئەم بەشە بۆ بایەخدان بە بنچینەکانی کێشەکە تەرخانکراوە، هەرچەند زانستی زمانەوانیی تازە لەسەر پڕەنسیپی ڕەتکردنەوەی بنچینەکان دامەزراوە، بە واتا ڕازینابێت، ئەو بابەتانە بخاتەڕوو کە لایەنی بنچینەیی زمان و پەسنکردنی بابەتەکە دەخەنەڕوو، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو کێشە و گرفتەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستپێکی زانیارییە گشتییەکانی زمانی کوردی زۆر گرنگە و فەرامۆشناکرێت.

**بەشی دوو**: بۆ توێژینەوە لە "چوارچێوەی تیۆری و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەت و پلانسازیی زمانی" تەرخانکراوە کە تێیدا لایەنە تیۆرییەکانی بابەتەکە بەئامانجگیراوە و بۆ ئەم مەبەستە بە جیا لە هەریەکە لە: "چەمک و مێژووی سیاسەتی زمانی" و "ناساندن و ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی"، لەگەڵ "چەمک و ناساندنی پلانسازیی زمانی" هەروەها " جۆرەکان، ئامانجەکان، قۆناغەکانی جێبەجێکردن و بنەماکانی سەرخستنی پلانسازیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا" توێژراوەتەوە، ئەمەش لەو پێناوەدا ئەنجامدراوە کە باشتر بتوانرێت بە قووڵایی ناونیشانی توێژینەوەکەدا ڕۆبچین و بتوانین دروستتر و زانستییانە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەوە بدەینەوە.

**بەشی سێ:** بۆ پەسنکردن و دیاریکردنی "هەندێ لە گرفتەکانی زمانی کوردی پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە" تایبەتکراوە کە لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە دەگرێتەوە و لە چوار پاری جیاجیادا چەند بابەتێکی پەیوەست بەم ناونیشانە خراونەتەڕوو، بە شێوەیەک:

لە پاری یەکەمدا باس لە "ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی" کراوە کە تێیدا تیشکخراوەتەسەر هەریەکە لە بابەتەکانی: "فرەئەلفوبێی کوردی، پەسەندکردنی ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی، گرفتی ئەلفوبێی کوردی و هەندێ لە گرفتەکانی ئەلفوبێی ئارامیی کوردی لەگەڵ گرفتی ڕێنووس لە زمانی کوردیدا".

پاری دووەم بۆ "زاراوەسازی و بەرهەمهێنانی زاراوە" تەرخانکراوە کە تێیدا بابەتەکانی: "بەرهەمهێنانی زاراوە، سەرچاوەکانی وەرگرتنی زاراوە، جۆرەکانی وەرگرتن، شێوازەکانی وەرگرتن و بەرهەمهێنانی زاراوە، لەگەڵ ڕۆڵی پلانسازیی زاراوە لە زاراوەسازیی کوردیدا" بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە خراونەتەڕوو.

له پاری سێیەمدا "فەرهەنگسازی و دانانی فەرهەنگ" بەئامانجگیراوە و تێیدا هەریەک لە ناونیشانەکانی: "فەرهەنگسازی ــ سەرەتایەکی گشتی، فەرهەنگ چەمک و ناساندن، فەرهەنگنووسیی کوردی، دۆخی فەرهەنگنووسیی کوردی و پلانسازیی بۆ فەرهەنگنووسیی کوردی" خراونەتە بەر تیشکی توێژینەوە.

پاری چوارهەم و کۆتاییش "زمانی ستاندارد و ستانداردی کوردی" لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک هەریەکە لە بابەتەکانی: "زمانی ستاندارد ــ چەمک و ناساندن، بنەما و تایبەتمەندییەکانی زمانی ستاندارد، بەستانداردکردن و هەنگاوەکانی لەگەڵ زمانی ستانداردی کوردی" شرۆڤەکراوە کە مەبەستیەتی بە بەڵگە و پاساوهێنانەوەی زانستی ئاماژە بە دۆخی زمانی ستاندارد لە هەرێمی کوردستاندا بکات.

## بەشی یەک:
## سەرەتایەک لە بارەی زمانی کوردی و شکۆمەندیەتیی زمانەکە

بابەت و توێژینەوەکانی ئەم بەشە زنجیرەیەکی نەپچڕاوە لە چەند بیر و لایەنێکی زانستیی دیاریکراو دەربارەی زمانی کوردی و بنەماکانی شکۆمەندی و زیندوویەتی ئەم زمانە، بە واتا هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شیکردنەوە و بەدواداچوونەکانییەوە ئەوە ئاشکرابکرێت کە بزانرێت لە قۆناغی ئەمڕۆماندا زمانی کوردی چ واقیع/ کەتوارێکی هەیە؟ یاخود لە کوێی پێوەرەکانی زمانی زیندووە؟ بەم پێیە لە چەند بابەتێک پێکهاتووە کە هەریەکەیان بۆ ئامانج و مەبەستێک تەرخانکراوە، بە توندی پێکەوە بەند و گرێدراون، بە جۆرێک سەرەتایەک بۆ چوونە نێو بابەتەکانی زمانی کوردی و گرفتەکانی بەردەمی لەگەڵ چۆنیەتیی پەسنکردنیان پێکدەهێنن کە لە بەش و پارەکانی دواتردا دەخرێنەڕوو، ئەمە جگە لە هەندێک لایەنی بنجی و بنەڕەتیی دیکە کە بۆ مەبەست و پەیامەکانی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوویان بەپێویستزانراوە.

### ١ . ١: زمان و زمانی کوردی

ئەگەر بمانەوێت لە ناوەڕۆکی (زمانی کوردی) بگەین، ئەوا پێویستە لە پێشدا لە واتای (زمان) بگەین، پاشان پێناسە و چیەتیی زمانی کوردی دابڕێژین، چونکە لە زمانی کوردیدا وشەی (زمان) دوو واتای هەیە: واتا گشتییەکەی زمان (زمان)ـەکان دەبەخشێت، بەڵام بە واتای زمانێکی تایبەت/ تایبەتییەوە نایەت، بەڵکو کاتێک واتای زمانێکی تایبەتی بەدەستەوەدەدات کە وشەی (زمان) لە نێو دروستەکەدا لە سەرەتادا بێت و یای خستنەپاڵ /ی/ بکەوێتە نێوان سەرەکە و تەواوکەرەکەیەوە، وەک ئەوەی لە دروستەکانی (زمانی کوردی) و (زمانی عەرەبی)دا بەدیدەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکانە کە دوو وشەیان بۆ (زمان) هەیە، بۆ نموونە: فەڕەنسی (Langage ــ زمان بەگشتی) و (Langaue ــ زمانێکی تایبەت)، هەروەها زمانی ئیتاڵیش (Linguagio) و (Linguga)ی هەیە، ئێمە لە زمانی کوردیدا لە (سەر)ی دروستەکە دەدوێین کە (زمانێک) تەواوکەرەکەیەتی [زمان ی] کوردی] ]، هەروەها دووەم واتای (زمان) واتایەکی تایبەتییە و ئۆرگانی ئاخاوتن و چێشتنی ناودەم دەبەخشێت، لە لایەکی دیکەشەوە وشەی (زمان) لە زمانی کوردیدا بە واتای توانای ئاخاوتنی مرۆڤیشەوە دێت و وەک هێزی مرۆڤیش دادەنرێت و بە زەقی بۆ جیاکردنەوەی بێزمان و خاوەنزمان (زماندار) بەکاردەهێنرێت (بڕوانە: مەحوی، ٢٠٠١: ٥ ــ ٦).

زمان لایەنێکی گرنگ و بنەڕەتیی ژیانی مرۆڤە، یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیان و بەکارهێنانی بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ هەژمارکراوە، لەبەر ئەوەی کاتێک مرۆڤ بۆ بەردەوامبوونی ژیان و مانەوەی خۆی بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هەنگاوی ناوە، ئەوا بە ناچاری نیازمەندیی جۆرێک لە پێڕەوی پەیوەندیگرتن (Communication) بۆ گەیاندنی پەیامیش بووە (عارف، ٢٠١٢: ٤)، بۆیە بە گشتی دەگوترێت: زمان، دیاردەیەکی پێڕەوبەندە، دەنگەکان هێمای زاراوەیین و پەیوەندییەکی سروشتی و ڕاستەوخۆیان بە واتاکانیانەوە نییە (خرما، ١٩٧٩: ٩٦)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە کە تاک لە کۆمەڵدا لە ڕێگەی بە هێماکردنی ئەو شتانەی دەوروبەرییەوە بەکاریدەهێنێت، یاخود بە گوتەیەکی دیکە پێڕەوێکە لە هێما، لەخۆوە و ناپێڕەوبەندانە لەسەری ڕێککەوتووین، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکەکەس وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی بەکاریدەهێنێت، بۆ پەیوەندیگرتن بە کەسانی دیکەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسینەوە (عەلی (أ)، ٢٠١٠: ٢٩).

کەواتە زمان ئەو ئامراز، یا کەرەستە و هۆکارەیە کە لە ڕێگەیەوە زانیاری و بیروڕاکان دەگوازرێتەوە، جا بە شێوەی هێما، یا وێنە یاخود دەنگ، یان پیت یا هەر شێوە و ڕێگایەکی دیکەی پەیوەندیگرتن بێت، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دەربڕینی ناسنامە، لەگەڵ ڕاگرتن و گەشەپێدانی کەلتووری هاوبەش، هەروها سازکردنی ئایدۆلۆژیا و... تاد. بەکاردەهێنرێت، ئەمەش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندیگرتن و لەیەکترگەیشتن نییە، بەڵکو بوون و ناسنامەی نەتەوەشە، بۆ ئەم پێناوەش لە هەندێك فۆڕم و یان یەکێکی دیکە زمان چالاکیی کۆزانیاری/ مەعریفی و بوون

و مانەوەی ئێمە داگیردەکات، ئاسان نییە بە بیری خۆمانیدا بهێنین، یا بیربکەیەوە لەوەی ژیان بەبێ زمان چۆن دەبێت؟ (Nick, ٢٠٠٣: ١).

لە دوای ئەم ڕوونکردنەوانەی پێشوو، لە دیدگای ئێمەوە جوانترین پێناسە و تێڕوانین بۆ زمان بیرەکانی (سۆسێر)ـە کە پێیوایە، زمان کەرەستە و یاسایە، یاخود پێڕەوێکی پڕاوپڕە، بە جۆرێک بریتییە لە "دەستەیەک پەیوەندیی ڕێکی لۆژیکی یاسادار لە نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانیدا، کەرەستەکانیش لە دەرەوەی پێڕەوەکە نرخیان نابێت" (ئەمین، ٢٠١١: ٤٩)، ئەمەش ئەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بڵێین: زمان پێڕەوێکی بەیاسا حوکمکراوە، لە چەند هێمایەک پێکدێت، ئەو هێمایانەش دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی یاسای زمانیی دیاریکراوەوە، بۆیە دەتوانرێت چەند تایبەتمەندیەکی زمان دیاریبکرێت، لەوانە: یەکەم، توانای گواستنەوە و بەستنەوەی ئێستا بە ڕابردوو و داهاتووەوە، دووەم، هەڕەمەکێتی زمانیی زمان لە نێوان ڕەمز و شتەکاندا، سێیەم، سیمانتیکیەتی واتای ڕەمزەکان، و چوارەم، بەبەرهەمی یا خوڵقاندنی پەسنی زمانی (Nick, ٢٠٠٣: ٢) بەو شێوەیەی قسەکەر ئامانج و مەبەستیەتی.

سەبارەت بە (زمانی کوردی)ش ئەگەر سەرنجبدەین، تێبینیدەکەین دەربڕاوێکی فرێزییە و لە دوو زاراوە پێکهاتووە (زمان) ئەوەیە کە باسکرا، یاخود دەکرێت بڵێین: بەشی یەکەمی ئەم دەربڕاوە فرێزییە کە (زمان)ــە لە لایەن شارەزایان و توێژەرانی زانستی زمانەوە توێژینەوەی زۆری دەربارە کراوە. (کوردی)یش ناوی زمانی میللەت کوردە و بۆ دروستەی فرێزەکە زیادکراوە، بەم شێوەیە: [زمان ی] کوردی] ]، بە سەریەکەوەش (زمانی کوردی) واتا زاراوەیی و زمانەوانییەکەی دەبێتە ئەو پێڕەوە دیاریکراوەی تاک لە کۆمەڵی کوردیدا بۆ هێنانەدی ئامانجە دیاریکراوەکانی لە نموونەی ڕاپەڕاندنی کاروبارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، لەگەڵ گەشەپێدانی کەلتووری هاوبەش و چەسپاندنی بەها دیاریکراوەکان پشتیپێدەبەستێت، یاخود بە شێوەیەکی دیکە دەکرێت، بگوترێت: مەبەست لە زمانی کوردی ئەو پێڕەوە دەنگی و واتاییە تایبەتەی کوردە کە وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئەم زەمینە ڕستە و دەربڕاوی واتاداری پێبەرهەمدەهێنێت کە بەهۆیانەوە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات، هەروەها بەها ژیارییە باڵاکانیش لە ڕێگەیەوە دەچەسپێنێت (مستەفا، ٢٠١٢: ٢٨).

**١ . ٢: زمانی کوردی ــ ناسنامەی بوون**

زمان، لەو دیاردانەیە لە ژیانی نەتەوەکاندا ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەگێڕێت، هەموو نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەویش لە هەموو شتەکان زۆرتر و باشتر بەهۆی زمانەکەیەوە دەناسرێت، چونکە نەتەوە لەسەر چەند کۆڵەگە و بنەمایەک دەوەستێت یا بونیاددەنرێت، لە گرنگترین کۆڵەگە و بنەماکانیش زمانە، بە تایبەت لە دیدگای ئایۆدیۆلۆژیا و فەلسەفەی ناسۆنالیزمەوە کە زمانی بە یەکێک لە کوچکەکانی سەرهەڵدانی نەتەوە و ژێرخانی پێکهاتەی کۆمەڵ داناوە (خۆشحاڵی، ٢٠٠٨: ٢٢)، بە گوتەیەکی دیکە لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی ناسیۆنالیزمەوە زمان لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەتە، چونکە هیچ میللەت و گەلێک لەم دونیایەدا بێزمان نەبووە، نییە و نابێت، ئەو نەتەوەیەشی خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆی نەبێت، بە نەتەوە هەژمارناکرێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ناتوانرێت گروپێکی مرۆیی وەکو نەتەوەیەک یا میللەتێک بناسێنرێت، بەبێ ئەوەی ئەوەی ئەو گروپە زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت کە بووبێت بە ناسنامە بۆیان (عەلی و عەبدوڵڵا، ٢٠١١: ٣٣)، کەواتە زمان دەبێتە ناسنامەی نەتەوە و بەشێک دەبێت لە ئاسایشی نەتەوەیی.

لە دەرئەنجامی ڕوونکردنەوەی پێشوو دەردەکەوێت کە پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە (Identity) پەیوەندییەکی توندوتۆڵی پێکەوەگرێدراوە، لە لایەکی دیکەشەوە چەمکی ناسنامە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هەریەک لە چەمکەکانی هۆشیاری، پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی، ئەندامبوونی نێو کۆمەڵ و گروپەکان، لەگەڵ نیشانەگەرایی و چەندان چەمکی دیکەی هاوشێوەدا هەیە (جوزیف، ٢٠٠٧: ٢٩)، بۆیە دەشێت، بگوترێت: "ئەگەر ناسنامە، یەک لە پرسە سەرەکییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت، زمان وەک لایەنێکی ئەم ناسنامەیە، پێگەیەکی ناوەندیی هەیە" (ئەحمەد

زادە، ٢٠١٢: ٢٤٤)، کەواتە ئەگەر تاوەکو ئەمڕۆ زمان، وەک لێهاتوویی و کەناڵ یا ئامێر و ئامرازی پەیوەندیگرتن، یا ئاڵوگۆڕی زانیاری و دەربڕین پەسنکرابێت، یا وەک ئەوەی لای (ئەرەستۆ) بریتی بووبێت لە پێڕەوێکی دەنگی دیاریکراو، ئامانج تێیدا گرێدانی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بووبێت (شرف، ١٩٨٣: ٣٩)، ئەوا لێکەوتەی پەیوەندیی زمان بە نەتەوەوە تێڕامان و تێفکرینی نوێی بۆ زمان بەرهەمهێناوە، ئەویش ئەوەیە، زمان دەبێت بە ناسنامەی بوون بۆ هەر تاکێک یا نەتەوەیەک، لەم پێناوەشدا تاک پێویستیی بەوە هەیە پردێکی پەیوەندیگرتن دروستبکات، تاوەکو ببێتە ئاسنکاری بۆ باشتر خۆناساندنی، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش زمان دەبێتە ئەو ئامرازە کە بەهۆیەوە پردێکی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و بۆ گەشەسەندن و ناسنامە پێویستە (قەرەداغی، ٢٠٠٠: ٢٩)، کەواتە زمان دەبێت بە هۆکار و ئامرازی دەربڕینی کامەرانی و بەختەوەری و هەروەها مافخوراوی و بێبەشیش، کاتێک گەلێک نەتوانێت لە ڕێگەی زمانی زگماکیی خۆیەوە کەلتوور و شوناس و زانستی خۆی بۆ نەوەی داهاتوو بگوازێتەوە، ئەوا توانەوە و داڕوخانی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت و بەرەو نغرۆبوونێکی ئەبەدی هەنگاودەنێت (برۆز، ٢٠١٦: ١٠).

هەر پەیوەست بە گرنگیی زمان و لایەنی ناسنامەوە مێژوونووسی فەڕەنسی (فێرمان برادێل) جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، "نەتەوەی فەڕەنسی یانی زمانی فەڕەنسی"، جا ئەگەر لە ئەوروپا ناسنامەی نەتەوەیی هاوتا و یەکسان بێت بە زمان، ئەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە دەوڵەتان بە تایبەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەسەر حاشالێکردنی نەتەوەکانی دیکەی وەکو کورد بونیادناوە، زمان دەبێت چەند گرنگ بێت؟ (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢: ٢٥١)، بۆیە زمان بەشێکە لە ژیانی هەموو نەتەوەیەک و لەگەڵیدا بەردەوام گەشەدەکات، هەروەها دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر لە ژیانی نەتەوەدا، تەنانەت بە نەمانی نەتەوە زمانیش نامێنێت، بە مانەوەی نەتەوەش زمانیش دەمێنێت، چونکە زمان و نەتەوە یاخود نەتەوە و زمان هاوتەمەن و هاوبەخت و هاوگیانن، هیچ کامیان لەوی دیکەیان بەدەر نابێت، هەر لەبەر ئەوەشە ڕواڵەتی زمان و نەتەوە بە یەکەوە جۆشدراون (محەمەد، ١٩٧٨: ٥٧).

بەم شێوەیە، زمان ڕوح و گیانی نەتەوەیە، تەنانەت زۆرجار پرسی زمان، ئەگەر لە پرسی خاک زیاتر و بەهادارتر نەبێت کەمتر نییە، بۆیە پاراستنی زمانی نەتەوەیی، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە، هەر لەبەر ئەو گرنگییەی زمانە، دەوڵەتان و نەتەوەکان گرنگیی زۆر بە زمان دەدەن و هەمیشە هەوڵدەدەن زمانەکانیان پێشبخەن و ئاریشە و گرفتەکانی چارەسەربکەن، چونکە وەک ئەوەی (ئێمیل سیۆران)ی فەیلەسوف، گوتویەتی: "مرۆڤ نیشتەجێی زمانە، نەک وڵات" (سابیر، ٢٠١٤: ٧)، هەروەها شوناسی هەر تاکێک بەهۆی زمانەکەیەوە دیاریدەکرێت، یاخود ئەو تاکە بەهۆی زمانەوە گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە زمان تەنیا لەو وشانە پێکنەهاتووە کە لە هەنبانەدا، یا فەرهەنگی ئاوەزیدا گەنجکراون، یاخود بە تەنیا ئەو ڕستانە ناگرێتەوە کە جیهانی هزر و هەستی ئاخێوەرانی دەردەبڕن، بەڵکو لەوە زیاتر بریتیشە لەو کەلتوور و فەرهەنگەی سروشت و کارکردنی ئەو زمانە شانبەشان و وێڕای وشە و ڕستە و چەمک و واتاکانی بەرهەمیدەهێنێت (یەعقوبی، ٢٠٠٨: ٣٥)، کەواتە ئەگەر بمانەوێت بچینە نێو فەرهەنگی نەتەوەییەوە، ئەوا زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی کەلتوور و بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە مرۆڤەکان بەهۆی زمانەوە پەیوەندی بە جیهانەوە دەکەن و کار و ئامانجەکانیان بونیاددەنێن (محەمەد، ٢٠٠٩: ١٤)، ئەمەش جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکە لە هۆکارەکانی تێکەڵبوونی نێوان مرۆڤەکان (غربال، ١٩٨٠: ١٥٧).

## ١ . ٣: پێگەی زمانی کوردی

لە بارەی ژمارەی زمانەکانی جیهانەوە ئەمڕۆکە هەندێک لە شارەزایان بە زیاتر لە سێ هەزار دایاندەنێن، هەندێکی دیکەش دەڵێن: نزیکەی شەش هەزار زمان و بگرە زیاتریش هەیە، بۆیە ڕایەکی جێگیر لە بارەی ژمارەی زمانەکانەوە لەبەردەستدا نییە، لە نێو ئەو زمانانەشدا زمان هەیە بە سەدان ملیۆن ئاخێوەر و بەکارهێنەری هەیە، زمانیش هەیە چەند کەسێک بەکاریدەهێنن، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە مەرج نییە، هەموو زمانەکان، زمانی ئاخاوتن و نووسین بن،

هەیانە زمانی نووسینیان نییە، بەڵکو تەنیا زمانی ئاخاوتنیان هەیە (عەزیز، ٢٠٠٥: ٢٠)، هەروەها زمان هەیە پتر لە زمانەکانی دیکە لە کاروباری بازرگانی، ئابووری، دبلۆماسی، ئەلیکترۆنی و نێودەوڵەتیدا بەکاردەهێنرێت، یان زۆرتر لە زمانێکی دیکە خزمەتکراوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پێگەی زمانی کوردی لە نێو زمانەکاندا بزانین، دەبێت بەر لە هەر شت بارودۆخی تایبەتی کورد و شەڕ و داگیرکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و دابەشبوونی کوردستان بۆ چەندان جار و بەسەر چەند پارچەیەکدا، لەگەڵ نەبوونی ئامارێکی دروست لەبارەی ژمارەی کورد و قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەمانە زۆرجار بوونەتە هۆی ئەوەی، سەرچاوە بیانییەکان ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕیزبەندیی زمانی کوردی لە نێو زمانەکانی جیهان نەکەن (هارمان، ٢٠٠٦: ١٥٠ + اوستلر، ٢٠١١: ٧١٤).

پشتبەست بەو ڕاستییانەی خراونەتەڕوو، هەر چۆنێک بێت لە ئێستادا یونسکۆ زمانی کوردی بە زمانێکی هیندۆـ ئێرانی داناوە کە یەکێکە لە لقە گەورە گرنگەکانی خێزانی هیندۆئەورووپایی و بە گەورەترین و پان و بەرینترین خێزانە زمان لە جیهاندا هەژماردەکرێت، بەڵام لێرەدا با ئەوەمان بیرنەچێتەوە، هیندۆـ ئێرانی یا زمانەکانی ئێرانی و زمانە ئیرانییەکان، بەکارهێنانی (ئێران) تێیاندا زۆرجار وا لێکدەدرێتەوە کە مەبەست زمانی وڵات و دەوڵەتی ئێرانی واتە (فارسی)یە، کەچی لە بنەڕەتدا زاراوەی (ئێران) بە شێوە کۆنەکەی بە مانای (ئاریانا) هاتووە کە لە سەرەتادا (فارس)ی نەگرتووەتەوە، بۆیە هەموو ئەوانە ناوێکن بۆ دەستەیەک لە زمانە هیندۆئەورووپاییەکان کە زمانەکانی: کوردی، ئەفغانی، تاجیکی... و لە زمانە کۆنەکانیش: ئاوێستا و سوغدی و خوارەزمی و... گەلێکی دیکە دەگرێتەوە (زەبێحی، ١٣٦٧: ١٢)، ئەمەش وەڵامێکی زانستییە بەرانبەر هەموو ئەو بۆچوونە نائەکادیمییانەی زمانی کوردییان بە لقێک لە زمانی فارسی داناوە. کەواتە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە پێویستە ئەوەش بگوترێت: ڕاستە، داگیرکەران بە درێژایی مێژوو سیاسەتی زمانکوژییان دژ بە کورد بەکارهێناوە، چونکە لەوە تێگەیشتوون زمانی کوردی کۆڵەگە سەرەکییەکەی نەتەوەی کوردە، هەروەها داگیرکردنی زمان داگیرکردنی بیر و کەلتوور و شارستانیەتە، بەڵام بە ئامانج نەگەیشتوون، بۆیە دەکرێت، بگوترێت: لە ئەنجامی بەدواداچوونەکانەوە دەرکەوتووە، داگیرکەرانی کوردستان بە ئامانجی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی، زمانیان بە ڕەگەزی سەرەکیی ئەم بابەتە زانیوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زانیویانە: (١) داگیرکردنی زمان زاڵبوونە بەسەر شوناس و ناسنامەی ڕەسەنایەتیدا. (٢) زمان هێمای شوناسێکی سەربەخۆیە، کاتێک شوناسێکی سەربەخۆ بوونی هەبێت، ئەوا لایەنی داگیرکراو کەمتر خۆی بە دەست ویستی دەستەڵاتی داگیرکەرەوە دەدات، (٣) بە پێچەوانەی خاڵی پێشوو، ئەگەر زمان بکەوێتە ژێر هەژموونی داگیرکەرەوە، سڕینەوەی شوناس بە خێرایی بەڕێوەدەچێت و لایەنی داگیرکەریش بەهۆی زمانی سەپێنراو جیا لەوەی دەستەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی سەقامگیردەکات، شوناسی خۆشی دەسەپێنێت. (والی و مستەفا، ٢٠١٩: ٥٢١).

بەم شێوەیە سەرباری کۆششی ڕژێم و داگیرکەران بە درێژایی مێژوو لە پێناو پەرتکردنی کورد لە ڕێگەی لەتکردنی زمانەکەی و پەکسختنییەوە، هەروەها سەرباری کارکردن لەسەر گوتاری شۆڤێنییانە لە لایەن تورک، عەرەب و فارسە ڕەگەزپەرستەکانەوە دژ بە زمانی کوردی، بەڵام تا ئێستا کورد پابەندبوونی خۆی بە زمانەکەیەوە پاراستووە و سەلماندووە، بۆیە دەکرێت، بگوترێت: ئەگەر دەستەڵاتی داگیرکەران لەسەر کورد و ناوچەکە، بووبێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی کوردی و زمانی کوردی لە چەندان ناوچەی کوردنشیندا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا زمانی کوردی شانبەشانی هۆکارەکانی دیکە (پێشمەرگە، شاخ و ... تاد.) بەشێک بووە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی مانەوە و نەتوانەوەی ئەو گەلە لەنێو نەتەوە سەردەستەکاندا، بگرە هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکیش بووە، بە واتا بۆ ئێمەی کورد زمانەکەمان بووە بە سەنگەری بەرگری و مانەوەمان (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو).

بۆیە هەر چۆنێک بێت زمانی کوردی لە ئێستادا ژمارەی قسەپێکەرانی زیاتر لە (٤٠) چل ملیۆن کەس دەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە لە نێوەندیی سیاسەتی جیهانی و ڕیزبەندیی زمانەکاندا پێگەیەکی دیارکراوی هەبێت، سەرباری بارودۆخە تایبەتییەکان لە ڕوانگەی مێژوو، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک ئاریشە و گرفتی زمانی تایبەت بە لایەنەکانی ستاندارد، ڕێنووس، ئەلفوبێ، زاراوە و... تاد. لەم ڕوانگەیەشەوە بۆ کورد گرنگە،

سیاسەتی زمانی هەبێت، ئەم سیاسەتەش لە پلانێکی تۆکمەدا بەرهەستەبکات، بە گوتەیەکی دیکە لەم بارەیەوە هەمووان، بە ڕۆشنبیر، سیاسی و پەروەردەکارانەوە، بەرپرسیاریەتیی گەورەمان لەسەر شانە، بەڵام بەرپرسیاریەتیی مێژوویی لەسەر شانی سیاسییەکان و دەستگا سەروەرییە باڵاکانی هەرێمی کوردستانە (وەک: سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران) لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕۆشنبیری، پەروەردە و خوێندنی باڵا کە پێویستە لە ئاست هەستیاری قۆناغەکەدا بن و ئەو حوکمی دیفاکتۆیە بۆ بڕیاری سیاسی تەرجەمەبکەن. چونکە مێژوو پێماندەڵێت: بڕیارە چارەنووسسازەکان پێویستییان بە سیاسەتمەداری دووربین، خاوەن هەستی دیرۆکی و نیشتمانییە (سابیر، ٢٠٠٩: ٦).

**١ . ٤: شکۆمەندی و زیندوویی زمانی کوردی**

شکۆمەندیی زمانی (Language Prestige) کە لای بەشێک لە توێژەر و نووسەران بە (کەسایەتیی زمانی)ش ناوبراوە، وەک زاراوەیەک لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics)دا تایبەت بە پەسنکردن و دیاریکردنی ئەو پێگە و گەورەییە بەکاردەهێنرێت کە بۆ زمانێک، یاخود زار، یا شێوەزارێک ماوەتەوە، بە گوتەیەکی دیکە ئەو ڕێز و نرخە دەگرێتەوە کە ئەو زمانە، یاخود زار و شێوزارە پەیکاڵ بە زمانەکانی دیکەی دونیا، یاخود زارەکانی دیکەی هەمان زمان هەیەتی، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە زمانە شکۆمەندەکان ئەوانەن، کۆمەڵ و بەکارهێنەران بە گشتی وەک باشترین و بەناوبانگترینەکان دەیانناسنەوە، بۆیە دەشێت، بگوترێت: شکۆمەندیەتیی زمانی لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییەی بەکارهێنەران بە زمانەکەوە دەیبەستنەوە، نەک تایبەتمەندیی پێڕەوی زمانی، بۆیەشە شکۆمەندیی زمانێک بەندە بە شکۆمەندیی ئاخێوەرانییەوە(Sairio, & Palander-Collin, ٢٠١٢: ٦٢٦) . ئەم جۆرە لە پێناسە و تێڕوانینەش، جیا لەو زمانانەی خۆیان لە کەتواردا شکۆمەندییان هەیە، ئەوا ڕێگە بە هێنانەناوەوەی مرۆڤەکانیش دەدات، پەیوەست بە کاریگەری و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پێدانی نرخ و بەها بە زمانێکی دیاریکراو، تاوەکو ببێتە زمانێکی ناسراو و خاوەنشکۆ.

لە لایەکی دیکەوە، هەندێکجار شکۆمەندیی زمانی زۆرجار پەیوەست بە پلاندانانی زمانی دەکرێتەوە، بە جۆرێک خەڵک و ئاخێوەرانی زمان هاندەدرێن، تاوەکو شانازی بە بەکارهێنان و گرنگیپێدانی زمانەکەیانەوە بکەن، بە واتا هەڵوەستە و دید و تێڕوانینیان بەرانبەر بە قسەکردن و بەکارهێنانی ئەم زمانە یا زمانەکەیان ئەرێنی بێت، ئەمەش بە یەکێک لە فۆڕمە باوەکانی پلانسازیی زمانی دادەنرێت کە کاریگەریی زۆری لە بەرەوپێشبردنی زمانێک یا زار و شێوەزارێکدا هەبووە. ئێمە لێرەدا پەیوەست بەم توێژینەوەیە لە دەستپێکدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی زمانی زیندوو، ئاماژە بە شکۆمەندیی زمانی کوردی دەکەین، بە جۆرێک بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرچاوەکان بۆ زمانی زیندوو دەستنیشانکردووە، هەوڵدەدەین شکۆی زمانی کوردی بدۆزینەوە، لەم پێناوەشدا گرنگترین ئەو تایبەتمەندی و ئەدگارانەش لە چەند سەرە ناوێکدا کورتدەکەینەوە:

**١ . ٤ . ١: بەکارهێنان و ددانپێدانان**

بەشێک لە توێژەر و نووسەران گوتوویانە: مەرجی یەکەم بۆ ئەوەی زمانێک بە (زمانی زیندوو) هەژماربکرێت، ئەوەیە، "بەر لە هەر شت پێویستە چەند کەسێک وەکو زمانی دایک/ زگماکی و زمانی یەکەمی وڵاتەکە قسەی پێبکەن و بەکاریبهێنن" (مستەفا، ٢٠١٢: ٢٨)، ئەمەش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە نابێت لە دەستەواژەی (مردنی زمان) سەرسام بین، چونکە ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی گشتیدا هاتووە مەبەست لە "زمانی مردوو ئەو زمانەیە کە چی دیکە خەڵک قسەی پێناکەن" (کالفی، ٢٠١١: ١٣٥)، بۆیە بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت، مەرجەکانی زمانی زیندوو دووانن:

یەکەم، چەند کەسێک قسەپێبکەن و بە زمانی دایکی یا یەکەمی خۆیانی بزانن. دووەم، پارچە خاکێکی ددانپێدراو هەبێت کە تێیدا زمانەکە کرابێتە زمانێکی فەرمی لەو شوێنەدا. کاتێک دێین لەم ڕووەوە تەماشای زمانی کوردی دەکەین، دەبینین ئەو دوو مەرجانەی تێدایە، چونکە: یەکەم، نزیکەی چل بۆ پەنجا ملیۆن کەس بە زمانی کوردی قسەدەکەن و

زمانی کوردی بە زمانی یەکەمی خۆیانن دەزانن، ئەمەش جێگەی گومان نییە، چونکە ئەو ملیۆنان خەڵکە خۆیان کوردن! دووەم، لە باشوری کوردستاندا، زمانی کوردی زمانی دەستەڵات و حوکمڕانییە، بە جۆرێک لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) و دامەزراندنی پەڕلەمان و حکومەت لە ساڵی (١٩٩٢)ـەوە زمانی فەرمی پەڕلەمان، حکومەت، دەزگای دادوەری و ڕاگەیاندنە، هەروەها بووە بە زمانی خوێندن و سەرجەم دامەزراوەکانی دیکە (بڕوانە: مستەفا، ٢٠١٢: ٢٨ ــ ٢٩)، ئەمە جیا لەوەی لە عێراقی نوێشدا زمانی کوردی بە فەرمی ناسێنراوە و بە زمانی دووەمی ئەو وڵاتە دەستنیشانکراوە.

**١ . ٤ . ٢: بەرگەگرتنی جینۆسایدی زمانی**

مەرج و پێوەرێکی دیکەی زمانی زیندوو ئەوەیە، ئەو زمانە بەرگەی شەپۆلە داپڵۆسێنەرەکانی گرتبێت و مابێتەوە (مستەفا، ٢٠١٢: ٢٩)، چونکە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە بە درێژایی مێژوو بەریەککەوتنی سەربازی، لەگەڵ غەریزەی خۆسەپاندن و داگیرکاری لە کایەدابووە، ئەم دیکتاتۆرییەش وای لە زۆربەی نەتەوەکان کردووە، نەتەوەیەک یا چەند نەتەوەیەک بخەنە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی خۆیانەوە، لە هەموو داگیرکاری و سەپاندنی دەستەڵاتێکیشدا گۆڕانکاریی زمانی ڕوودەدات کە تێیدا بە زۆریی زمانی نەتەوەی باڵادەست بەسەر زمانی نەتەوەی داگیرکراودا زاڵدەبێت و بەرەو پووکانەوەی دەبات، هەندێکجاریش لە هەردووک زمانەکە زمانێکی تێکەڵ دروستدەبێت، بە نموونە عەرەب بەهۆی جەنگ و داگیرکارییەوە توانیویەتی زمانەکەی لە زۆر شوێن بکاتە زمانی فەرمی و جێگە بە چەندان زمانی دیکە لەقبکات، بە جۆرێک زمانی عەرەبی توانیویەتی بەسەر ئارامی لە عێراق و شامدا زاڵبێت، هەروەها بەسەر زمانی قیبتی لە میسڕ و بەربەری لە مەغریب و فارسی لە هەندێک لەو شوێنانەی فارسی کۆنیان تێدا بەکارهاتووە (أنیس، ١٩٩٥ : ٢٢)، واتە ئاڕاستەی گۆڕانی زمان لە جەنگ و داگیرکاریدا بە شێوە دیارەکەی باڵادەستبوونی زمانی دەستەڵاتی داگیرکەرە بەسەر زمانی داگیرکراودا، هەروەها پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێتەوە کە هۆکاری جینۆسایدی زمان یا زمانەکان خودی مرۆڤە، بە گوتەیەکی دیکە کوشتنی زمان بە هەر هۆکارێک بێت، لە کردەی مرۆڤ بەدەر نییە، با هۆکار و بارودۆخەکانیش جیاوازبن (محەمەد، ٢٠١٧: ٤).

سەبارەت بە نەتەوەی کورد و دژایەتیکردنی زمانەکەشی، لە کۆنەوە ئەم کارە کراوە، بە جۆرێک زۆر لە مێژە زمانی کوردی دراوەتە بەر نەشتەری دوژمنان، بە واتا یەکێک لەو هەنگاوانەی دوژمنانی کوردی بە وردی کاریان لە بارەوە کردووە، بە کەمزانینی زمانی کوردی و دابڕینی منداڵانی کوردە لە زمانەکەیان، چونکە سڕینەوەی زمان، واتە لەنێوچوونی نەتەوە، وەک چۆن چەندان نەتەوەی ناعەرەب بەهۆی داگیرکاری و لەنێوچوونی زمانەکەیانەوە تواونەتەوە، بە جۆرێک خۆیان بوون بە عەرەب و زمانەکەشیان بە عەرەبی، بەڵام پتەوی زمانی کوردی لە لایەک و پابەندبوونی کورد بە زمانەکەیانەوە وەک ناسنامە و پێناس بۆ ئەم میللەتە لە لایەکی دیکەوە وایکردووە، زمانەکەیان پارێزراوبێت (سەرچاوەی پێشوو: ٦ ــ ٧)، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەم دژایەتییانە و دۆخە ئاڵۆزانەی زمانەکە پێیدا تێپەڕیوە، کاتێک سەرنج لە زمانی کوردی دەدرێت، نەک هەر بەرگەی جینۆسایدی زمانی گرتووە، بەڵکو لەژێر فشاری زمانی نەتەوە باڵادەستەکانی عەرەب، تورک و فارس و سیاسەتە چەوتەکانیاندا بەرەو پەتیبوون و دەوڵەمەندبوون هەنگاویناوە، بەڵگەی ئەم قسەیەشمان لە بەراوردکردنی زمانی خوێندن لە سەردەمە جیاوازەکاندا، ڕاگەیاندن و بەراوردکردنی ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

**١ . ٤ . ٣: بەرگەگرتنی شەپۆلی ڕۆشنبیری**

بەریەککەوتن و تێکەڵبوونی دوو زمان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، بە تایبەت کاتێک غەریزەی خۆدەرخستن و شانازیکردن وا لە مرۆڤ بکات، چەند وشەیەکی بێگانە بەبێ پێویستبوون وەربگرێت و لە جێگەی وشەی زمانەکەی خۆی بەکاریانبهێنێت بۆ ئەوەی پیشانیبدات یا بە کۆمەڵ بڵێت: ڕۆشنبیرە و ئاگای لە دونیا هەیە و زمانی دیکە دەزانێت (محەمەد، ٢٠٠٧ : ٣١)، بە تایبەتیش لای ئەوانەی زیاتر لە زمانێک دەزانن، بۆیە مەرجێکی دیکەی زمانی زیندوو ئەوەیە، خۆی لەبەر باڵکێشانی ڕۆشنبیریی لە دوورەوە هاتوو بگرێت، چونکە توێژینەوەی زانایانی زمان سەبارەت بەو زمانانەی

لە حەوزی ئەمازۆندا هەبوونە، دەریخستووە بەشێک لە زمانی کۆنی هیندییەکان لەم ناوچەیەدا، لە بەرانبەر هەژموونی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا و زمانی ئینگلیزی بە تەواوەتی لە بەکارهێنان کەوتوون و چوونەتە خانەی زمانی مردووەوە (مستەفا، ٢٠١٢: ٢٩).

کەواتە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ڕۆشنبیری و زماندا هەیە، بە جۆرێک هەر کات ڕۆشنبیریی نەتەوە، یا گروپێکی خاوەن زمان بەرز و پێشکەوتووبێت، کاردەکاتە سەر ڕۆشنبیریی نەتەوە و گروپەکانی دیکە، بەمەش ململانێی نێوان ئەو ڕۆشنبیرییە جیاوازانە دروستدەبێت و پەلدەهاوێژێت بۆ ململانێی زمانی (محەمەد، ٢٠٢٢: ٣٦)، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی کوردی، ئەگەرچی وەک زۆرێک لە زمانانی دونیا ڕووبەڕووی هەژموونی زمانە جیهانی و دراوسێیەکان بووەتەوە، بە هۆکاری جیاوازی وەک: داگیرکاری، دراوسێیەتی، ڕاگەیاندن، کۆچکردن و ئاوارەبوون، هەروەها خوێندنی بە زمانی دووەم و ... تاد.، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەک وەک هەر خۆی ماوەتەوە، بەڵکو بەرەوپێش هەنگاوی ناوە، توێژینەوە و ناوەندە ئەکادیمییەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی بەڵگەی زیندوون بۆ ئەو ڕاستییە.

**١ . ٤ . ٤: لابردن و کورتکردنەوە**

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی زیندوو ئەوەیە، توانای لابردنی لە دەربڕین و دەستەواژەکان تێیدایە، بە واتا دەتوانێت ئیکۆنۆمییانە کاربکات، ئیکۆنۆمیش لە زماندا بە بەکاربردنی کەمترین وزە دیاریدەکرێت، کەمترین وزەش دەشێت بەوە پەسنبکرێت کە "دەتوانێ لە ناو تاکە نواندنێکدا، لە خاڵێکی داڕشتنی ڕۆنانێکی تایبەتدا، ئەو ئامانجەی نزیکترە وەکو پاساودەری ئامانجەکە Probe ڕێ لەو ئامانجەی بگرێ کە دوورترە "(ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ١٦١) لەسەر بنەمای کورتترین هەنگاو و یەکەی دەربڕاو، چونکە مرۆڤ هەرگیز لە خۆیەوە وزە بەفیڕۆنادات، یا ئەو شتانە دەرنابڕێت کە پێویست نین، بۆیە ئەم لابردن و دەربڕینە لەو دیاردە زمانییانەیە کە تەواوی زمانە زیندووەکان تێیدا بەشدارن، دیارە ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات و گەورەبوونی قسەکەران ڕوودەدات، بە تایبەت کاتێک قسەکەر دەزانێت گوێگر چی دەزانێت نایڵێت یا دەرینابڕێت، بۆیە لە مێژە قسەکەری کورد لە جیاتی ئەوەی بڵێت: "ئەو کچەی لە جوانیدا وەک مانگە هات." ئەمەی کورتکردۆتەوە و گوتویەتی "مانگ هات.".

**١ . ٤ . ٥: درێژکردنەوە و فرەوانکردن**

مەرج و پێوەرێکی دیکە بۆ زمانی زیندوو ئەوەیە کە ڕێگە بە درێژکردنەوە و فرەوانکردن بدات، بە واتا ڕێگەی ئەوە ئاسانبکات، نێرەر (قسەکەر بێت یا نووسەر) بتوانێت مانای کەم بە وشە و دەربڕین و ڕستەی زۆر، ئەوەندەی خەیاڵ پەی پێدەبات فرەوانبکات، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی کوردی ئەو بنەمایەی تێدایە، ئەگەر قسەکەر یا نووسەر توانای خەیاڵی فرەوان بێت، ئەوا فەرهەنگی وشە و دەربڕینەکان و شێوازەکانی ئاخاوتن و نووسین لەم زمانەدا بە ئەندازەیەک دەوڵەمەندبوونە، ئەوەی نێرەر مەبەست و ئامانجیەتی زۆر بە درێژی بینووسێت، بەڵگەی ئەم ڕاستییەش ئەوەیە، ئەگەر تەماشای کتێبخانەی کوردی بکەین، چ لە بواری شیعر و چ لە بواری ڕۆمان و چ لە بواری توێژینەوە و لە گەلێک بواری دیکەدا، کتێب هەیە بە چەند بەرگێکی گەورە نووسراوە، ئەمە چۆن کرا؟ دیارە گومانی تێدا نییە، ئەمە بەوە کراوە و ئەنجامدراوە کە خاوەنەکانیان ڕاستە خاوەن خەیاڵی فرەوانبوونە، بەڵام زمانی کوردی و فەرهەنگەکەی هەلی بۆ ڕەخساندوون، تاوەکو بێن بە وشە و دەربڕینەکان گوزارشت لە ئەندێشە و خەیاڵ و ڕۆشنبیرییەکەیان بکەن (مستەفا، ٢٠١٢: ٣١ ــ ٣٢). ئەم درێژکردنەوەیە لە زمانی ئەدەبیدا، بە جۆرە هونەرێکی ئەدەبی لە داهێنانی شیعریدا هەژماردەکرێت، تەنانەت لە هەندێک باردا هۆکارێکە بۆ تەواوکردن و ڕێکخستنی دەقەکە.

لە لایەک دیکەوە هەر پەیوەست بەم درێژکردنەوەیە دەشێت، بگوترێت: ئەگەر ئەم کردەیە لە زمانی کوردیدا نەبووایە، فێرکردن و ئاشنابوون بە دیوە شاراوەکانی زۆر بابەت و زانست ئەنجامنەدەدرا، بە واتا پەیوەندیی لە نێوان فێرکار و فێرخوازدا نەدەبوو کە لە دەرەنجامدا دەبووە هۆی ئەوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە شوێن خۆی وەستابا و ژیانی مرۆڤایەتی و شارستانیمان لە نەژادی زگماکی خۆی مابایەوە، چونکە گومانی تێدا نییە، ئاشنابوون و وەرگرتنی

زۆرینەی زانست و زانینەکان لە ڕێگەی شرۆڤە و ڕوونکردنەوەکانەوەی زانا و بیرمەندانەوە، یاخود پسپۆڕانەوە دەبێت، ئەم کارەش پێویستی بە زمانە!

**١ . ٤ . ٦: هاوتابوون لەگەڵ سەردەم و پێویستییەکاندا**

زمان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵدا هەیە، بە جۆرێک لەگەڵ بەرەوپێشچوون و کرانەوەی کۆمەڵدا کەرەستەی ژیان زیاددەکات، یا گۆڕانیان بەسەردادێت، بۆیە زۆرجار دەگوترێت: "زمان بریتییە لەو هۆکارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بونیاتناوە و چالاکی بەخشیوەتە کارەکانی" (عەبدولڕەحیم، ٢٠٠٨ : ١٧) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێژەی کەرەستە و وشەکانی زمان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی ناتوانین بە زمانی سەدەکانی ڕابردوو لە بارەی گیروگرفت و ڕووداو و گۆڕانەکانی ئەمڕۆ بدوێین و پەیوەندیبگرین، بە پێچەوانەشەوە بە زمانی نەوەکانی ئەمڕۆ باس لە ڕابردوو و چۆنیەتیی ژیان لەم سەردەمانەدا بکەین، چونکە هەموو سەردەمێک زمانی خۆی هەیە، کەواتە زمانی زیندوو ئەو زمانەیە؛ فەرهەنگەکەی توانستی جێبەجێکردنی پێویستییەکانی سەردەمی قسەپێکەرانی هەبێت لە وەرگرتنی زانست و زانیندا، هەروەها توانستی پێشکەوتن و گەشەکردنی تێدابێت، لەگەڵ کات و سەردەمە جیاجیایەکان و گۆڕانکارییەکان و کەرەستە و داهێنانەکاندا بگونجێت و بەکاربهێنرێت و دەربڕینی پێ ئەنجام بدرێت (حسەین، ٢٠٠٨ : ٣٤).

زمانی کوردیش ئەمڕۆکە لەو زمانانەیە کە فەرهەنگی وشە و دەربڕین و شێوازەکانی ئاخاوتن و نووسینی دەوڵەمەندبووە، ئیدی لەوە دەرچووە، دەستەوستان بێت، لە بەرانبەر ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە بیر و خەون و خەیاڵی قسەکەران، یان نووسەرانی بکات، خۆ ئەگەر ئەوانە داهێنەر و شارەزاش بن، نەک هەر دەربڕینی گونجاو دەدۆزنەوە، بەڵکو هەمیشە دەربڕین و شێوازی جۆراوجۆریش بۆ بیر و خەیاڵەکانی دەدۆزنەوە (مستەفا، ٢٠١٢: ٣٠)، بەڵگەش بۆ ئەمە دەیان نووسەری کورد و بەرهەمەکانیانە، بە نموونە: سەرنجبدە بەرهەمەکانی (مەسعود محەمەد)، تاوەکو تەکنیک و شێوازی داڕشتن بە زمانی کوردی ببینیت، هەروەها بەرهەمەکانی (عەزیز گەردی) بخوێنەرەوە تاوەکو توانای زمانی کوردی لە وەرگێڕاندا بدۆزیتەوە و تێبگەیت کە چۆن زمانی کوردی دەرەقەتی زمانەکانی دیکە هاتووە، یاخود بەرهەمەکانی (عیرفان مستەفا و محەمەد کەمال) بۆ تاقیکردنەوەی خەرمانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە کوردی بخوێنەرەوە.

**١ . ٤ . ٧: پراوپڕێتیی زمانی**

زمانی زیندوو دەبێت، بتوانێت بەبێ سوودوەرگرتن لە هێمای نـازمانی (Non-verbal Signs) پەیامەکان بگەیەنێت، بە واتا بە تەنیا پشتبەستن بە ئاواز و گۆکراوەکانی خۆی زانیاریی گرنگ بۆ پەیامەکانی دروستبکات، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی کوردی ئەوەندە وشە و دەربڕینی هەیە کە بە تەنیا گوازرشت لە تەواوی واتا و مەبەستەکان دەکەن، بە جۆرێک شتێک نادۆزینەوە زمانەکە بە وشە نەتوانێت دەریببڕێت و پێویستی بە هێما و گوزارشتی نازمانی بێت (مستەفا، ٢٠١٢: ٣٣)، جا ئەم وشە و دەربڕاوە کوردی و پەتی بێت، یا وەرگیراو و قەرزکراو لە زمانانی دیکە، چونکە لە ئەمڕۆدا هیچ گەل و نەتەوەیەک نییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافیایی و شارستانییەکانیان و...تاد. پچڕابێت، تاوەکو زمانێکی دابڕاو و دوور لە کاریگەریی زمانە جیهانی و دراوسێیەکانیان هەبێت.

بەم شێوەیە لە زمانە زیندووەکاندا توانای زمانیی مرۆڤ بۆ گەیاندنی ژمارەیەکی بێسنووری پەیامەکان، لە پێناو بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی دەربڕین و چەمکە نوێیەکان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کۆدی زارەکی بونیادنراون (Jakobson, ١٩٧٢: ٧٣)، هەرچی جووڵە خۆویست و خۆنەویستەکانیشە، لەگەڵ ئاماژە دەنگییە نازارەکییەکان، دەبنە هاریکار و یارمەتیدەری پەیامە وشەییەکان، بە واتا شانبەشانی پەیامە ئاخاوتەییەکان بەکاردەهێنرێن.

**١ . ٤ . ٨: هەڵەنەکردن**

زمانی زیندوو هەڵە قبوڵناکات، ئاخێوەرانیشی لە هەموو کەس باشتر زمانەکەی خۆیان دەزانن، زمانی کوردیش هەروایە، هەریەکێک شتێک بڵێت زمانەکەی ڕێگەی پێنەدابێت، یا پێڕەوی لە یاسا و ڕێساکان نەکردبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ

هەستپێدەکرێت، بۆیە وەرگرەکە خوێندەوار یا نەخوێندەواربێت، ڕاستەوخۆ دەڵێت: ئەو قسەیەی تۆ دەیکەیت هی کوردان نییە! یا کورد بەم شێوەیە قسەناکات، بۆیە تۆ کوردی نازانیت (مستەفا، ٢٠١٢: ٣٤).

لێرەدا پرسیارێک دێتەئاراوە، ئەم هەڵەنەکردن و ناسینەوەی هەڵەکان لەبەرچی وەهایە، یا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە، بە توانستەوە پەیوەندیدارە، چونکە توانست "ڕێگایەکە بۆ بەکارهێنانی یاسای زمان بۆ گەیاندن، یان یاسای زمانی نموونەییە کە ئاخێوەر دەتوانێت ڕستەی بێکۆتا لە زمانەکەیدا بەرهەمبهێنێت و لێیتێبگات" (Chomsky, ١٩٦٥: ٢١١-٢١٢)، بە واتایەکی دیکە توانای ئاخێوەرە بۆ دەربڕینی ئەو دروستانەی پێشتر نەیبیستووە و نەیدرکاندووە، ئەم دروستە و دەربڕاوانەش لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا بەرهەمدەهێنێت کە لە مێشکیدا چەسپاون و بوون بە بناخەیەک بۆ ئەوەی "ژمارەیەکی بێکۆتا دروستەیان لێوە بەرهەمبهێنێت.(Lyons, ١٩٨١: ٢٣٣) "

**١ . ٤ . ٩: فرە شێوازی**

شێواز، لە ناساندنێکی گشتیدا دەشێت مەبەست لە توانای هەڵبژاردن و چۆنیەتیی بەکارهێنانی یەکە و توخمە زمانییە دیاریکراوەکان بێت بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو، ئەم هەڵبژاردنەش لە نێوان ئەو کەرەستە و یەکە زمانییانەدا دەبێت کە جێگرەوە (بدیل)ی یەکترن (چالی، ٢٠٠٨: ٢٤)، لە تایبەتمەندییەکانی زمانی زیندووش ئەوەیە، دەبێت لە شێوازەکانی دەربڕیندا دەوڵەمەند و فرەجۆر بێت، بە واتای ئەوەی ئاخێوەری زمانەکە بتوانێت تاکە واتا و مەبەستێک بە چەندان شێواز پێشکەش بکات، لەم ڕوانگەیەوە قسەکەری کوردیش چەندان بژارە (خیار ــ Choice)ی جیاوازی لەبەردەمدا هەیە، کاتێک دەیەوێت دەربارەی بابەت، ڕووداو، دیاردە، کەس، شتێک و ... تاد. بدوێت یا بنووسێت، ئەوەتا کاتێک دەڵێین: (ئەو کچە جوانە!) قسەکەر دەتوانێت بە چەندان شێوازی جیاواز ئەم ڕستەیە پێشکەشبکات:

- کچەکە جوانە. شێوازی دروست و ئاسایی
- کچەکە گوڵە. شێوازی لادراو و خواستراو
- ئەو کچە لە جوانیدا وەک گوڵ وایە. شێوازی لێکچواندنی ئاسایی
- تەماشی ئەم گوڵە بکە و تەماشی ئەو کچە بکە. شێوازی لێکچواندانی شاراوە
- لە جوانیدا ئەم کچە یەکەمە! شێوازی زێدەڕۆیی

(بڕوانە: مستەفا، ٢٠١٢: ٣٤)

## بەشی دوو:
## چوارچێوەی تیۆری و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەت و پلانسازیی زمانی

سیاسەتی زمانی Language Policy و پلانسازیی زمانی Language Planning دوو دووانەن و پێکەوە گرێدراون، هیچ کامێکیان بێ ئەوی دیکەیان بەڕێوەناچێت و بەردەوامنابێت، چونکە هەموو سیاسەتێکی زمانی پێویستیی بە پلانێکی ڕێکخراو و ئاڕاستەکراو و کۆنترۆڵکراو هەیە، تا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بۆیە بەر لەوەی و گرفتەکانی زمانی کوردی شیبکەینەوە، سەرەتا بە پێویست دەزانرێت کە لە سیاسەت و پلانسازیی زمانی لەگەڵ گرنگترین بنەما و ستراتیژیەتەکانیان ــ وەک تێڕوانینێکی بەراییانە ــ وردبینەوە، ئەم توێژینەوە و ڕوونکردنەوە تیۆرییانەش لەو پێناوەدایە کە خوێنەر ئاسانتر لە ناتەواوییەکانی زمانەکەی و چارەسەرییەکانیان تێبگات. کەواتە ئەم شیکردنەوانەی لێرەدا پێشکەشدەکرێن سەرەتایەک بۆ چوونە نێو بابەتی سیاسەت و پلانسازیی زمانی پێکدەهێنێت، هەروەها دەبێتە مەرجێکی پێشوەختە بۆ توێژینەوە و بەدواداچوون بۆ گرفتەکانی زمانی کوردی.

### ٢ . ١: چەمک و مێژووی سیاسەتی زمانی

سیاسەتی زمانی هەوڵێکە لە پێناو پاراستنی زمان و گەشەپێدانی دەدرێت، بە جۆرێک تاکەکانی کۆمەڵ بۆ دروست بەکارهێنانی زمان یان خزمەتکردن و شانازیکردن بە زمانەوە ئاڕاستەدەکات، بە لقێک لە زانستی سیاسەتی گشتی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی سیاسەتی گشتی کۆمەڵێک لقی لێدەبێتەوە، لەوانە: سیاسەتی ئابووری، ڕۆشنبیری، زمانی، ڕاگەیاندن و ... تاد. (الصیفی،٢٠١٥: ٢٥)، بەم هۆیەشەوە هەروەک چۆن هەر گەل و نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم زەمینە سیاسەتی ئابووری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و...تاد. خۆی هەیە، ئەوا سیاسەتی زمانیشی پێویستە، چونکە وەک ئاماژەی بۆ کرا ئەمانە لە بناخەدا بەشێکن لەو سیاسەتە گشتییانەی دەوڵەتێک یان نەتەوەیەک بۆ مانەوە و سەرکەوتنی خۆی پشتیان پێدەبەستێت.

بە گشتی سیاسەتی زمانی دیاردەیەکی کۆنە، هەرچەند لە کۆندا بەو فۆڕمەی ئێستا نەبووە، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە وەک کردەیەکی سیاسی بەرانبەر بە زمان بوونی هەبووە، نموونەی ئەم ڕاستییەش زمانی گریکی و لاتینییە کە پتر لە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا سیاسەتی زمانیان پەیڕەوکردووە و بەپێی پلانێک زمانەکەیان کردووە بە زمانی باڵا (Lingua Franker)، سەرووی ١٤٠٠ ساڵە سیاسەتی زمانی لە سایەی ئاییندا، زمانی عەرەبی کردووە بە زمانی فەرمیی عەرەب و دەیان میللەتی ناعەرەب لە ناوچەکەدا، هەروەها فارسەکان بەهۆی شیعرەکانی (حافز) و نووسینەکانی (سەعدی شیرازی)یەوە نزیکەی ١٠٠٠ ساڵە توانیویانە نووسینی زمانی فارسی یەکبخەن و کردوویانەتە ستاندارد، هەروەها چەندان نموونەی دیکە لە نموونەی زمانی ستانداردی ئینگلیزی کە سەرچاوەکەی بۆ (شکسپیر) دەگەڕێنرێتەوە، یاخود چۆن (دانتی) گەڕانەوە بۆ زمانی ئیتاڵی بەپێویست دەزانێت (عەزیز، ٢٠٠٥: ٣٨٥).

بەم شێوەیە دیاردەکە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، بەڵام لە ئەمڕۆدا سیاسەتی زمانی بە چەمکە نوێیەکەیەوە جیاوازە و بە گشتی لە بواری پلانی زماندا (Language Planning) کار لەسەر زمان دەکات، نەک سیاسەتدا (ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥) کە بە چەمکە گشتییەکەی مەبەست لە سەرتاپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بە تایبەتی لە نێوان زمان و ژیان لە کۆمەڵدا، مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش بۆ یەکەم جار لە لایەن زمانەوانی ئەمریکایی (ئینار هاوگێن) بووە، ئەویش لە ساڵی (١٩٥٩)دا لە چوارچێوەی وتارێکدا بە ناونیشانی (پلانی زمانیی پێوانەیی لە نەرویجی نوێدا) کە تایبەت بوو بە زمانی نەرویجی (کالفی، ٢٠١١: ١٥١).

### ٢ . ٢: ناساندنی سیاسەتی زمانی

بە شێوەیەکی باو سیاسەتی زمانی بەوە پەسندەکرێت کە مەبەست لە ئەو سیاسەتەیە، یاخود ئەو هەنگاوانەیە کە دەوڵەتێک بۆ مەبەستی پاڵپشتیکردن و هاندانی زمانێک، یان چەند زمانێک بۆ ئەوەی ببنە زمانی فەرمی و کارگێڕی، یا

ڕێگەگرتن و تەگەرەخستنە بەردەم زمانێک، یان چەند زمانێک بۆ ئەوەی سنووردداربکرێن، یان بەکارنەهێنرێن، پێڕەوی دەکات (کولماس، ٢٠٠٩ : ٩٦٧) تێیدا بایەخ بە ڕێکخستنی زمان لە چوارچێوەی یاسا و دەستووری وڵات و هەرێمەکان دەدرێت، بە شێوەیەک پلان بۆ زمانێکی دیاریکراو لە کۆمەڵی فرەزمانی دادەڕێژێت کە ئەو زمانە هەڵبژێردراوە بە هێزی یاسا بە زمانی فەرمیی وڵات دەستنیشاندەکات (عزوز و خاین، ٢٠١٤: ٦٣) نزیک لەم پێناسە و ناساندنە (داوەری ئەردەکانی) لە بارەی پەسنکردنی سیاسەتی زمانییەوە گوتویەتی: "سیاسەتی زمانی هزری گۆڕینی دەستانقەستی زمانە کە لە لایەن دەزگا فەرمییەکانەوە بەڕێوەدەچێت" یاخود (مەک کێی) پێیوایە "سیاسەتی زمانی گونجاندنی کۆمەڵە لەگەڵ جۆراوجۆریی زمانیدا" (قازی، ٢٠٢٠: ١٥ ــ ١٦).

ئەمەی خرایەڕوو، ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە شتێکی ئاسایی و سروشتییە، هەر زمانێک چەند زار و شێوەزارێکی هەبێت، یان کاریگەریی زمانێک یا چەند زمانێکی لەسەر بێت، ئەمەش بە لایەنی کەموکورتیی زمانەکە هەژمارناکرێت، هەروەها لە هیچ شوێنێکی دونیاشدا نەبووە حکومەت و دامەزراوەکان بە یەک چاو سەیری هەموو زار و شێوەزارەکان بکەن و بایەخیان پێبدەن، یان ڕێگە بە تێکەڵاوبوون و کاریگەریی هەموو زمانەکان بدەن، هەمیشە شێوەیەک لە شێوەکانی دیکە زیاتر جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان دەبێت کە حکومەت دەیخاتە بەرنامەی کارەکانییەوە، ئەمەش سەرەنجام دەبێتە سیاسەتی زمانی لە وڵاتەکەدا.

هەروەها لە لایەکی دیکەوە یەکێک لەو بوارانەی لە سیاسەتی زمانیدا گرنگە ئەو بیرۆکانەن کە کاریگەرییان لەسەر جەستەی زمان هەیە، بە واتا لەسەر دەنگ، وشە، ڕێنووس و ڕێزمان، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەو هەوڵانەی لە بارەی کۆنترۆڵکردنی جۆری دەربڕین، ڕێنووس و ڕێزمانیشەوە دەدرێن دەبنە بەشێک لە سیاسەتی زمانی، لەم بارەشەوە (سپاڵسکی) چوار تایبەتمەندیی سەرەکی بۆ بواری تیۆریی سیاسەتی زمانی دەستنیشانکردووە: (أ) ئەرکی زمان. (ب) بیروباوەڕی زمان. (پ) سیاسەتی زمان. (ت) پلاندارێژیی زمانی کە لە پلاندارێژییەکی وردەوە سەرچاوە دەگرێت، هەوڵدەدات دابونەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵێک بگۆڕێت (قازی، ٢٠٢٠: ١٧)، کەواتە سیاسەتی زمانی وەک وەڵامدەرەوەیەک بۆ کێشەی وڵاتان هاتووەتەئارا کە دێتە بەردەم گەشەی زمان، ئەمەش بە تایبەتی لەو کاتانەی سەربەخۆییان بۆ دەگەڕێتەوە و لە چنگی داگیرکار ڕزگاریان دەبێت، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، لێرەدا مەبەست لەوە نییە سیاسەتی زمانی تەنیا وابەستەی گەشەی زمانی بێت لە دوای سەربەخۆییەوە، بەڵکو پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیشەوە، وەک، کێشەی ناسنامە و کەلتوور و ئابووری و گەشە، ئەمەش کێشەیەکە لە زۆربەی وڵاتاندا خۆی دەبینێتەوە (کالفی، ٢٠٠٩: ١٤).

بەم شێوەیە لە دەرئەنجامی ڕوونکردنەوەکانەوە گەیشتینە ئەوەی، بڵێین: سیاسەتی زمانی بیرۆکەی چۆنیەتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا کە لە لایەن بکەرەوە سەبارەت بە زمانێکی دیاریکراو لە ئارادایە. بکەریش هەموو ئەو تاک و گروپ و دەستەڵاتانە دەگرێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، بەڵام حکومەت کاریگەرترین لایەنی سیاسەتی زمانە (کالفی، ٢٠٠٩: ١٤)، کەواتە سیاسەتی زمانی بە زۆری کاری دەوڵەتە، چونکە دەوڵەت توانستی زۆری هەیە، هەروەها دەتوانێت پلانی بۆ دابنێت و ئامانجەکانی بهێنێتەدی. پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین، کەمینەکانیش لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بە تایبەتی دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ددان بە مافەکانیان دانراوە، دەتوانن بۆ پێشخستن و خزمەتکردنی زمانەکانیان، سیاسەتی زمانیان هەبێت، وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەبینرێت، هەروەها لە لایەکی دیکەوە پێویستە حکومەت، بە تایبەتی حکومەتی ئەو گەلانەی بەشبەشکراو و داگیرکراون، نموونەی حکومەتی خۆمان، فەلسەفەیەکی سیاسییان بۆ زمان هەبێت، بە جۆرێک هەریەکە لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک زانکۆکان و ئەکادیمیای کوردی و... تاد. ڕابسپێرێن گرنگی بە زمان و فەرهەنگ و ڕێنووس و ئەلفوبێ... بدەن، چونکە ئەم کارە "پرسی نەتەوە لە کەلتووری میلیشیایی دەگوازێتەوە بۆ ئەتەکیەتی سیستەم" (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٥)، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پلانێکی تۆکمە و درێژخایەنی هەبێت کە سیاسەتە زمانییەکەی تێدان پراکتیزە و بەرهەستەبکرێت، ئەو پلانەش بە پلانسازیی زمانی ناودەبرێت.

### ٢ . ٣: ئامانجی سیاسەتی زمانی

سیاسەتی زمان، وەک ئەوەی خرایەڕوو، بابەت و پڕۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە بەر لە دیاریکردنی ئامانجەکانی، بە پێویستزانرا، ئاماژە بە پێواژۆیەکانی بدرێت، ئەوانیش خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە: (١) توێژینەوە لە بارودۆخی زمانی لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا. (٢) دانانی بۆچوون و بنەماکانی ڕێکخستنی زمانی لەسەر بنەمای داتای توێژینەوە و بەدواداچوونی ورد. (٣) بڕیاردان لە لایەن دامەزراوە یاسایی و جێبەجێکارەکانەوە لە وڵاتدا، یاخود ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە. (٤) جێبەجێکردنی نەخشەی ڕێکخستنی زمانی بە پشتبەستن بە فەرمیکردنی هۆکارەکانی بەردەست و پێشوەخت. (٥) هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ دەستکەوتەکان. (برۆز، ٢٠١٦: ١٨).

شایانی باسە بۆ بەدیهێنانی ئەم پێواژۆیانەش سیاسەتی زمانی چەندان بنەما و لایەن ڕەچاودەکات کە لە سێ خاڵدا چڕدەکرێنەوە: (١) خزمەتکردنی زمانی سەردەست، بە پشتیوانیکردن و بوژاندنەوەی زمانەکە. (٢) لاوازکردن و تەگەرەخستنە بەردەم گەشەکردنی زمان و زارەکانی دیکە (٣) هەروەها دیاریکردنی مافی تاکە کەس یا گروپەکان لە بەکارهێنان و پارێزگاریکردن لە زمانەکانیان (جامباز، ٢٠١٤: ٧)، بە واتا ئامانجی دیاریکردنی پێگەی زمانی یەکەم و زمانەکانی دیکەیە کە لە وڵاتدا خاوەنی کەلتوور و مافی تایبەتن، هەروەها پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێتەوە کە سنووری سیاسەتی زمانی بەرفرەوانە، تەنیا لە دیاریکردنی زمانی کارگێڕی و ستاندار و کاریگەریی زماندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە لایەنەکانی دیکەی زمان دەبێتەوە، لەبەر ئەوە جیا لەوەی بەهۆیەوە کار لەسەر هەڵاوێرکردنی زارێک یا زمانێک وەکو زمانێکی ستاندارد دەکرێت، هەروەها کاریش لەسەر جێبەجێکردن و بەجێهێنانەکانی ئەو زمانەش دەکرێت (مەحوی و جەلال، ٢٠١٤: ١٤٦)، بۆیە ئامانجی سیاسەتی زمانی ڕێکخستنی زمان و گەشەپێدانیەتی، هەروەها وێناکردنیەتی، بۆیە دەکرێت بگوترێت: سیاسەتی زمانی لە چوارچێوەی هەر زمان و وڵاتێکدا چەندان ئامانجی لە پشتەوەیە کە دەچنە خانەی ستراتیژیەتی نەتەوەییەوە، لەوانە: (١) بایەخدان و بەخشینی پێشینەی یەکەمی (ئەولەویەت) بەو زمانەی سیاسەتی بۆ داڕێژراوە. (٢) یەکخستنی وشە و زاراوەکانی زمانەکە، لەگەڵ بایەخدان بە لەنێونەچوونی وشەکان و پاراستنی زمانەکە. (٣) ڕاهێنانی بەکارهێنەرانی زمانەکە بە تایبەت لە توێژی منداڵ و هەرزەکاران، هەروەها هاندانیان بۆ مەیلگیری بە زمانەکەیان و شانازیکردن پێیەوە. (٤) جگە لەمانە سیاسەتی زمانی پێویستدەکات، ئامانجی دیاریکردنی پێگەی زمانە بیانییەکان بێت، بە تایبەتی لە پێڕەوی خوێندن و ڕاگەیاندن و فێرکردن و سەرجەم کایەکانی دیکەدا. (محەمەد، ٢٠١٦: ٤٦).

### ٢ . ٤: چەمکی پلانسازیی زمانی

پشتبەست بەو دیدگایەی پێیوایە "سیاسەتی زمانی چالاکییەکە دەوڵەت پشتی پێدەبەستێت و پلانێکی لێوەبەرهەم دەهێنێت" (کساس، ٢٠١٢: ٢٤٤)، ئەوا دەشێت، پێواژۆی پلانسازیی لە زماندا قۆناغی کارەکیی سیاسەتی زمانی بگرێتەوە، یاخود لایەنی جێبەجێکردنەکەی بێت، هەر ئەمەشە وایکردووە هەندێک جار زاراوەی (سیاسەتی زمانی) وەکو هاوواتای (پلانسازیی زمانی) و (بەڕێوەبردنی زمان) لە (کیوبێیک) بەکارهێنراوە، یاخود بە هاوواتای (پێوانەکاری) لە (کاتەلۆنیا) بەکارهێنراوە (دربال، ٢٠١٤: ٣٢٧)، ئەمەش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت کە زاراوەی پلانسازیی زمانی لەگەڵ کۆمەڵێک زاراوەی دیکەدا بە یەکەوە سەریانهەڵداوە، هەروەها دەکرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک زاراوەی دیکەدا بەنێویەکداچوو و لە پەیوەندیدا بێت، لە نموونەی زاراوەکانی (نەخشەی زمان، ڕێکخستنی زمان، بەڕێوەبردنی زمان، ئەندازەی زمان، ئامادەکاریی زمان و ...تاد.)، هەموو ئەمانەش هەر زمانێک کە پەنایان بۆ دەبات بۆ ڕاژەی زمانەکە و پاراستنیەتی.

بە شێواز و تێڕوانینێکی دیکە دەکرێت، بگوترێت: زاراوەی پلان (plan) زاراوەی بەربڵاوی سەری زاری تاکەکانە، لە بەکارهێنانە فەرمی و نافەرمییەکاندا بەکارهێنانی دووبارەدەبێتەوە کە واتا گشتییەکەی (ڕێکخستنە بەپێی پلان و بەرنامە)، سەبارەت بە وێناکردنی ئەرکی ئەم زاراوەیەش، ئەوا (ئینار هاوگێن) لە (لۆس ئەنجلۆس) و لە ساڵی (١٩٦٤)دا چەمکەکەی

بەم جۆرە ڕوونکردووەتەوە کە "چالاکییەکی مرۆییە و لە پێویستبوون بە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ گرفتێک سەرچاوەدەگرێت، دەشێت بە شێوازی تایبەتی و نافەرمی بێت، هەروەها دەشگونجێت، بەرنامەدارێژراو و هۆشیارانە بێت، بە واتا هەوڵ و کۆششێک بێت کەسەکان بەڕێوەیببەن و فەرمی بێت.

پلانسازیی زمانی، بە چەمکە گشتییەکەی "گەڕانێکی ڕێکخراوە بە دوای هۆکار و ئامرازی پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی، لەگەڵ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە" (کالفی، ٢٠١١: ١٥٢) کە لە لایەن حکومەتەوە یا پارتێکەوە پشتگیریدەکرێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە پشتڕاستدەکاتەوە کە چالاکییەکی دەستەیی و فەرمییە و بەهۆیەوە بایەخ بەو کێشانە دەدرێت کە دەبنە هۆی دواکەوتن یا گەشەنەکردنی زمان، ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوە لەو گرفتانە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیانەوە، بەمەش پلانسازیی زمانی هەوڵدەدات پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ ڕاڤەبکات و لێکدانەوەی بۆ بکات، چونکە زۆرینەی گرفتەکان لەو پەیوەندییەدا بەرهەستەدەبن (محەمەد، ٢٠١٦: ٤٩)، کەواتە دەشێت، بگوترێت: "پلانڕێژی زمان ... کۆمەڵێک چالاکیی مەبەستدار و بە پلان دەگرێتەخۆ" (خۆشناو، ٢٠١٣ : ١٠١) سەرچاوەکەشی ئەوەیە، کێشەیەک هەیە، لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیی وڵاتەکەدا پێویستیی بە چارەسەرکردن و لێتوێژینەوە، یاخود گەڕان و بەدواداچوون هەیە.

**٢ . ٥: ناساندنی پلانسازیی زمانی**

توێژەران و شارەزایان بەپێی بیروبۆچوون و شارەزایی خۆیان، بە چەند شێوەیەک پێناسەی پلانسازیی زمانیان کردووە، لەوانە: بە جۆرێک دەشێت پلانسازیی زمانی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاوبێت بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی، یاخود بە دەربڕینێکی دیکە گەڕانە بە دوای هۆکارە پێویستییەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی و دانانی ئەم هۆکارانە لە شوێنی جێبەجێکردندا )لویس جان، ٢٠٠٨ : ٢٢٠) بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت، ئەوا سیاسەت و پلانسازیی زمانی دەبنە ئاوەڵ و دووانەی لەیەکدانەبڕاو، بە جۆرێک ئەم چەمکە بەردەوام لەگەڵ سیاسەتی زمانیدا دێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشدا نەیەت، یەکەم شتێکە بە بیستن و دیتنی سیاسەتی زمانی دێتەوە بیرمان، هۆی ئەم گرێدراوییەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە کە سیاسەتی زمانی بێ پلانی زمانی ناگاتە ئەنجام و پلانی زمانیش بێ سیاسەتی زمانی دەبێتە ناوێکی بێ ناوەڕۆک، یا توێکڵێکی بێ کاکڵ (وریا، ٢٠٢٥: ٣٩).

لە پێناسە و تێڕانینێکی دیکەشدا پلانسازیی زمانی بە لایەنی جێبەجێکردنیەوە دەبەسترێتەوە کە دەبێتە وێناکردنی سیاسەتە زمانییەکە لەسەر زەمینەی کەتواردا، بۆیە پێیوایە مەبەست لە پلانسازیی زمانی چاکسازییە لە زماندا، یاخود ئامانجی سەرەکی و دیاری پلانسازیی زمانی، ئەوەیە وا لە زمانێک بکات هاوتەریب بێت لەگەڵ گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیا و ڕۆشنبیری لە وڵات و ناوچەیەکی دیاریکراودا (غارمادی، ١٩٩٠ : ٢٠٩)، چونکە ئەم جۆرە لە پلاندانانە کۆمەڵێک بنەمای بەیەکەوە گرێدراوی زنجیرەیی هەیە کە ئەو بنەمایانە یەک لەدواییەک پەیڕەودەکرێن، بۆ ئەوەی ببنە باشترین چارەسەر بۆ کێشەیەک، یاخود کێشەکانی زمان.

هەر نزیک لەم دیدگایەی پێشوو لە بارەی چەمکی پلانسازیی زمانییەوە، گوتراوە: هەوڵێکی سیاسیی دروستە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت کە هەوڵدەدات ڕەوشی زمان لە وڵاتدا بگۆڕێت (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٥١)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پلانسازیی زمانی دەکرێت لە پێناو گەشەپێدانی زماندا بێت، یاخود بە پێچەوانەوە لە پێناو ڕێگریکردن بێت لە گەشە و پێشکەوتنی زمان بە تایبەتی لە نەتەوە فرە زمانەکاندا، بۆیە لە تێڕوانینی (فیشمان)یشەوە پلانسازیی زمانی، بە بەدواداچوونی چارەسەرکردنێکی ڕێکوپێک بۆ ئاریشەکانی زمان پێناسەکراوە، بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئاستی نەتەوەییدا(Fishman, ١٩٧٤: ٧٩) ، ئەمەش ئەمە پشتڕاستدەکاتەوە کە پلانسازیی زمانی جێبەجێکردنی ئەو یاسا زمانەوانییانەیە، کە دەوڵەت و لایەنە فەرمییەکان دایاندەڕێژێت، هەروەها پەیوەندییەکی یەکانگیری لەگەڵ سیاسەتی زمانیدا هەیە.

لە دیدگا و بۆچوونی (براین وینستێین)یشەوە، پلانسازیی زمانی، هەوڵێکی بەردەوام و ماوەدرێژی بەئاگایانەیە، بە ئامانجی گۆڕینی ئەرکی زمان لە کۆمەڵدا، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەندیگرتن و بەکارهێنانی بە پاڵپشتی و ڕێگەپێدانی دەستەڵات (Weinstein, ١٩٨٠: ٥٦)، ئەم جۆرە لە تێڕوانینە پلانسازیی زمانی وەکو گۆڕانکارییەکی ئامانجداری زمان لێکداوەتەوە، ئەم گۆڕانکارییانەش دەکرێت لە بەشێک یاخود لە چەند بەش و دیاردەیەکی زمانێکی دیاریکراودا بێت، هەرچی (کۆپەر)یشە، ئەوا پێناسەی پلانسازیی زمانی کردووە، بەوەی هەر جۆرە هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ شوێندانان لەسەر ڕەوشی زمانیی ئەوانی دیکە لە ئاستی فێربوون، ڕۆنان، یاخود ئەرکپێدان بە کۆدە زمانییەکان کە بە گشتی چالاکییەکی فەرمییە کە دەوڵەت و دامەزراوەکان پشتیپێدەبەستن (سورخی، ٢٠١٤: ٢٠).

بە تێگەیشتن لە کۆی ئەم پێناسانە و بە سەرنجدان لە چەندانی دیکە دەردەکەوێت کە سەرباری بوونی جیاوازی تێیاندا، بەڵام ناوەرۆکەکەیان لە یەکدییەوە نزیکە و لە بنەمادا هاوبەشن کە تێیاندا جەخت لەوە دەکرێتەوە، پلانسازیی زمانی کۆمەڵێک هەوڵی ڕێکخراوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاریشەکانی زمان، هەروەها کارێکە لە پێناو سەقامیگربوون و بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زمانی لە وڵاتدا، یاخود بە گوتەیەکی دیکە پلانسازیی زمانی، ئەو نەخشە و پلانەیە لە لایەن دەستەڵاتێکی حکومی و فەرمییەوە دیاریدەکرێت، بە واتا لایەنە پەیوەندیدارەکان لە چوارچێوەی نیشتمانیدا، لەگەڵ ئەو هەوڵانەشی کۆمەڵ و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەنجامیدەدەن، تا زمان بەرەو ئاراستەیەک ببەن کە لەگەڵ گەشە و پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت.

**٢ . ٦: جۆرەکانی پلانسازیی زمان**

پلانسازیی زمانی، چۆنیەتی و شێوازی کارکردنی بە یەک جۆر و شێواز نییە، بۆیە توێژینەوە و ئەزموونی گەلان و وڵاتان لە بواری سیاسەتی زمانیدا پێماندەڵێت: دەکرێت، پلانسازیی زمانی ئەم دوو جۆرەی هەبێت:

**٢ . ٦ . ١: پلانی پایە و پێگە**

ئەم جۆرە لە پلانسازی بایەخ بە زمانێک یا زارێک لە نێو کۆمەڵدا دەدات و پایە و بەهای دەخاتەڕوو، ئەم کارەش لە ڕێگەی توێژینەوە و گۆڕینی ئەرکی ئەو زمانە و دەستنیشانکردنی مافی بەکارهێنانی ئەو زمانە یاخود ئەو زارەوە دەبێت (سلێمان، ٢٠١٤: ٢٠)، بە تایبەت لەو شوێن و وڵاتانەشدا جێبەجێدەکرێت کە فرە زمانن، یا تازە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، بەپێی دەستوری زمانی ئەو وڵاتە کە چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر و کار لەسەر پێگەی زمانەکان دەکات، بێگومان ئەم پلانە و سەرکەوتنەکەشی وابەستەیە بە کیانێکی سیاسییەوە بۆ دروستکردنی شکۆمەندی و پایە بۆ زمانەکە یاخود زارەکە، بە گشتی ئەم جۆرە لە پلانسازی چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر، لە گرنگترینیان: (١) دیاریکردنی زارێک یا زمانێک و دەرخستنی پایەکەی لە کۆمەڵدا. (٢) گۆڕینی ئەرکی زمانێک یا شێوە زمانێک. (٣) دیاریکردنی مافی خەڵک لە بەکارهێنانی ئەو زمانە یان زارە. (٤) لەگەڵ گرنگیدان بە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان زمانەکان و دابەشکردنی ئەرکەکانیان (ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥٢).

**٢ . ٦ . ٢: پلانی فرە ڕەهەند**

ئەم جۆرە پلانسازییە جەخت لەسەر کاری بە کۆمەڵ دەکاتەوە بۆ گەشەپێدان و چارەسەرکردنی گرفتە جۆراوجۆرەکانی زمانێک یا زارێک (محەمەد، ٢٠١٦: ٥٠)، بە گوتەیەکی دیکە ئەم جۆرە کار لەسەر ناواخن (متن)ی زمانێک دەکات کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم زمانە لە نموونەی ئەلفوبێ و فەرهەنگ و زاراوە و بنەماکانی زمانی ستاندارد و ڕێنووسی تێیدا دەبنە ئامانج و مەبەستی دەستەڵاتداران و سیاسەتی زمانی ناوچە و وڵاتە دیاریکراوەکە، لە نموونەی ئامانج و ئەرکەکانی ئەم جۆرە پلانسازییە لە زمانی کوردیدا دەشێت:

(١) هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی ڕێنووسی کوردی و یەکلاییکردنەوەی ئەلفوبێ و ڕێنووسی پەسەند بێت بۆ زمانی کوردی لەسەر بنەمای زانستی.

(٢) ئامادەکردنی فەرهەنگی یەکگرتوو و تەواوکردنی ناتەواوییەکانی بواری فەرهەنگنووسی کوردی بێت.

(٣) یەکگرتوویی لە ڕووی زاراوەیی و بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ بۆ دیاردە و بابەتە ژیارییە تازەکان. ... ئەم لایەنانە و چەندانی دیک.

## ٢ . ٧: ئامانجەکانی پلانسازیی زمانی

مەیدانی کارکردنی پلانسازیی زمانی فرەوان و هەمەلایەنە، چونکە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئایندەی زمانە و پێشبینیکردنی ئاڕاستەکانیەتی، ئەویش بە بەکارهێنانی دەرهاویشتەکانیەتی لە ئێستا و ڕابردوودا، بۆیە لە دەسپێکی ئەم بابەتە و بەر لە دیاریکردنی و خستنەڕووی ئامانجەکانی، سەرەتا گرنگترین ئەو دیاردە و پێواژۆیانە دەخەینە بەرچاو کە مەیدانی کارکردنی پلانسازیی زمانی لەخۆیاندەگرێت، ئەوانیش بریتین لە: (١) تەکنیکی زمانی. (٢) چاکسازیی زمانی. (٣) زیندووکردنەوەی زمانە مردووەکان. (٤) جێگرتنەوەی زمانە بیانییەکان بە زمانە نەتەوەییەکان لە پەروەردە و فێرکردندا. (٥) نوێکردنەوەی زاراوەکان. (٦) بەرگریکردن و برەودان بە پێگە و بەهای هەر زمانێک. (برزۆ، ٢٠١٦: ١٩). لێرەدا زۆرجار پرسیارێک سەرهەڵدەدات، ئەویش ئایا پلانسازیی زمانی ئامانجەکانی بەدیدەهێنێت یاخود نا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەشێت بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، ئەم دوو بەڵگەیە بهێنینەوە، ئەویش کاتێک لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو وڵاتی تورکیا توانیویەتی بە سەرکەوتوویی ڕێنووسی زمانەکەی لە ئارامییەوە بۆ لاتینی بگۆڕێت، ئەم کارەش وەک بەشێک لە بزاڤێکی گەورەبوو بەرەو ئاڕاستەی ئەوروپا. هەروەها بە درێژایی سەدەی بیستەم زمانی عیبری لە زمانێکی ئایینییەوە بۆ زمانێکی نەتەوەیی لە ئیسرائیلدا گۆڕا (والی و مستەفا، ٢٠١٩: ٥٢٣)، بێگومان هیچ کام لەمانە لە خۆڕا و بێ بەرنامە و پلان ڕوویاننەداوە!

پلانسازیی زمانی چەندان ئامانجی تایبەت و گشتیی هەیە کە هەریەکەیان تایبەت بە کۆمەڵێکی زمانی و وڵاتێکی دیاریکراوە، هەروەها هەندێک لە ئامانجەکان تەواو پەیوەستن بە جۆری سیاسەت و پلانی پەیڕەوکراوەوە، لە بارەی زمانی کوردی و هەرێمی کوردستانیشەوە ئامانجەکان زۆرن، بۆیە لە دوای خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی چەندان بابەتی پەیوەست بە پلانسازیی زمانییەوە، دەکرێت گرنگترین ئامانجە ستراتیژیەکانی پلانسازیی زمانیان لێوە هەڵبهێنجرێت، بە جۆرێک لە چەند خاڵێکدا و بەم شێوەیە کورتبکرێنەوە:

(١) چاککردن و ڕێکخستنی زمان لە ڕووی ڕێنووس و ئەلفوبێوە، ئەویش بە دانانی پێوەری زانستی و ناچارکردنی نووسەران بە وابەستەبوونیان.

(٢) ئاسانکردنی زمان لە نووسین و ئاخاوتندا، بە جۆرێک لەگەڵ سەلیقەی ئاخێوەرانی و بنەماکانی زمانەوانیدا بگونجێت.

(٣) دیاریکردن و بەستاندارکردنی زارێک یا شێوەزارێک لە زماندا، ئەویش دەکرێت بە کێبڕکێی نێوان زار و شێوەزارەکان بێت، یاخود گەڕانەوە بۆ پاشخان و مێژوو.

(٤) یەکخستنی زاراوە لە بوار و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا. (٥) کۆکردنەوەی وشە و زاراوەی هەموو زار و بنەزارەکان، هەروەها دانانی فەرهەنگی یەکگرتووی سەرانسەری.

(٦) پاراستنی وشەکانی زمان لە مردن و لە بیرچوونەوە، لەگەڵ پاککردنەوەی زمان لە وشەی دەستەواژەی زمانانی دیکە، ئەگەر کرا، ئەگەریش نەکرا، پێویستە پەیڕەوی لە پلانێکی تۆکمە بۆ وەرگرتن و قەرزکردنی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە بکرێت.

(٧) داهێنانی وشەی نوێ، چ لە ڕێگەی داڕشتنی وشەسازییەوە بێت، یا لە ڕێگەی گواستنەوەی واتایی و بەخشینی واتا و مەبەستی نوێ بە وشە کۆنەکان بێت.

(٨) بڵاوکردنەوەی زمان لە دەرەوەی وڵات، هەروەها هاندانی توێژەر و شارەزایانی بواری زانستی زمانیش بۆ توێژینەوەی زمانی کوردی و بەراورد و بەرانبەرکردنی لەگەڵ زمانەکانی دیکە.

(٩) بە تەکنەلۆژی و جیهانیکردنی زمان لە ڕێگەی بەکارهێنانی لە بەرنامە ئەلکترۆنییەکانی بواری تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێتدا.

(١٠) دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە پێناو خزمەتکردنی زمان و بواری زمانەوانی.

(١١) چاودێریکردن و ئاڕاستەکردنی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێنراو، بە شێوەیەک لە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی و زماندا بن.

(١٢) نەهێشتنی هەستیاری زمانی کە سەرچاوەیە بۆ گەشەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سڕینەوەی بیری ناوچەگەریەتی.
(١٣) دامەزراندنی دەزگایەکی وەرگێڕانی چالاک و بێلایەن.

(١٤) برەودان بە زمانی کوردی لە شوێنە گشتی و فەرمییەکانی وڵاتدا، بە تایبەتی لەسەر تابلۆ و ناونانی شوێنەکان.

(١٥) چاودێریکردنی کاریگەری و تێکەڵاوی زمانە دراوسێ و جیهانییەکان لەسەر زمانی کوردی، لەگەڵ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی و ڕادەی بەکارهێنانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. [بۆ ئەم خاڵانە سوود لە (سلێمان، ٢٠٢٢: ١١٨ ــ ١١٩) وەرگیراوە]

### ٢ . ٨: قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانسازیی زمانی

جێبەجێکردنی پلانسازیی زمانی لە خۆوە و هەڕەمەکییانە نابێت، بەڵکو پێویستیی بە هەنگاوی دروست و گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو هەیە، بۆیە دانانی پلان بۆ هەر زمانێک یاخود لایەنێکی دیاریکراو لە زمانێکدا پێویست بە توێژینەوە و بە دواداچوونی ورد و زانستییانە دەکات، چونکە ئامانجی گشتی لە پلانسازیی زماندا بەشداریکردنە لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا، کەواتە بۆ ئەوەی ئەم پلانە ببێتە چارەسەر بۆ کێشە و ئاریشەکان، بە دوای بۆچوونی (هاوگێن)ـەوە کە بیرۆکەی پلانسازیی زمانی لە پلانی ئابوورییەوە بە تایبەت لە بۆچوونەکانی ئابووریناس (هێربەرد سیمۆن)ـەوە وەرگرتووە، دەکرێت شێواز و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی پلانسازیی زمانی لە پێنج قۆناغ و هەنگاودا کورتبکرێتەوە (کالفی، ٢٠٠٩: ١٧) کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

### ٢ . ٨ . ١: هەبوونی گرفت

بەپێی ئەم قۆناغە پێویستدەکات گرفتێک لە زماندا هەبێت، بە واتا هەست بە بوونی گرفت بکرێت، ئینجا پێویست بە پلاندانان دەکات لە پێناو پاراستنی زمانەکەدا، کەواتە ئەم قۆناغە بە یەکەم و سەرەکی دادەنرێت لە دانانی پلاندا کە تێیدا هەست بە گیروگرفتی زمانەکە دەکرێت، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی فرە نەتەوە و فرە زمانن کە سەرەکیترین کێشە تێیاندا لێکتێنەگەیشتنە، بۆیە دەبێت لە ڕێگەی پلانسازیی زمانەوە چارەسەربکرێت، بە نموونە ئەگەر لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیتاڵی ... وردبینەوە، ئەوا تا کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست وەک زارێکی زمانی لاتینی سەیردەکران، ئەمەش خۆی گرفت بوو لە زماندا و پێویستی بە پلان هەبوو، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین شاعیرانی وەک شکسپیر و دانتی... ئەو کارەیان جێبەجێکردووە (عەزیز، ٢٠٠٥: ٣٨).

### ٢ . ٨ . ٢: خاوەنی بڕیار و دەسەڵات

حکومەت و دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان دەگرێتەوە کە بڕیارەکە جێبەجێدەکەن، بە واتا ئەرکی چاودێریکردن و گۆڕین و باشکردنی زمانیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەم کارەش وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە لە لایەک لایەنە حکومی و فەرمییەکان دەتوانن، ڕۆڵیان لە داڕشتن و جێگیرکردنی پلانەکە و بەڕێوەبردنیدا هەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە لایەنەکانی دیکەی کەرتی تایبەت و نافەرمی دەگرێتەوە کە دەتوانن پاڵپشتی لە پلانەکە بکەن و لە لایەن خۆیانەوە پیادەی بکەن و خەڵک هانبدەن لە جێبەجێکردنیدا، بە تایبەتیش لێرەدا ئەو کەس و لایەنانەی خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندنن ــ بە هەموو جۆرەکانییەوە ــ دەتوانن هاوکارێکی باش بن لە پیادەکردنیدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگترین شوێنن کە کەتواری زمانیان تێدا بەرهەستە دەبێت (سلێمان، ٢٠٢٢: ١١٣ ــ ١١٤)، ئەمە جگە لە ناوەندەکانی چاپ و چاپەمەنی و خوێندنیش، لەگەڵ کەسایەتییە ناودار و نوخبەکان، هەروەها شاعیران و نووسەرانیش دەتوانن ڕۆڵی کارا و بەرچاو لەم ڕوانگەیەوە بگێڕن.

**٢ . ٨ . ٣: جێگرەوەکان (بەدیلەکان)**

ئامانجی سەرەکیی ئەم بنەمایە دیاریکردنی شوێنگرەوە و ڕێگەچارە گونجاوەکانە لە پلانی پێشنیازکراودا، ئەمەش پێویستیی بە هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی پێشوەختەیە، یاخود ئەم کارە بە وەرگرتنی ڕای پسپۆڕ و شارەزایان ئەنجامدەدەرێت، کەواتە ئەم هەنگاوە بریتییە لە بڕیاردان دەربارەی چیەتی و چۆنیەتیی داڕشتنی پلانی پێویست، ئەمەش بە توێژینەوەی ورد لەم زمانەی پلانەکەی بۆ دادەڕێژرێت بەدیدەهێنرێت، چونکە پلانسازیی زمانی گرێدراوی کۆمەڵێک ڕەهەندی نازمانییە، لە نموونەی ڕەهەندە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها ڕامیاری و ئابوورییەکان، لەگەڵ ڕەهەندی دەروونی و ...تاد. هەریەک لەم ڕەهەندانەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بۆیە پلانسازیی سەرکەوتوو ئەوەیە، بەپێی ژینگە و بارودۆخی زمان و ناوچەکە داڕێژرابێت (عەلی و عەبدوڵڵا، ٢٠١١: ٤٩) .

**٢ . ٨ . ٤: هەڵسەنگاندن**

بەپێی پێوەری زانستی و گونجاو جێگرەوەکان هەڵدەسەنگێنرێن و تاقیدەکرێنەوە، تا گونجاوترینیان لێهەڵبژێردرێت، بە جۆرێک شوێنگرەوەکە ببێتە مایەی یەکخستن و سەقامگیریی کۆمەڵ، نەک تێکدان و خراپترکردنی دۆخەکە، بۆ نموونە: عەرەبەکان لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا زۆرجار زمانی ئەو شوێنانەی دەچوونە نێویەوە بۆ کاورباری فەرمی بەکاردەهێنا، چونکە زمانی عەرەبی زمانی کارگێڕی نەبوو، تا ئەو کاتەی زمانی عەرەبی هەلومەرجی تەواو و لەباری لە ڕوانگەی کارگێڕییەوە بۆ دەڕەخسا، ئیتر ئەو کاتە جێگەی زمانە بندەستەکانی دەگرتەوە (محەمەد، ٢٠١٦: ٥١)، یاخود لە بارەی دەستنیشانکردنی زمانی ستانداردی کوردییەوە، پێویستە ئەو زارە یا شێوەزارە هەڵبژێردرێت کە بەکارهێنان و تێگەیشتن لێی ئاسانە، هەروەها پاشخانێکی کەلتووری و مێژوویی فرەوانی هەبێت کە تاکەکان شانازی پێوە بکەن، لەبری هەستیاربوون بەرانبەری.

**٢ . ٨ . ٥: جێبەجێکردن**

کۆتا قۆناغی پلانسازیی زمانییە کە جێبەجێکردنی پلانەکە و بەڕێوەبردنی دەگرێتەوە، ئەم کارەش لە ئەستۆی دەستەڵات و حکومەت دایە و لە ڕێگەی بڕیارێکی سیاسییەوە دەبێت، بە دەرکردنی یاسای زمان و کارکردن لە پێناو ئەوەی ئەم شێواز و ڕێگە و جۆرە نوێیەی زمانەکە ببێتە بەشێک لە هزر و بیری تاکەکانی ئەو نەتەوەیە، هەروەها پێویست دەکات بە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانی بزانن (جامباز، ٢٠١٤: ٢٩١)، لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر دەستەڵات پێویستە چاودێری لە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی پلانەکە و دەرەنجامەکانی لە دامودەزگاکانی حکومەت و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و خوێندن و...تاد. بکات، هەروەها پشتگیریی ماددی و لۆجستیکی بخاتە سەر شانی خۆی، تا سەرکەوتن و بەردەوامی بەدەستبهێنێت.

**٢ . ٩: بنەماکانی سەرخستنی پلانسازیی زمانی**

کۆمەڵێک ڕەهەند و لایەنی جیاواز هەن، پێویستە پەیوەست بە پلانسازیی زمانییەوە بە هەند وەربگیرێن، چونکە بە پشتگوێخستنیان پلانسازیی زمانی سەرکەوتوونابێت، یا بە ئامانج ناگات لێرەدا بە کورتی باسی سێ لەو بنەما و ستراتیژیەتانە دەکەین کە دەبنە یاریدەدەر لە سەرکەوتنی پلانسازیی زمانیدا:

**٢ . ٩ . ١: پلانسازیی زمانی و بنەمای هەستی نەتەوایەتی**

هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمان هۆکارێکی سەرەکییە لە سەرخستنی پلانسازیی زمانیدا، چونکە وەک ئەوەی خراوەتەڕوو، کاتێک لە ڕوانگەی هەستی نەتەوەییەوە سەیری زمان دەکرێت، ئەوا زمان دەبێتە پێناسەی نەتەوە و بە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت، تەنانەت پیرۆزی و خۆشەویستی و شیرینی زمان دەگاتە ڕادەیەک کە تاکەکانی نەتەوە لە پێناویدا خۆیان بکەنە قوربانی و شۆڕش لە پێناو بەکارهێنانیدا بکەن (تۆفیق، ٢٠٠٧: ٧)، وەک ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی پاکستان بە (بەنگلایی یا بەنگلادیشی) قسەیاندەکرد، تاوەکو لە دەوروبەری ساڵانی (١٩٥٠ ــ ١٩٥٢) توێژی مامناوەندی گەشەسێن لە ڕۆژهەڵاتی بەنگالدا دەستیانکردووە بە شۆڕشێک کە دواتر بە بزوتنەوەی زمانی بەنگالی

(Bangla Language Movement)ناسرا، هەروەها بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەم ڕاستییە دەشێت ئەوە بێت کە زۆرینەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، لەسەر بناغەی زمانی نەتەوەیی دامەزراون، جا گەر ئەو زمانە لاوازیش بێت، ئەوا دەوڵەتە نەتەوەییەکە بەهێزیدەکات، یا ئەگەر زمانێک بێت لە بیرچووبێتەوە، ئەوا دەوڵەتە نەتەوەییەکە سەرلەنوێ زیندوویدەکاتەوە و دەیبووژێنێتەوە، لێرەدا دەتوانین باشترین نموونە لەسەر زمانی (عیبریی کۆن) بهێنینەوە، چۆن جووەکان، دوای ئەوەی لەساڵی (١٩٤٨)دا دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراند، زمانە عیبرییەکەی خۆیان زیندووکردەوە کە ئەمڕۆ بە یەکەم زمانی سەرەکیی دەوڵەتی ئیسرایل دادەنرێت! (عەزیز، ٢٠٠٥ : ١٣٨)، هەروەها لە نەرویج و تورکیا ... تاد. هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە پشتی چاکسازیی زمانەوەبوون، لە هەموو نموونەکاندا بەهێزکردن و یەکخستنی نیشتمان بەهۆی بەهێزکردنی زمانەوە بووە، بەڵام بە داخەوە لای کورد هەستی دەمارگیری و قووڵکردنەوەی ژیانی ناوچەگەری و زار/ دیالێکتچیەتی بە سەر هەستی نەتەوەییەوە زاڵە، بۆیە نەمانتوانیوە کێشەکانی زمانی کوردی لەو ڕێگەیەوە چارەسەربکەین.

**٢ . ٩ . ٢: پلانسازیی زمانی و ناوەندە ئەکادیمی و پارتە سیاسییەکان**

پارتە سیاسی و ناوەندە ئەکادیمییەکان زۆرجار ڕۆڵ لە پشتگیریکردن و سەرخستنی سیاسەت و پلانی زمانی نەتەوەکەی خۆیاندا دەبینن، بە وێنە: لە تورکیا جگە لە ئەنجومەنی میللەتی تورکیا لە ساڵی (١٩٢٨)دا چەندان کۆڕ و کۆمەڵەی وەک (کۆڕی زمان) و (کۆمەڵەی وردکردنەوەی زمانی تورکی) دامەزران بۆ کارکردن و توێژینەوە لەسەر گشت لایەنەکانی دیکەی زمانی تورکی و جێبەجێکردنی سیاسەتە زمانییەکەی ئەتاتورک (شاکەلی، ٢٠١١ : ١٠٦)، بەڵام لە بارەی زمانی کوردییەوە ئەگەرچی لە ئەمڕۆدا چەندان بەشی تایبەت بە خوێندنی زمانی کوردی لە ئاستی سەرەتایی و باڵا لە زانکۆکانی کوردستاندا هەن، هەروەها ساڵانە و بە بەردەوامی کۆنفڕانس و کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت بە کێشەکانی ئەلفوبێ و ڕێنووس و زمانی ستاندارد و... تاد. سازدەکرێن، بەڵام هەتا دێت کێشەکان ئاڵۆزتر و فرە بۆچوونتر دەبن، بۆیە گرنگترین کارەکانی ئەم دامەزراوانە دەبێت بریتی بێت لە:

(١) ڕۆنان و داتاشینی زاراوە بۆ بوارە جیاوازەکان، لەگەڵ دامەزراندنی بانکی زاراوە.

(٢) توێژینەوەی زانستییانە و پشتبەست بە تیۆر و مۆدێلە جیهانییەکان لە گشت بوارەکانی زمانی کوردی.

(٣) ساغکردنەوە و نەخشاندنی سنووری جوگرافیای زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، بە واتا دروستکردنی ئەتڵەسێکی زمانەوانیی فرەوان و فرەڕەهەند بۆ زار و شێوەزارەکان پشتبەست بە تیۆر و ڕێبازە نوێیەکانی زانستی زمانەوە.

(٤) یەکلاییکردنەوە و ناساندنی یەکێک لە زار یا شێوەزارەکانی زمانی کودری وەک زمانی ستاندارد و فەرمی.

(٥) دانان و ئامادەکردنی فەرهەنگی سەرتاسەریی کوردی لە پێناو پاراستن و کۆکردنەوەی سەرجەم وشە و یەکە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی.

(٦) چارەسەرکردنی ناتەواوی و کەموکورتییەکانی ئەلفوبێی کوردی. (والی و مستەفا، ٢٠١٩: ٥٢٦).

سەبارەت بە پارتە سیاسییە کوردییەکانیش، هەرچەند دەیان ساڵە لە پێناوی خاکی کوردستان و گەلەکەیدا خەباتدەکەن، بەشێکیان ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا حوکمڕانیدەکەن و چەندان کەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامە و گۆڤاریان لەبەر دەستە، بەڵام دەرهەق بە زمانی کوردی تا ڕادەیەک کەمتەرخەمن و وەکو پێویست خزمەتی زمانی کوردییان نەکردووە، چونکە ئەوەی لێیان چاوەڕواندەکرا، ئەوەبوو کە:

(١) بڕیارەکانیان و گوتاری سیاسییان بە شێوازێک بووایە کە پابەندبوونێک سەبارەت بە زمان و شێوازی پەیڕەوکراوی تێدابووایە.

(٢) مامەڵەکردنیان لەگەڵ لایەنە حکومی و ناحکومییەکانی دەرەوە بە زمانی کوردی بووایە.

(٣) هەروەها بەستن و گرێدانی کۆنگرەیەکی سەرانسەریی زمانەوانیی فرەوان بە بەشداری کەسانی ئەکادیمی و بە ئەزموون لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانەوە.

(٤) لەگەڵ هەوڵدان بۆ کردنەوە و دامەزراندنی ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان لە دەرەوەی وڵات.

**٢ . ٩ . ٣: پلانسازیی زمانی و بنەمای ئابووری**

بنەمای ئابووری مەرج و پایەیەکی دیکەی سەرەکییە لە سەرخستنی پلانسازیی زمانیدا، ئەویش بەهۆی ئەوەی حکومەت توانستێکی باشی هەیە، هەروەها دەتوانێت لە ڕووی دارایی و مرۆییەوە پاڵپشتی بکات (غارمادی، ١٩٩٠ : ٢٣١) ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانێت هێز و هەژموونی خۆی پیادەبکات، لەم ڕووەشەوە حکومەتی هەرێم ئەرکیەتی لە بەرانبەر زمانی کوردی سیاسەتێکی زمانی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، بە تایبەتیش بۆ ماوەی چەند ساڵێکە کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە بوژاوەتەوە و کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە جیهانییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ سەرمایەگوزاری و لە هەوڵی ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانیان دان، هەر بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دەرفەتە لەدەستنەدات و بنەمای ئابووری و بازرگانی بخاتە خزمەتی زمانی کوردییەوە، ئەویش بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە:

(١) مەرجی بە کوردینووسین بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێنێت، بە واتا هەر بەرهەم و کاڵایەک کە دێتە وڵاتەکەمانەوە ئەگەر زانیارییەکانی سەری یا پەڕاوی زانیارییەکانی (کەتەلۆک) بە کوردی نەبوو، ئەوا ڕێگە بە هاتنەژوورەوەی نەدرێت.

(٢) هەموو تابلۆ و ناونیشانی کۆمپانیا و شوێنکارەکان بکاتە کوردی، هەروەکو چۆن وڵاتی چین مەرجی نووسینی زمانی چینی لەسەر کاڵا و بەرهەمی ئەو کۆمپانیا جیهانییانە داناوە کە لەبەر هەرزانی و دەستی کار و کەمی باج ڕوویان لە وڵاتەکەی کردووە.

(٣) هەر بەرهەم و کاڵایەکیش کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەمدەهێنرێت و ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، وەکو: هەنگوین، کڵاشی پەڕۆین، بنێشت ... تاد. پێویستە بە زمانی کوردی لەسەریان بنووسرێت و ڕوونکردنەوەیان لە بارەوە بدرێت.

(٤) حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی پرۆگرامسازی، وەکو مایکرۆسۆفت بدات، بۆ ئەوەی زمانی کوردی بخەنە نێو بەرنامەکانییەوە، بە واتا بە زمانی کوردیش بەرنامەکانیان بخەنە بەردەستی بەکارهێنەرانەوە.

(٥) کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی مۆبایل و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان هانبدات کە جۆری نووسین/ فۆنت و زمانی کوردی لەبەرهەکانیاندا جێگیربکەن، ئەگەرنا ڕێگە لە هێنانی بەرهەکانیان و ساغکردنەوەیان بگرێت.

## بەشی سێ:
## هەندێ لە گرفتەکانی زمانی کوردی پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە

ئەم توێژینەوە و ڕوونکردنەوانەی لە مەودوا دەخرێنە بەردەست چەند بیر و بنەمایەکی زانستییە دەربارەی هۆ و چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی هەندێ لە گرفتەکانی زمانی کوردی لە ئەمڕۆدا پەیوەست بە سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە، بە واتا هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی بابەتییانەی کەتواری زمانی کوردی لە چەند بوار و لایەنێکی دیاریکراوەوە، چونکە زۆرجار گوێمان لێبووە یا هاتووەتە بەرچاومان کە لە توێژینەوەکاندا گوتراوە: "بە ڕای من" یا "ئێمە لەو باوەڕەداین"، هەروەها ویستراوە، تەنانەت بێ پاساوهێنانەوەش ڕێسا و ڕاستی و ڕاستەقینەی نەسەلمێنراو بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردیدا بسەپێنرێت و لەم ڕێگەیەشەوە بەسەر سیاسەتمەدارەکاندا. بۆیە ئەم بەشە پێرستەکەی لە چەند چەپارێک پێکدێت کە هەر پارێک بۆ ئامانج و مەبەستێک تەرخانکراوە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە زانا و دانا بین و کار بەو ڕاستی و ڕاستەقینانە بکەین کە پاش شیکردنەوەی پەسنکەرانەی زانستییانە و دۆزینەوەی چارە و چارەسەرکردنی کێشەپرسیارەکانیان و خستنەڕوویان دەستدەکەون.

### ٣ . ١: ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی

کێشەی ئەلفوبێ و ڕێنووس زۆرجار بە دیاریکراوی ڕووبەڕووی ئەو میللەتانە دەبێتەوە کە لە ژێردەستەیی ڕزگاریان دەبێت و دەوڵەت یا هەرێمی تایبەت بە خۆیان پێکدەهێنن، پەیوەست بە زمانی کوردیشەوە لە سایەی نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمەی زمانی لە سەرتاسەری کوردستاندا، بووەتە هۆی ئەوەی تا ئێستا چەندان ئەلفوبێی جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت، بەکارهێنانی هەریەک لەو ئەلفوبێیانەش لە ژێر کاریگەریی بارودۆخ و هۆکاری تایبەتدا بووە، ئەمە جگە لە جۆراوجۆریەتی و گرفتە سەرەکییەکانی ئەرسۆگرافی لە نووسینی کوردیدا، بۆیە لەم پارەدا بەپێی سنوور و مەودای بەردەست هەوڵدەدرێت لە هەندێ لایەنە دیاریکراوەکانی ئەم بابەتانە بتوێژرێتەوە.

### ٣ . ١ . ١: فرە ئەلفوبێی لە زمانی کوردیدا

بارودۆخی تایبەت بە کورد و دابەشبوونی بەبێ ویستی خۆی بە سەر چوار پارچە و لکاندنی هەر پارچەیەکی بە دەوڵەتێکەوە وایکردووە، سەرباری نەبوونی ستانداردێکی سەرتاسەری، چەند ئەلفوبێیەک لە بری ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو هەبێت، ئەمەش بە سەختترین کۆسپ دادەنرێت، چونکە لە هەموو پارچە پارچەبوونەکان "مەترسیدارتر پارچەبوونی زمانە و یەکخستنەوەی زمانیش لە هەموو لایەنەکانی تر گرانترە" (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٥١)، بەم شێوەیە ئەگەر سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێت لە زمانی کوردیدا چەند ئەلفوبێیەک بەکارهێنراوە، بە جۆرێک: هەندێکیان ئەلفوبێی کوردی بە پیتی (ئارامی) یا (نەبەتی) بەکاردەهێنن کە زۆرجار بە هەڵە پێیدەگوترێت: (عەرەبی)، لە کاتێکدا کورد تەنیا لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە وەریگرتووە، نەک خودی ئەلفوبێیەکە عەرەبی بێت، لە لایەکی دیکەشەوە هاوشێوەی میللەتانی دیکە گونجاندوویەتی لەگەڵ زمانەکەی خۆیدا، هەروەها بەڵگەیەکی دیکە کە ئەم ئەلفوبێیە عەرەبی نییە ئەوەیە کورد لە (٢٨) پیتی عەرەبی (٦) پیتی لابردووە، یا وەرینەگرتووە و نەیخستووەتە نێو پێڕەوی ئەلفوبێی زمانەکەیەوە. هەروەها بەشێکی دیکەی کورد ئەلفوبێی کوردی هاوشێوەی لاتینییان بۆ نووسین بەکارهێناوە، ئەمە جگە لە ئەلفوبێی (کریلیک) کە کوردە پەرشوبڵاوەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران پێیاننووسیوە.

ئەوەشی گرفتەکەی گەورەتر کردووە ئەوەیە، هەریەکەیان ئەوەی خۆی بە پەسەندتر دەزانێت و هەوڵی سەرخستنی و سەرتاسەریکردنی دەدات و ملکەچی پارچەکانی دیکە یا ئەلفوبێیەکەیان نابێت، بە نموونە ئەوانەی دژی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینین، هۆکار و بەڵگەی جودایان بۆ ئەم کارە هەیە، لەوانە:

(١) لە ڕوانگەی ئایینییەوە، پێیانوایە ئەگەر کورد دەست لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی ئارامی هەڵبگرێت، ئیتر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەبێتە کارێکی گران یا ئاستەم، بەمەش لە ئیسلام دووردەکەوێتەوە، لە کاتێکدا (ئیندۆنیزیا) گەورەترین وڵاتی موسوڵمانە و ئەلفوبێی لاتینی بەکاردەهێنێت.

(٢) هۆكاری نەتەوەیی، ئەمانە پێیانوایە ئەلفوبێی لاتینی ئەلفوبێی ئەتاتورکە و نابێت کورد بەکاریبهێنێت، لە کاتێکدا نزیکەی سەد زمان لە دونیادا ئەلفوبێی لاتینی گونجێنراو بەکاردەهێنن.

**٣ . ١ . ٢: پەسندکردنی ئەلفوبێ لە زمانی کوردیدا**

ڕاستییە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە، زیاتر لە ئەلفوبێیەک بۆ زمانێک، یا فرە ئەلفوبێی لە زماندا کارێکی باش نییە، چونکە جیاوازیی زمانی دروستدەکات، هەروەها هەستی ناوچەیی زەقدەکاتەوە، بۆیە هەنگاونان بۆ یەکخستنی ئەلفوبێیەکان کارێکی پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی لێک نزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی و زەمینەش خۆشدەکات بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی (ڕەسوڵ، ٢٠١٢ : ٢١)، جگە لەوەی لە لایەکی دیکەشەوە ئەم جۆراوجۆرییەی ئەلفوبێیە بووەتە هۆی ئەوەی کوردی باکوور بە زمان و ئەدەب و کەلتوور و ڕۆشنبیریی نەتەوەکەی خۆیان لە باشوور نامۆبن یا ئاشنا نەبن، ئەمەش لەبەر ئەوەی "سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی بەسەر گەلی باکووری کوردستاندا، بەکارترین ئامرازی ئەم بەخۆ نامۆکردنە بووە. ئەلفوبێی لاتینی ــ تورکی دیوارێکی بەرزی لەبەردەم هەردوو گەلی باکوور و گەلی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەڵچنیوە. هەر هەوڵ و کۆششێک بۆ نزیککردنەوەی کولتووری و زمانی و هاوئاهەنگی (ئینتێگراسیۆن)ی نەتەوەیی لە نێوان ئەم دوو بەشەی نەتەوەکەماندا، بەبێ یەکخستنی ئەلفوبێ، واتا خۆ ئازادکردنی کوردی باکوور لە کۆیلایەتیی ئەلفوبێی تورکی و گەڕانەوەیان بۆ ئەلفوبێی کوردی، ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت" (سابیر، ٢٠١٤: ٨١).

پەیوەست بەوەی خرایەڕوو پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە دانانی ئەلفوبێ یا گۆڕینی لە هەندێک باردا، پەیوەندیی بە ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەوە، یاخود پلانسازیی دەستەڵاتەوە هەیە، لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتیی عوسمانیدا لە تورکیا ئەلفوبێی ئارامی (عەرەبی) بەکارهاتووە، دواتر ئەلفوبێی لاتینی جێگەی گرتووەتەوە، چونکە کاتێک لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورک لە ساڵی (١٩٢٤)دا دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی تورک دامەزرێندرا، ئەم ئەلفوبێیە بە سەر گەلانی تورکیادا سەپێندرا (سەرچاوەی پێشوو : ٧٧)، ئەمەش بە هاریکاری تورکە نەتەوەپەرستەکان و پلانێکی زمانی بوو کە توانرا ئەلفوبێیە کۆنەکە بە ئەلفوبێیە نوێیەکە کە لاتینییە بگۆڕدرێت، تەنانەت لە ماددەی هەشتاوهەشتی دەستووری تورکیادا هاتووە، "هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازیی ئایینی و نەژاد، گشتیان تورکن"، هەر بەپێی ماددەی دووەمی ئەم دەستوورە، زمانی تورکی بە تاکە زمانی فەرمی و دانپێدانراوی تورکیا دانراوە، بەمەش دەوڵەتی تورک فۆڕمی ڕەگەزپەرستیی بایۆلۆجی بە فۆڕمی ڕەگەزپەرستی زمانی (لینگڤیسیزم) گۆڕیوە، تەنانەت ئەوەی تورک و زمانەکەی تورکی نەبووە بە داوکەوتوو، گوندی، تورکی شاخاوی و ...تاد. وێناکردووە (سابیر، ٢٠١٤: ٧٦ ــ ٧٧) .

سەبارەت بە زمانی کوردی پێویستە ئێمە لێرەدا بابەتییانە و دوور لە هەستی نەتەوایەتی لە دیاردەکە بڕوانین، ئەویش بە جۆرێکە لەم بارودۆخەی ئێستادا یەکخستنی ئەلفوبێی کوردی کارێکی ئاسان نییە، ڕەنگە هەر نەشکرێت، چونکە سێ پارچەی کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەراندایە کە ڕێگە نادەن زمانی کوردی لە پێواژۆی پەروەردە و فێرکردندا بایی پێویست بەکاربهێنرێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە گرنگە لە باشووری کوردستاندا حکومەتی هەرێم بۆ ئەلفوبێ و ڕێنووس سیاسەتێکی زمانی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، بە جۆرێک هەوڵبدات بەپێی پلانێکی درێژخایەن و تۆکمە کێشە و ئاریشەکانی بەردەمی چارەسەربکات.

**٣ . ١ . ٣: گرفتی ئەلفوبێی کوردی**

لە بابەتی پێشوودا نیشاندراوە، ئێمەی کورد تا ئەمڕۆ، ئەلفوبێیەکی پەسندکراوی یەکگرتوومان نییە، ئەوانەشی کە بەکاریاندەهێنین، لە کەموکورتی و ناتەواویی بەدەرنین، هەندێک کێشەیان تێدا هەیە کە وایکردووە لە ئاست خواست و ئامانجەکانی زمانەوانان و شارەزایانی زماندا نەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەراورد بە ئەلفوبێی میللەتانی فارس و عەرەب ئینگلیز و... تاد. گرفتیان کەمترە، یان بە ڕێژەیەکە دەکرێت بە گرفت دانەنرێت، چونکە لەو زمانانەدا "تەنانەت وشەیەکی دیاریکراو دەشێت بە شێوەیەک زیاتر بخوێندرێتەوە. زمانێکی وەک ئینگلیزی و فەڕەنسی... هتد. ناچاربوون بۆ زانینی

چۆنیەتیی خویندنەوەی وشەکانیان پشت بە ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی" (تۆفیق، ٢٠٠٧ : IPA(٧٣ ) بەستن، ئەمە لە کاتێکدا زمانی کوردی بە شێوە گشتییەکەی چۆن دەنووسرێت ئاوا دەخوێندرێتەوە یا گۆدەکرێت.

بە گشتی لە ئەلفوبێی کوردیدا بە پیتی لاتینی کە "بە شێوەیەکی سەرەکیی فۆنێمییە: هەر پیتێک پەیکاڵی فۆنێمێکە" (مەحویی، ٢٠١٦: ١١٧)، هەروەها تێیدا هەندێک کێشە چارەسەر کراون، وەکو کێشەکانی بزرۆکە /i/، /و/ و /ی/ی بزوێن و نەبزوێن، بەڵام ژمارەیەک فۆنیمی کوردی وەکو /ڕ/ و /ڵ/ لەگەڵ فۆنیمە کێشە لەسەرەکانی /ع/ و /ح/ پیت و گرافێمیان بۆ دانەنراوە. هەرچی ئەلفوبێی کوردیشە بە پیتی ئارامی کە پتر بە توێژینەوەکەی ئێمەوە پەیوەندیدارە، لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز و ئیسلامبوونی کورد پەیدابووە، لە ڕووی مێژووی گەشەسەندنیشەوە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە کە بریتین لە:

**قۆناغی یەکەم:** ئەو بەرهەم و نووسینە کوردییانە دەگرێتەوە کە بە هەمان ئەو پیتانە نووسراون کە عەرەبەکان بەکاریانهێناون، نەک بە ئەلفوبێی گونجێنراوی کوردی.

**قۆناغی دووەم:** لەم سەردەمەدا هەندێک لە پیتە کوردییەکان بەکارهاتوون، بەڵام بە شێوە و گرافێمی جیاواز لە ئێستا، هەروەها بە تەواوی ڕزگارنەبوون لە (سەر و بۆر و ژێر).

**قۆناغی سێیەم:** قۆناغی گونجاندن و دەستکاریکردنە کە هێواش هێواش هەندێک لە پیتەکان دەستکاریکراون و بە تەواوەتی بەشێکیان لەگەڵ ڕێنووسی ئێستادا تەواو لەیەک دەچن. (ناوخۆش و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٩ : ١٠٧)

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قۆناغی سێیەمە کە لە دوای سەدەی بیستەمەوە لە باشووری کوردستاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها بەرهەمێکی یەکجار زۆری پێچاپکراوە، زمانەوانان و ڕێزمانووسانی کورد توانیویانە تاڕادەیەکی باش ئەم ئەلفوبێیە لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێنن، وەک ئەلفوبێیەکی فۆنۆگرافی کە لەسەر بنەمای فۆنیمەکانی کوردی پیتەکانیان دیاریکردووە، بەڵام تا ئێستاش چەند گرفتێکی ماوەتەوە پێویست بە بەدواداچوون و چارەسەردەکات.

### ٣ . ١ . ٤: هەندێ گرفتی ئەلفوبێی کوردیی ئارامی

توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە کە ئەلفوبێی هیچ زمانێک پڕاوپڕ و بێ گرفت نییە، بۆیە سەبارەت بە نووسین بە ئەلفوبێی کوردی دەکرێت، بگوترێت: لە ڕاستیدا کێشە و ناتەواوییەکانی ئەوەندە دژوار نین چارەسەرنەکرێن، بۆیە لێرەدا بەپێی توانا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕێکاری چارەسەرییەکان، بەم شێوەیە:

**یەک:** دەنگی [ئـ] لە نێوان فۆنیم و فۆنیم نەبووندا جێگەی قسەلەسەرکردنە، بە جۆرێک بەشێک لە زمانەوانان پێیانوایە فۆنیمە، بەشێکی دیکەش پێیانوایە کە فۆنیم نەبێت، لە ڕاستیشدا فۆنیم نییە، بەڵکو (دەنگ هەڵگر) یان (بزوێن هەڵگر)ـە، بۆیە وەک فۆنیمێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، چونکە لە زمانی کوردیدا نووسین و نەنووسینی، کار لە واتا ناکات ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە تەنیا لەو بارانەدا پەیدادەبێت کە دەنگی بزوێن [ا ، ۆ ، ێ ، ە ، ی ، و] دەکەوێتە سەرەتای وشەوە، چونکە لە کاتی گۆکردنی دەنگە بزوێنەکاندا، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ هیچ بەربەستێک لە دەمی مرۆڤ دێتە دەرەوە... بۆیە کاتێ دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە سەرەتای وشە، پێویستی بە بەربەستێک دەبێت، تاکو هەواکە بگرێتەوە و ڕێگەنەدات هەر دەم کرایەوە، هەوا بێتەدەرەوە. ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی ئەو وشەیە بکات کە بە بزوێن دەستپێدەکات، زۆربەی هەوای پەنگخواردووی سییەکانی دێتەدەرەوە و وشەکەی پێ تەواوناکرێت و بەم پێیە کرداری ئاخاوتن زۆر گران دەبێت. ئەم دیاردەیەش فۆنەتیکییە و نەک هەر لە زمانی کوردی لە زمانەکانی دیکەشدا هەیە (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٥٦)، پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێتەوە لە نووسینەکانی چارەگی یەکەمی سەدەمی بیستەمدا وێنەی (ئـ) نەبووە و نابینرێت (سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٦).

**دوو:** گرفتێکی دیکەی لە ئەلفوبێی چاککراو یا گونجێنراوی کوردیدا نەبوونی گرافێمی (i) بزرۆکەیە کە چەندان سەرنج یا ڕاوبۆچوونی جیاوازی لە بارەیەوە هەیە، بە جۆرێک (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ) ڕایوایە بە ئەلۆفۆنی بزوێنی /ی ــ î/

لەقەڵەمبدرێت. یاخود دەنگێکە دەکەوێتە نێوان دوو نەبزوێنەوە لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی نەبزوێنی یەکەم بۆ دووەم لە نێو دەمدا نەختێک هەوا دەردەچێت و ئەم بزرۆکەیە دروستدەبێت، بۆیە نووسین و نەنووسینی نابێتە هۆی تێکدان یا گۆڕینی واتای وشەکە، کەواتە دەبێتە دیاردەیەکی فۆنەتیکی نەک فۆنۆلۆجی و لە زمانی دیکەشدا هەیە (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٧١ – ٢٧٢). لە کاتێکیدا بۆچوونی (هۆگر مەحمود فەرەج) جیاواز و پێچەوانەیە، بە جۆرێکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەم دەنگە بزوێنە، ئەلۆفۆنی ێ (ی ــ î) نییە و دەنگێکی سەربەخۆیە... ئەگەر دان بە واتییەتیی ئەو دەنگەدا دابنرێت، ئیتر ناکرێت پیتی نەبێت، بەڵام لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا نییە، ئەمە کەلێنێکە و دەبێت چارەسەربکرێت، نەک پیتەکە پێویست نییە" (فەرەج، ٢٠١٥ : ٤٠) .

پەسەندکردنی هەریەک لەم بۆچوونانە پەیوەستە بە بنەما زانستییەکانەوە و بە بڕیاردان لە بارەیانەوە، چونکە ئەگەر وەک فۆنیم سەیرنەکرێت، بڕگەکاریی یا پێکهاتەی فونۆتاکتیکی بڕگەی کوردی پێویستیی بە پێداچوونەوە هەیە، بە جۆرێک لەم بارەدا دەبێت ددان بەوە دابنێین کە بڕگەمان هەیە بەبێ بزوێن، دانانیشی بە فۆنیم پێویستی بە گرافێمە و دەبێت ئەو گرفتە چارەسەربکرێت.

**سێ:** لەبارەی دەنگی [نگ]یش هەندێک بۆچوونیان وایە، یاخود بە جۆرێک لێیانڕوانیوە کە لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمە و دەبێت وێنە و گرافێمی تایبەتی لە نووسیندا بۆ دابنرێت (عەلی، ٢٠١٤ : ١٥٤)، لە بەرانبەریشدا هەندێک لە زمانەوانان ڕاوبۆچوونی پێچەوانەیان هەیە، بە واتا بە فۆنیمی دانانێن، بە نموونە (غازی فاتیح وەیس) لەو بارەیەوە، دەڵێت: "دەنگی [نگ] لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم لەقەڵەمنادرێت، بەڵکو ئەلۆفۆنی فۆنی /ن/ـەو لە هەندێ شوێندا بەدی ئەکرێ، بە تایبەتی ئەگەر /ن/ دوای /گ/ هات، بۆ نموونە لە وشەی (لەنگ) و (مەنگ) و (تەنگ)دا بەدی ئەکرێ. هۆی دروست بوونی ئەلۆفۆنی [نگ] لە زمانی کوردیدا ... ئەگەڕێتەوە بۆ هۆی میکانیکی" (وەیس، ١٩٨٤ : ٦١ – ٦٢)، هەر سەبارەت بەم گرفتە و چۆنیەتیی دەرکەوتنی (محەممەد مەعروف فەتتاح)یش لە توێژینەوە و بەدواداچوونەکانیدا ڕایوایە، ڕێنووسی کوردی ڕێگای ڕاستی و زانستی گرتووە کە (نگ)یان بە فۆنیم دانەناوە، چونکە ئەم دەنگە فۆنیم نییە، بەڵکو لە دوو دەنگی [ن] و [گ] یان [ن] و [د] کە بە دوای یەکدیدا دێن پێکهاتووە، بۆ سەلماندنی ڕایەکەشی ئەم بەڵگانە دەهێنێتەوە:
(١) کاتێک ئەم دەنگە [نگ] دەکەوێتە سنووری بڕگەوە ئەوا لەتدەبێت و دەنگی [ن] دەپەڕێتەوە لەگەڵ بەشی پێشەوەدا دەڕوات، دەنگی [گ]یش لەگەڵ دواوە دەڕوات، بۆ نموونە: (جەنگ + ێک) لە بڕگەکانی /جەن/ و /گێک/ پێکهاتووە، یا (جەنگاوەر) لە هەریەکە لە بڕگەکانی /جەن/ ، /گا/ و /وەر/ پێکهاتووە.

(٢) ئەم دەنگە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگدا دێتەکایەوە، واتە کاتێک دەنگی [د] و [گ] دەکەونەوە دوای دەنگی [ن]، وەک لە شێوەزاری سلێمانیدا لە وشەکانی (چەن، مەنگ و هۆمەرمەندان)دا، کەواتە ئەلۆفۆنی [ن]ـە و بەهۆی یاسای فۆنەتیکییەوە دیاریدەکرێت.

(٣) لە لایەکی دیکەوە ئەم توێژەرە پێیوایە دانانی ئەم دەنگە [نگ] بە فۆنیمێکی سەربەخۆ شێوەزاری سلێمانی لە شێوەزار و زارەکانی دیکەی کوردی جیادەکاتەوە، ئەمەش جیاوازیی زمانی قووڵتردەکاتەوە (فەتتاح، ١٩٨٢ :٢٥٠ – ٢٥١).

**چوار:** دەنگەکانی [ح] و [ع]یش ئەگەرچی هەردووکیان زارین و لە گەرووداا دروستدەبن، هەروەها شێوەی گۆکردنیان وەکیەکە، بە واتا دەنگێکی خشۆکن، تەنیا لەوەدا جیاوازن کە یەکێکیان [ع]ی ژێدارە و ئەوەی دیکەیان [ح] بێژێیە، واتە لە کاتی دروستبوونیدا ژێیە دەنگییەکان نالەرنەوە، لە فۆنیمە کێشە لەسەرەکانی زمانی کوردین، بە جۆرێک (عەبدولواحید موشیر دزەیی) و هاوڕێیەکانی جەخت لەوە دەکەنەوە لەبەر ئەوەی لە وشەی ڕەسەنی کوردیدا بەرچاوناکەون، بەڵکو تەنیا لەو وشانەدا دەبینرێن کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە و زۆرجاریش دەگۆڕێنەوە، بۆیە پێیانوایە، ناگونجێت پلەی فۆنیمیان پێبدرێت (دزەیی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٣ : ١٢٠)، هەروەها توێژەری دیکەش هەیە، تێڕوانینی جیاوازە و پێیوایە، دەنگی [ح] دەتوانرێت بە ئەلۆفۆنێکی دەنگی [هـ] دابنرێت و دەنگی [ع]ش دەشێت،

بکرێت بە هەمزە و وەکو هەمزە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەو کات دەتوانرێت لە لیستی پیتەکان لابدرێت (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٧٨)، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ئاڵوگۆڕە لە هەندێک وشەدا ڕوودەدات، بە نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| عایشە | ⟵⟶ | ئایشە |
| عارەق | ⟵⟶ | ئارەق |
| حەفتە | ⟵⟶ | هەفتە |
| گوناح | ⟵⟶ | گوناهــ |

بۆیە لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوونەکانەوە دەردەکەوێت، ئەم ئاڵوگۆڕەش بە ڕەهایی لە هەموو وشەکاندا ڕوونادات، بە جۆرێک هەندێک وشە هەیە بە هیچ شێوەیەک دەنگەکانی تێدا ناگۆڕێتەوە، بۆ نموونە: کوردزمانێکمان نەبینیوە لە بری (حەج) بڵێت: (هەج) یا (هاجی) لەبری (حاجی) بەکاربهێنێت، هەروەها (عەبا) بکاتە (ئەبا)، یان ناوی (عوسمان) بکات بە (ئوسمان) هەربۆیە بەشێک لە توێژەران و پسپۆڕانی ئەو بوار و مەیدانە جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەم فۆنیمانە "لە نژادا کوردی بووبن یا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر کەوتبنە ناوی گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە ئێستە بەشێکی بنجیی سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردین" (ئەمین، ٢٠٠٩ :١٥)، چونکە دیاردەی پەیدابوون و ئاڵوگۆڕی فۆنیم و دەنگ لە نێوان زمانەکاندا دیاردەیەکی سروشتییە، لە توانستی کەسیشدا نییە ئەم دیاردەیە ڕابگرێت، یاخود تایبەت بە زمانێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە زۆرێک لە زمانەکاندا ڕوویداوە.

**پێنج:** لەبارەی دەنگی [خ] و [غ]یشەوە، لەبەر ئەوەی لە ئاخاوتن و نووسینی کوردیدا زۆرجار تاکە وشەیەک بە یەکێک لەم دوو دەنگە بەکاردێت و دەنووسرێت، بۆیە دەکرێت دەنگی [غ] بە ئەلۆفۆنێکی [خ] دابنرێت، هەروەها لە نووسیندا هەموو /غ/یەکان بکرێنە /خ/، ئارەزووی چۆنیەتیی گۆکردنیش بۆ قسەکەر بمێنێتەوە (ڕەسوڵ، ٢٠٠٤ :١٠)، ئەم بۆچوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە:

(١) بە گەڕان بە نێو زار و بنزارەکانی کوردیدا، کەمترین وشە دەدۆزینەوە بە ئاڵوگۆڕکردنی /خ/ و /غ/ واتایان بگۆڕێت، تەنیا مەگەر نموونەیەکی وەک: خەرین (پرخە پرخ) : غەرین (هەڵخەڵەتاندن) و هاوشێوەکانی بدۆزینەوە.

(٢) بە تێڕامان لە دیوان و بەرهەمی کۆنی نووسراوی کوردیدا بۆمان دەردەکەوێت، زۆربەی ئەو جۆرە وشانە بە /غ/ نووسراون، بەڵام تا بەرەو سەردەمی نوێ هەنگاوبنێین، ئەوا ڕێژەی بەکارهێنانی /خ/ لە بەرانبەر /غ/دا زۆرتر دەبێت، ئەویش دەشێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە دەنگی [خ] دەنگێکی بێژییە، بە واتا لە کاتی گۆکردنیدا ژێیە دەنگییەکان نالەرنەوە، بۆیە لە گۆکردندا سوکترە و ئاسانترە (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٦٤).

لە ڕاستیدا ئەم گرفتەی /خ/ و /غ/ لە بەرابنەر گرفتی فۆنیمەکانی دیکە چارەسەرکردنی ئاسانترە، تەنیا پێویستی بە کۆڕایی ناوەندە ئەکادیمییەکان و پسپۆڕانی ئەو بوارە هەیە.

**شەش:** هەروەها فۆنیمی /وو/ی درێژیش لە دوو ڕووەوە جێگەی قسە لەسەرکردنە، ئەوانیش بریتین لە:

(١) ئەو گرافێم یا نیگارە نارێکەی بۆی دانراوە کە واوی کورت (و) دووبارەکراوەتەوە، لە ڕاستیدا ئەمە نادرووستە و لە گەڵ بنەما زانستییەکانی گرافێمدا نەگونجاوە.

(٢) کێشە و کەموکورتییەکی دیکەی ئەویە "لە زانستی دەنگسازیدا نابێت دەنگێک دوو پیت بنوێنێت" (تاهیر، ٢٠١٢ : ٣٣) لەبەر ئەوەیە زۆرجار زمانەوانان تایبەت ئەوانەی پێیانوایە لە سەرەتای وشەدا دێت، یەکێک لە واوەکانیان بە نەبزوێن و ئەوەی دیکەیان بە بزوێن داناوە (حاجی مارف، ١٩٨٢: ٤٠)، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە بگوترێت: پشتبەست بە بنەما فۆنۆلۆجییەکان ئەم واوە دەبێتە "یەک دەنگە و نەشمان بیستووە کە یەک دەنگ دولەت بێ، ئەوە ئەلفباکەیە کە ئەم هەڵەیەی پێ کردووین و ناکرێ لە ڕێنووسەوە سەیری دەنگەکان بکەین" (عەلی، ٢٠١٤ : ٢٤٢).

لە تایبەتی و خاسیەتە هەرە دیارەکانی فۆنیم ئەوەیە؛ ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، بەو واتایەی "دوو دەنگی جیاواز گەر بتوانن لە هەمان بیئەدا دەرکەون و دەرکەوتنی هەریەکە لەم شوێنە تایبەتەدا مانای جیای بەخشی لە

دەرکەوتنی ئەوی تردا ــ لە ناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتیدا ــ ئەوە ئەم دوو دەنگە سەر بە دوو فۆنێمی جیان و بە دوو فۆنێمی جیا لە قەڵەم دەدرێن لەم زمانەدا" (ئەمین، ٢٠٠٩ : ١٠)، بەڵام گرفتی سەرەکیی فۆنیمی /وو/ لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە چالاک و بەبەرهەم نییە، بە واتا فرەجاری یا دووبارەبوونەوەی زۆر نییە، بە جۆرێک لە ئەنجامی گەڕان و پشکنینەکانەوە تەنیا چەند وشەیەکی کەم بەرچاودەکەون کە گۆڕینی /و/ی کورت بە /وو/ی درێژ تێیاندا ببێتە هۆی گۆڕینی واتا، ئێمە لێرەدا چەند وشەیەک لەگەڵ واتاکانیان دەخەینەڕوو:

| جووتەوشە | ماناکانیان[١] |
| --- | --- |
| **خول : خوول** | سووڕ (دەور) : قەڵەو |
| **کول : کوول** | چەقۆیەک کە باش نەبڕێت : تەشتی نانکەران، تەویلە |
| **کوڕ : کووڕ** | مرۆڤی نێرینە : پشت چەماوە |
| **قـوڵ : قووڵ** | ئەو بەشەی ئاش کە باراشی تێدەکرێت یان کورت : پێچەوانەی تەنکە (عمیق) |
| **قوم: قووم** | تۆزێک (فرێک) ئاو : زیخی زۆر ورد (ڕەمڵ) |
| **موچە : مووچە** | مەعاش (راتب) : جۆرە زەوییەکی کشتوکاڵی بچووکە |

ئەمە لە کاتێکدا لە کردارەکاندا هەرگیز ڕۆڵی گۆڕینی واتا نابینێت، بەو واتایەی دوو کردارمان نییە کە وەکو جووتەوشە بە گۆڕینی /وو/ بە /و/ تێیاندا واتایان بگۆڕێت، هەروەها لەم نموونانەشدا، جگە لە هەریەکە لە نموونەکانی (موچە : مووچە) و (قوم : قووم) کە ناون، ئەوا جووتەوشەکانی دیکە سەر بە دوو بەشەئاخاوتنی جیاوازن، بە جۆرێک یەکێکیان ناو و ئەوی دیکەیان ئاوەڵناوە، هەر ئەم ناچالاکی و سستیەتیە وای لە هەندێک زمانەوان و نووسەر کردووە پێیانوابێت ئەم دەنگە زیاد لە پێویست گەورەکراوە، بە هەر شێوەیەک بنووسرێت کار لە گۆکردنی ناکات بۆیە ئاسایی دەبێت، ئەگەر لە نێو پیتەکاندا نەمێنێت و بکرێتە فۆنێکی ئەلۆفۆنی /و/، ئەمە جگە لەوەی بە لابردن و وازهێنانی لە نووسیندا کێشەیەکی ڕێنووسی کوردی دەڕەوێنێتەوە[٢]، هەروەها گرفتی کیبۆردی یونیکۆدیش چارەسەردەبێت.

لە ڕاستیدا ئەمانەی باسکران هیچیان نابنە بەڵگە و پاساوی زانستی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، چونکە بەبەرهەمی و ژمارەی دووبارەبوونەوە ناکرێت، بکرێتە پێوەر و بنەما بۆ دانان یا دانەنانی دەنگێک بە فۆنیم هەروەها پەیوەست بە گۆکردنەوە و ناسینەوەی وشەکانەوە ئەوە تەنیا بۆ کوردزمانە، بە واتا تەنیا بۆ قسەپێکەری ڕەسەنی کوردی ڕاستە، بەڵام ئەلفوبێ و پێڕەوی ئەلفوبێی بۆ زمانەکەیە، نەک بەکارهێنەرانی دیاریکراو، لە لایەکی دیکەوە گرفتی لابردنی ئەم فۆنیمە بە دیاریکراوی لە پرۆگرامی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە لە دوا پێداچوونەوەی چەند پەرتوکێک لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥ ــ ٢٠٢٦)دا دەریخست کە چ کێشە و گرفتێکی لە گوتنەوەی ڕێزمانی کوردی و دیاریکردنی یاساکاندا بە دوای خۆیدا هێنا.

---

[١] ()بۆ مانای ئەم وشانە و ڕێکخستنی خشتەکە سوودمان وەرگرتووە لە:

✎ هەژار (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە/ فرهنگ کوردی ــ فارسی، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران.

[٢] () بۆ ئەم بۆچوونە بڕوانە هەریەکە لە:

✎ عەلی، بەکر عومەر و ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠٠٥)، فۆنیمی (و)ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٥)ی شوبات، لا ٧ – ١٨.

✎ ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١١)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین؟ ــ لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٠)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، لا ٢٥١ – ٢٩٠.

**حەوت:** هەرچی فۆنیمی /ڕ/ی قەڵەویشە، ئەوا بۆچوونێک هەیە، هەر کاتێک بکەوێتە سەرەتای وشەوە پێویست بە نیشانەی ژێرەوەی (حەوتەکە) ناکات، چونکە کورد بە سەلیقە ئەو ڕێیە بە قەڵەو دەخوێنێتەوە یا گۆدەکات، ئەویش لەبەر ئەوەیە ئێمە هیچ وشەیەکمان نییە بە ڕێی سوک دەستپێبکات (ئەمین، ٢٠٠٩ : ١٤)، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ کوردزمانە، نەک بەکارهێنەرانی زمانەکە، بۆیە "ڕاست نییە بچین وێنەی فۆنێمێکی تر لە جێی دابنێین، بە تایبەتی کە ئەو فۆنێمە وێنەی خۆی هەبێ، دانانی وێنەی فۆنێمێک بۆ فۆنێمێکی تر، نەک هەر پێڕەوی نەکردنی دەستووره سەرەتایی یە ئاشکراکانی زمانەوانی یە، بەڵکو پەیداکردنی گرفتێکی نوێ یشە" (حاجی مارف، ١٩٨٢ : ٣٦)، لێرەدا پێویستە ئەوەشمان لەیادبێت پەیوەست بە ئەرسۆگرافییەوە "دانانی سەر و بۆر و ژێر یا دوپاتکردنەوەی نیشانە هەروەک دانانی تیپ وایە، بە واتایەکی تر، هەموویان هەر نیشانەن" (فەتتاح، ١٩٨٢ : ٢٥١)، ئەمە جگە لەوەی کاری لەم جۆرە، بە واتا گۆڕانی فۆڕمی گرافێمەکان فێربوونی زمانی کوردی بۆ منداڵان و کەسانی بێگانە ئاڵۆزدەکات.

**هەشت:** بەشێک لە زمانەوانان فۆنیمێکی دیکەیان بۆ پێڕەوی ئەلفوبێی کوردی زیادکردووە و لە نووسینەکانیاندا بەکاریدەهێنن، ئەویش فۆنیمی /یی/ی پێشەوەی هێزلەسەرە، بە تایبەت (محەمەدی مەحویی) لە نووسینەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە کرمانجیی ناوەڕاست " نۆ بڕگەیی فۆنێمی و دە پیتی هەیە. نۆ فۆنێم، نۆ فۆنۆگرافێم و یەک گرافۆفۆنێمی هەیە" (مەحویی، ٢٠١٦: ١٢٥)، ئەم فۆنیمەش وەک ئەوەی لە وشەکانی (بییر) و (شییر)دا دەبینرێت، تەنانەت توێژەری ناوبراو لە سەرجەم نووسینەکانی خۆیدا پەیڕەوی لە بەکارهێنانی کردووە، بە گوتەیەکی دیکە ئەم نووسەرە و خوێندکارەکانی یا شوێنکەوتووانی (مەنامە) باوەڕیان بە نووسینی فۆنۆلۆژییانە هەیە و پەیڕەوی تەرزی هێز و قورسایی خستنەسەرەکان دەکەن بۆ ئەم فۆنیمە و فۆنیمەکانی دیکەش لە نموونەی /وو/ی درێژ، بۆیە کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ نووسینەکانیان هەندێک وشە بە دوو /وو/ و هەندێکیشیان بە یەک /و/ دەنووسن! ئەم کارە و جێبەجێکردنیشی تەنیا بۆ خەڵکانی پسپۆڕ و دەرچووی بەشەکانی زمان ئاسانە، نەک خوێندەواری گشتی، بۆیە لە ڕاستیدا ئێمە بە جۆرێک لە ئاڵۆزکردنی ئەو ڕێنووسەی دەبینین کە چەندان ساڵە پەیڕەوی لێکراوە، کەواتە لەبری ئەوەی بێین کێشە و گرفتەکان قووڵتربکەینەوە، باشتر وایە تەنیا چارەسەری ناتەواییەکان و کەموکورتییەکان بکرێت، ئەویش پشتبەست بە پلانێکی دیاریکراوەوە.

**نۆ:** کێشەیەکی دیکەی لە ئەلفوبێی کوردیدا هی گرافێمەکانە، بە واتا ئەو هێمایانەی بۆ پیتەکان دانراوە، ئەویش دەشێت لە چەند لایەنێکەوە لێیبڕوانین: یەکێکیان لە زمانی کوردیدا دەنگی [و] و [ی] لە هەردوو باری بزوێن و نەبزوێندا دەبینرێن کە لە هەر بارێکدا شوێنێکی تایبەت دەگرن، یا لە دەوروبەرێکدا دەبینرێن و ناچنە جێگەی یەکدییەوە، بە جۆرێک ئەگەر کەوتنە دوای بزوێنێک یا لە پێشییەوە هاتن ئەوا دەبنە نەبزوێن، بۆ نموونە: (وەرە، خەو، یار، دیار)، ئەگەریش کەوتنە پێش یا دوای نەبزوێنەوە ئەوا دەبنە بزوێن، وەک لە وشەکانی (کوڕ، کورد، شیر، ماسی)دا هاتووە، تەنیا جیاوازییان لە هەردوو بارەکەدا ئەوەیە کە ئەو ماوەی بۆ درکاندنیان بە دەنگی بزوێن پێویستییانە زیاترە لەوەی بە نەبزوێن بدرکێنرێن، هەروەها کاتێک دەبنە دەنگی نەبزوێن، ئەوا هەڵوێستی زمان جۆرە جووڵەیەکی تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا لە بزوێنەکاندا ئەم جووڵەیە بەرهەستەناکرێت و زمان لە بارێکی جێگیردا دەبێت (دزەیی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٣: ٤٩ ــ ٥٠)، بۆیە ئەوەی لێرەدا گرفت بێت بۆ ئەم دەنگانە لە درکاندنیاندا نییە، بەڵکو ئەوەیە لە هەردوو باردا بە هەمان گرافێم دەنووسرێن یا دەنوێنرێنەوە، لە کاتێکدا نابێت پیتێک یا گرافێمێک نوێنەرایەتیی دوو فۆنیم بکات، چونکە لە هیچ زمانێکدا ئەم دیاردەیە بەرچاوناکەوێت. دووەم گرفت پەیوەست بە گرافێمەکانەوە فرە گرافێمی یاخود جۆراوجۆری نووسینی پیتەکانە، بەواتا زیاتر لە هێمایەک بۆ هەمان گرافێم دانرابێت، لێرەدا مەبەستمان لە دیاردەی ئەلۆگراف نییە، بەڵکو وەک ئەوەی لە /ک/دا هەیە، کاتێک دەکەوێتە کۆتایی وشە، ئەوا گرافێمەکەی جیاوازە لەوەی لە سەرەتا یا ناوەڕاستدا هاتبێت، ئەویش لەوەدا کە هەمزەیەکی بچووک یا هێمایەکی دیاریکراو دەخرێتە سەر پیتەکە!

ئەم گرفتەش چارەسەرکردنی ئاسانە، تەنیا بە بڕیاردان لەسەر بیچم و شێوەی گرافیمەکان دەکرێت، هەروەها لە دوای پەسەندکردنیشیان بە فەرمی شێوازە ددانپێدانراوەکە بکرێتە بنەما بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندن هەروەها لە پێڕەوە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەت بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی فۆنتەکانی کۆمپیوتەریشدا پەیڕەوبیکرێت.

### ٣ . ١ . ٥: گرفتی ڕێنووسی کوردی

ئەمانەی لە بابەتی پێشوودا خرانەڕوو لە کێشە دیارەکانی ئەلفوبێی کوردین، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە، پێویسە دوو کێشە لە یەک جیابکەینەوە، ئەوانیش کێشەی ئەلفوبێ و ڕێنووسە، چونکە بە بۆچوونی ئێمە ئەو ئەلفوبێیەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت، ڕاستە چەند ناتەواوی و گرفتێکی هەیە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەلفوبێی زمانەکانی دیکە دەکرێت، بگوترێت: گرفتی کەمترە، یاخود ئەوانەشی لە ئارادان، دەکرێت چارەسەربکرێن، بۆ چارەسەرکردنیشیان تەنیا پێویستیمان بە کۆدەنگی و بڕیاردانە.

لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکیی ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا کێشەی ڕێنووسە، ئەو بێسەرەوبەرەییەی ئەمڕۆ لە ڕێنووسی کوردیدا بەدیدەکرێت، دەریدەخات کە خوێندەواری کورد لە گەورەترین سەرگەردانیی نووسیندایە، بە جۆرێک هەر کەس و دەزگا و ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنێک...تاد. بە جۆرێک دەنووسێت، باوەڕناکەین لە هیچ شوێنێکی دونیادا نموونەی ئەم فرە شێوازییە یا جۆراوجۆرییە هەبێت. ئەمەش ئاریشەیەکی گەورەیە، چ بۆ داهاتووی زمانەکەمان، چ بۆ بناخەی زمانی ئەلیکترۆنیی کوردی کە لە ئێستادا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دایە، ڕاستە خۆشبەختانە لە ئێستادا بووەتە یەکێک لەو زمانانەی کە لە ڕێگەی (گوگڵ)ـەوە دەتوانێت وشەکانی وەربگێڕێت، یا لە ژێریی دەستکرد (AI) زمانی کوردی بەشدارە و ڕۆژانە لە ڕێگەیەوە زانیاری بەدەستدەهێنرێت، بەڵام جۆراوجۆریەتیی نووسینەکەی گرفتێکی سەرەکی دەبێت بۆی و پێویستیی بە چارەسەری هەنوکەییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گونجاوترین ڕێنووس لە ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیادا ئەوەیە کە زۆرتر لە لایەن بەکارهێنەرانەوە نووسراوە، یا کۆڕایی و دووبارەکردنەوەی هەیە، ئەگەر هەڵەش بێت.

کەواتە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ئەکادیمیای کوردی خۆی بە خاوەنی زمانی کوردی بزانێت و کاری زیاتر لە بارەی ڕێنووسی کوردییەوە بکات، هەروەها هەوڵدات کۆنفرانسێکی دیکەی فرەوانتر بۆ ئەو ڕێنووسەی ساڵانی پێشوو پێشنیازی کردبوو سازبکات، تاوەکو یاسا و دەستوری تایبەتی بۆ دابنرێت و ئەو گرفتانەشی ماون بخرێنە بەر باس و توێژینەوە، دوای کۆنفرانسەکەش ڕاستەوخۆ ئەکادیمیا بە نووسراوێکی فەرمی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە لە بارەی ڕێنووس و بنەماکانی دروستنووسییەوە بۆ هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت و سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و دەستەڵاتی دادوەری بنێرێت، بە جۆرێک پابەند بە بەکارهێنانی ڕێنووس و ئەلفوبێیە پێشنیازکراوەکەیانەوە بکات.

لە لایەکی دیکەوە پەیوەست بە ڕێنووسەوە، جێگەی ئاماژەبۆکردنە، زمان بۆ ئاخێوەرانی زانیارییە، بە جۆرێک ئاخێوەرێکی زمان لە ئاوەزیدا زانیارییە فۆنۆلۆژی و واتایی و سینتاکییەکان هەن، لەبەر ئەوە ئاخێوەر خوێندەوار یا نەخوێندەوار بێت دروستەکان خۆڕسکانە بەرهەمدەهێنێت و واتاکانیان بە ڕاستی لێکدەداتەوە و بە ڕاستیش دەریاندەبڕێت، تەنانەت بە جۆرێکە هیچ کات ئاخێوەر پەیوەست بەو زانیارییانەوە هەڵەناکات، بگرە هەڵەکانیش دەناسێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئاخێوەر زمان بە کۆی زانیارییەکانییەوە لە زمانی دایکییەوە هەڵدەهێنجێت، نەک فێربکرێت! بۆیە ئەوەی دەبێت فێربکرێت ڕێنووس و دروستنووسییە، تاکی کوردیش لەم ڕوانگەیەوە لە هیچ وێستگەیەکی خوێندن و خوێندەواریدا بنەماکانی لەو بارەیەوە پێناگوترێت! تەنانەت پڕۆگرامەکانی خوێندنی لە سەرەتاییەوە بۆ زانکۆش پڕن لە جیاوازیی نواندنی ڕێنووس و دروستنووسی، بەمەش ئاخێوەرەکە لە نێو پڕۆگرام و دەقەکاندا بە سەرلێشێواوی دێتەدەرەوە، بۆیە گرانە دەقێک بە ڕێنووسێکی ستانداردەوە بەرهەمبهێنێت، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە گرنگە، ئەمە بکرێتە بە شێک لە پلانسازیی زمانی و پەروەردەیی لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا، بە واتا ئەم لایەنە

بكرێته بەشێک لە پرۆگرام و بە وانەی تایبەت بخوێنرێت کە ئەرکی سەرەکیی ئەم کارەش دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەوە، بە واتا لە بری ئەوەی سەرتاپای پرۆگرامی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ ڕێزمان و بابەتە ئەدەبییەکان بێت، ئەوا دەکرێت بەشێکی باش بۆ ئەم لایەنە تەرخانبکرێت!

**٣ . ٢: زاراوەسازی و بەرهەمهێنانی زاراوە**

لە دەستپێکدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، لێوردبوونەوە و شیکردنەوەی زاراوەسازی/ تێرمینۆگرافییانە (Terminography)لەگەڵ شیکردنەوەی زاراوەناسی/ تێرمینۆلۆژییانە(Terminology) دوو لایەن و بابەتی جیاوازن، بە جۆرێک یەکەمیان لە پێکهاتن، بنەچە و ڕیشەی زاراوەکان دەتوێژێتەوە. هەرچی دووەمیانە لە زاراوە وەک زانست، بە واتا توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوە زمانییەکان دەکات (مەنتک، ٢٠١٩: پێگەی ئەلکترۆنی)، سەبارەت بە زمانەوانیی کوردیش لە هەروو لایەنەوە گرفتمان هەیە، بە گوتەیەکی دیکە زاراوە و لایەنەکانی، یەکێکی دیکە لەو کێشە و گرفتانەیە لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی میللەتان و دەوڵەتان دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنە خێرایانەی لە بوارەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و گشت بوارەکانی دیکەی ژیاندا هەیە کە هۆی سەرەکیی زیادبوونی چەمك و واتاكانە، بە جۆرێك تاوەکو ژیان بەرەوپێشتر بڕوات واتاکان بێ سنوورتر دەبن، بە ڕادەیەك وشەكانی زمان بەشیان ناکات، بۆیە ڕۆژانە سەدان و بگرە هەزاران زاراوەی نوێ لە گشت بوار و زانستەکاندا پێویست دەبن، چونکە بەهۆی "ئەو پێشکەوتنە خێرایانە، وا پێویست دەکات، بۆ هەر چەمکێکی ئەو بوارانە زاراوە دابنرێ، لێکۆڵینەوە و کاری یەکخستنی بۆ بکرێت" (تاهیر، ٢٠١٢ : ١٠١).

دەوڵەتان کە سەدان ساڵە خاوەن قەوارەی سەربەخۆن و خزمەتی زۆری زمانەکانیان کردووە، گیرۆدەی دەستی زاراوەی نوێ بن و بە پلان کار لە زاراوەسازیدا بکەن، ئەی ئێمەی کورد لەم ڕووەوە دەبێت چی بکەین و چۆن هەنگاو بنێین؟ بە دڵنیاییەوە بۆ کارکردن لە بواری زاراوەسازیدا و چارەسەرکردنی کێشەی زاراوە، هاوشێوەی وڵاتان دەبێت پلانمان هەبێت.

بەر لەوەی بچینە سەر ستراتیژیەت و چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی زاراوە، پێویستە کورتەیەک لە بارەی ئەرکی زاراوەسازی و مێژووی زاراوەسازیی کوردییەوە بخەینەڕوو، زاراوەسازی یا زاراوەزانی، وەک بابەتێکی گرنگ لە زانستی زماندا دوو لایەن دەگرێتەوە، یاخود دوو ئەرک جێبەجێدەکات کە ئەوانیش بریتین لە: (١)

**دەربڕینی زاراوە،** بە واتا ئەو هێما زمانییە تایبەتییانەن کە لە پیشەیەک یان هونەرێک یان زانستێک یاخود بابەتێکی دیکەدا بەکاردەهێنرێن. (٢)

**ناولێنان،** ئەمەیان زۆتر مەیدانی خوێندن و توێژینەوەیە، بۆ نموونە: لە مەیدانی ناونانی ڕەگەزە ئەدەبی و میتا زمانییەکان، یاخود ناونانی مادده کیمیاییەکان و ڕووەکەکان و گیانلەبەراندا (غەریب، ٢٠١٢ : ١٢).

بە شێوەیەکی گشتی زاراوەسازیی کوردی بە ڕێگایەکی ناهەمواری پێشکەوتندا تێپەڕیوە، بایەخێکی زۆری پێنەدراوە، بە ڕادەیەک دەکرێت، بگوترێت: کەمترین نووسین و توێژینەوەی زانستی لە بارەوە نووسراوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی مێژووی زاراوە لە زمانی کوردیدا بە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردییەوە پەیوەست بێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ : ١٤)، تەنانەت ئەگەر لەبەر تیشکی مێژوو بڕوانینە تەمەنی زاراوەکانی ئەمڕۆی زمانەکەمان، سەرچاوەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دیاریبکەین، ئەوا دەبینین:

(١) سەرچاوەی سەرەکی و گشتییان لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە تاکە کەسییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە یا پێکهاتووە.
(٢) لەگەڵ سەرچاوە تایبەتی و پسپۆڕییەکان کە کتێب و نامیلکە و توێژینەوە زانستییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دەگرێتەوە.

(٣) هەروەها بەشێک لەو لیستە سەربەخۆیانەی تایبەتن بە دانان و ئامادەکردنی زاراوە (بۆ نموونە: چوار لیستەکەی زاراوەکانی کۆڕی زانیاری) (بەسیر، ١٩٧٩ : ١٠٦ – ١٠٧) .بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەماسییانەشدا، هەر چۆنێک بێت

دەتوانین، بڵێین: لە ئێستادا زاراوەسازیی کوردی، دوو قۆناغی بڕیوە، ئەوانیش: قۆناغی یەکەم، پەیدابوونی دێرین و بنجی کە لە ناخی زمانی کوردییەوە هەڵقوڵاوە و چەسپاوە. هەرچی قۆناغی دووەمیشە، ئەوا قۆناغی دانان و سازکردنی زاراوەیە، لە ڕێگەی ڕێباز و یاساکانی و شەڕۆنانەوە (عەبدول، ٢٠٠٨ : ٦٤)، بۆیە دەکرێت، بگوترێت: قۆناغی دووەم هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و ڕێکخستن و دۆزینەوەی هاوواتا (مرادف) و پێناسینی زاراوەکانەوە هەیە (غەریب، ٢٠١٢ : ١٧).

### ٣ . ٢ . ١: بەرهەمهێنانی زاراوە

بەرهەمهێنانی زاراوەکان بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییيانەیە کە تێیدایەتی، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە دوو ڕێگای سەرەکییەوە دەکرێت:

#### ٣ . ٢ . ١ . ١: دانان و ڕۆنان

زمانەوان و زانایان لەسەر ئەوە هاوڕان کە فەرهەنگی هەموو زمانێکی زیندوو پێویستی بە گەشەکردن و بەردەوامی هەیە، تاوەکو بتوانێت لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و ژیاندا هەنگاوبنێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێباز و یاسای تایبەتی وشەسازی و واتایی دەکرێت، بۆ پێکهێنان و دروستبوونی وشە و پێکهاتەی زمانەوانیی نوێ بە ئامانجی ناونانی کەرەستە و چەمکەکانی سەردەم کە بەردەوام هەڵدەقوڵێن و هەتا دێت پتردەبن (غەریب، ٢٠١٢ : ٢٤)، چونکە ناکرێت شت و دیاردە نوێیەکان بێناو بمێننەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پسپۆڕ و شارەزایانی زمانەکەوە بە پشتبەستن بە یاسا زمانییەکان و ڕێگا جۆربەجۆرەکانی سازکردنی زاراوەوە دەبێت.

زمانی کوردیش هەر لە کۆنەوە ڕووبەڕووی لێشاوێکی گەورەی چەمک و دیاردەکان بووەتەوە و سەدان دیاردەی نوێ هاتوونەتە نێویەوە، ئەمەش بەهۆی کرانەوەی وڵاتەکەمان بە ڕووی جیهاندا، هەروەها بوونی زمانەکەمان بە زمانی پەروەردە و فێرکردن و کارگێڕی و یاسادانان و زمانی دادگەری و تەکنەلۆژیا و...تاد. چونکە تاوەکو لە ژیان و شارستانیەتەوە نزیکبینەوە، پێویستمان بە زاراوەی نوێ دەبێت، ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بێت لە بواری زاراوەسازیی کوردیدا، ئەوەیە کە زمانی کوردی لە کۆندا بێگومان بەرانبەر بە دانانی زاراوە وەک ئەمڕۆ نەبووە، چونکە زمانی کوردی لە ئێستادا بە قۆناغێکی مەزنی گەشەسەندن و پەرەپێدان دەڕوات، ئەم پێشکەوتنەش وا پێویست دەکات بایەخ بە بنەماکانی دانانی زاراوەی زمانی کوردی زیاتر بدرێت و لە بنەما و ستراتیژیەتەکانی بتوێژرێتەوە (تاهیر، ٢٠١٢ : ٢٣٢). خزمەتکردنی زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی بە زاراوەی جۆراوجۆر بۆ گشت دیاردە و پێداویستییەکان، لە چەندان ڕێگاوە دەبێت، لە گرنگترین ڕێبازەکانی دانان و پێکهێنانی زاراوەی کوردیش: داڕشتن، لێکدان، ئاوەڵواتا، وەرگێڕان، کورتکردنەوە، ئەکرۆنیۆم، زرەڕێژ، ئاوێتەکردن، ، کرتان و کۆکردنەوە و ... تاد.


#### ٣ . ٢ . ١ . ٢: وەرگرتن

ئەم ڕێگەیە، لە نووسین و بەرهەمە کوردییەکاندا بە (وەرگرتن، خۆماڵیکردن، کورداندان، کوردێنراو، گونجاندن، گونجێنراو، قەرزکردنی زمانەوانی، قەرزکردنی زاراوە، خواستن و گواستنەوی زاراوە ... تاد.) باسکراوە، مەبەستیش لێی ئەوەیە، وشە و زاراوەی زمانێکی دیکە، بە بێ گۆڕین، یا بە گۆڕینێکی تایبەتیی ئەوتۆوە کە لەگەڵ دەستووورە دەنگسازی و وشەسازییەکانی زمانی کوردیدا بگونجێت، وەربگیرێت و بگوێزرێتەوە بۆ نێو فەرهەنگی زمانی کوردی (غەریب، ٢٠١٢ : ٢٨)، ئەمەش لە هەموو زمانێکدا ڕێبازێکی سەرەکییە لە دانان و سازکردنی زاراوەدا، هەروەها کارێکی ڕەوایە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و نەبوونییەکانی فەرهەنگ، بۆیە زۆربەی زمانەوانەکان لە بارەیەوە هاوڕا و کۆکن، بە واتا نکۆڵیان لەم پێواژۆیە نەکردووە، چونکە ئەم کارە لە سەردەمی کۆن و نوێدا هەبووە، هەروەها هیچ گەلێکیش بە سەربەخۆیی و دوور لە میللەتان ناژیێت، دوای ئەوەش هیچ میللەتێک بە بوونی چەند وشەیەکی بێگانە لە زمانەکەیدا تووشی گرف نەبووە و نابێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ : ١٢٩ – ١٣٠)، کەواتە خواستن و وەرگرتنی وشە و زاراوەی زمانێک لە لایەنە زمانێکی دیکەوە، "دیاردەیەکی مێژوویی و کولتووری و سیاسیی و جیهانییە. هیچ زمانێک نییە سەدان وشەی لە زمانانی دەوروبەری

یان زمانانی جیهان وەرنەگرتبێت" (میراودەلی، ٢٠٠٧: ١٣٥)، بە جۆرێک تێکەڵاوبوون و پەیوەندیی نێوان میللەتان دەبێتە هۆی گواستنەوە و دەوڵەمەندبوونی زمانەکانیشیان، بۆیە نابێت هەستیاربن بەرانبەر ئەم دیاردەیە و پێیان ناخۆش بێت کە وشە و زاراوەی بێگانە وەربگرن و لە زمانەکەیاندا بەکاریانبهێنن، بە تایبەتیش ئەو زاراوانەی لەبەر پێویستبوونی زمانی خۆماڵی و بواری و ڕۆشنبیری وەردەگیرێن.

**٣ . ٢ . ٢: سەرچاوەکانی وەرگرتنی زاراوە**

سەبارەت بە زمانی کوردی و فەرهەنگەکەی بە گشتی کەرەستە وەرگیراوەکانی بۆ ئەو سەرچاوانەی نێو دایاگرامی (١) دەگەڕێنەوە:




**دایاگرامی (١)**

ئەو کەرەستە زمانییانەی لە نەتەوە دراوسێکانەوە هاتوونە نێو زمانی کوردییەوە، جگە لە شوێنی کوردستان و مێژووی چەند هەزار ساڵەی، ئەوا دەتوانین بڵێین: بۆ کارتێکردنیان هۆکاری دیکەش هەبووە، بە جۆرێک:

✎**زمانی عەرەبی:** تێکەڵبوونی کورد و عەرەب تەنیا لە سەر بنەمای دراوسێیەتی دانەمەزراوە، بەڵکو هۆکارەکانی [ئایین، ڕامیاری و داگیرکاری، ئابووری، ئەدەبی، ڕاگەیاندن و میدیا، کردنی زمانی خوێندن بە عەرەبی و سیاسەتی ڕاگواستن ... تاد.] هۆکاری بەریەککەوتنی زمانی بوون لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا.

✎**زمانی فارسی:** زمانی کوردی لە تەک فارسیدا هەردوکیان هیندۆئێرانین، واتە پەیوەندییەکی خزمایەتیی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەک وشەی هاوبەش لە نێوان ئەم دو زمانەدا ببینرێن، سەرباری ئەم خزمایەتییە زمانییە، [بازرگانی، داگیرکاری، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی، ئاوارەیی و دەربەدەربوونی میللەتی کورد بۆ ئەم وڵاتە، ڕاگەیاندن و میدیا، ... تاد.] یارمەتی هاتنی کەرەستەی زمانی فارسییان بۆ نێو زمانی کوردی داوە.

✎**زمانی تورکی:** هەرچی کاریگەریی زمانی تورکیشە لەسەر زمانی کوردی، ئەوا جگە لە هاوسێیەتی، دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکارییەکانی هۆکاری هاتنی کەرەستەی زمانی بوونە لە زمانی تورکییەوە بۆ زمانی کوردی، لە ئەمڕۆشدا [بازرگانی و ئابووری، گەشتوگەڕان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ... تاد.] ڕۆڵ لەم تێکەڵکردنە زمانییە دەبینن.

هاتن و بەکارهێنانی زاراوە جیهانییەکانیش بۆ کرانەوەی کوردستان بە ڕووی دونیا، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی بوارەکانی زانین و ژیاری دەگەڕێتەوە، چونکە گۆڕانکارییەکان هێندە زۆر و خێران هیچ زمانێک فریایان ناکەوێت، هەروەها نەبوونی کۆڕێکی ئەکادیمیی چالاک و ناوەند و لیژنەی زانستیی خەمخۆریش هۆکارێکی دیکەی هاتنیانە، بۆیە "نەک هەر لە زمانی کوردیی، بگرە لە سەرجەم زمانەکانی جیهاندا کێشەی زاراوەی جیهانیی هەیە، چۆن وەربگیرێت و چۆن بگۆڕدرێت و وەربگیردرێت بەبێ گۆڕان، ئەگەر گۆڕراش بە چ ڕێبازێک دابڕێژرێت. ئەم کێشانەش لە چەند پرسیارێکدا خۆیان دەنوێنن، ئایا بوونی ئەم زاراوە جیهانییە لە زمانەکەماندا پێویستە؟ ئەگەر پێویست بوو تا چ کاتێک بمێنێتەوە؟ ئایا مانەوەیان هەمیشەییە یا کاتی و قۆناغییە؟ "(تاهیر، ٢٠١٢ : ٢٧٦ ،(هەروەها ئەم زاراوانە بوونیان لە هەمو زمانێکدا وەکیەک و بە هەمان بڕە؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری دیکە لە بارەی ئەم بابەتەوە هەیە کە پێویستییان بە توێژینەوەی زیاتر و بابەتی سەربەخۆیە.

### ٣ . ٢ . ٣: جۆرەکانی وەرگرتن

کەرەستە وەرگیراوەکان لە زمانی کوردیدا، وەک هەر زمانێکی دیکە، دەکرێت لە یەکێک لەم ڕێگا و جۆرانەوە هاتبنە نێو فەرهەنگەکەیەوە کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەدرێت:

### ٣ . ٢ . ٣ . ١: وەرگرتنی بێدەستکاری

لەم جۆرە وەرگرتنەدا ناوی هەندێک شت و دیاردە کە لای ئێمە نەبوون وەک خۆیان و بەبێ هیچ دەستکاریکردنێک هاتونەتە نێو زمانەکەمانەوە، بۆیە زۆرجار پێیدەگوترێت: وەرگرتنی وەک خۆی، بە نموونە وشەکانی: حەج، زەکات، مەساج، تویت، پۆک، لایک، شەیر... تاد. بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک هاتوونەتە نێو فەرهەنگی کوردییەوە، بە واتا ڕاستەوخۆ وەرگیراون و گواستراونەتەوە.

### ٣ . ٢ . ٣ . ٢: وەرگرتنی گونجێنراو

ئەم دیاردەیە لە زمانانی دیکەشدا هەیە، لە ئینگلیزی (Transliteration) و لە عەرەبیدا (التعريب)ی پێدەگوترێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ : ١٤٣)، لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (کوردێنراو)ی بۆ بەکارهێنراوە کە لە زووەوە سوودی لێبینراوە، بە شێوەیەک وشە و زاراوە وەرگیراوەکان خراونەتە ژێر ڕکێفی زمانی و ڕێنووس و فۆنەتیک/دەنگزانیی کوردییەوە، بەو واتایەی خۆماڵیکراون، یا لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجێنراون، ئینجا بەکارهێنراون، بە نموونە: (طيارة)ی عەرەبی بە (تەیارە) و (اثبات) بۆ (ئیسپات) گۆڕاوە، هەروەها (بایسکل)ی ئینگلیزیش بە (پاسکیل).

### ٣ . ٢ . ٣ . ٣: وەرگرتن بە گۆڕینی واتاوە

یەکێک لە بنەماکانی گواستنەوەی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە مانایە، واتە وشەکە لە زمانی خۆیدا بۆ چ مانا و مەبەستێک بەکارهاتبێت بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکاربرێتەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا وشەی وامان هەیە، ڕوخسار و نێوەرۆکەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو تەنیا ڕوخسار و فۆڕمی وشەکە گوازراوەتەوە و واتای نزیک یا واتایەکی دیکەی بەبەرداکراوە، بە نموونە: ئەگەر سەرنج بدەین )قەتڵ) عەرەبییەکی ڕوتە و زۆر کەس پێیانوایە بە ڕوخسار و نێوەرۆکەوە هاتوەتە نێو کوردییەوە، بەڵام وانییە، چونکە )قەتڵ) لە عەرەبیدا (کوشتن) دەگەیەنێت بە شێوەیەکی ڕەها، بەڵام )قەتڵ) لە کوردیدا تەنیا بۆ کوشتنی بە ناهەق بەکاردێت، یا وشەی (حورمەت) لە عەرەبیدا (قەدەغە و حەرامبوون (دەگەیەنێت، بەڵام لە کوردیدا ماناکەی گۆڕاوە بۆ (ڕێزگرتن)، یاخود (عاسێ) کە بە عەرەبی (عاصی)یە و هاوواتای (یاخی)ی کوردییە، لە کوردیدا بە مانای )سەخت( بەکاردەهێنرێت، یانیش (مەعتەل) کە لە )معطل)ەوە وەرگیراوە، لە عەرەبیدا )پەککەوتو و لەکارخراو)دەگەیەنێت، بەڵام کوردییەکەی (ڕاگرتن و دواخستن)ـە وەکو دەڵێن: چیدی مەعتەڵم/مەحتەڵم مەکە، )تەعلیق)یش عەرەبییە و لە ناوی کرداری )علق(ی عەرەبی وەرگیراوە، (علق) بە عەرەبی واتە: (لێیدواو و سەرنجی لە بارەوە دەربڕی)، بەم جۆرە ـــ مانای ناوی کردارە لە عەرەبییەکە دەبێتە (لێدوان و سەرنج لەبارەوە دەربڕین)، بەڵام بە کوردی مانای (پلار و توانج و تانە و تەشەر)ی هەیە (سەید مینە، ٢٠٠٧: ٧٦ ـــ ٧٧).

### ٣ . ٢ . ٣ . ٤: وەرگرتنی کۆی بیانی

وەرگرتن و بەکارهێنانی شێوەی کۆکراوەی وشەیەکی زمانانی دیکەیە لە نێو زمانی کوردیدا، بە گوتەیەکی دیکە شێوەیەکی ناوی کۆکراوەیە کە بە یاسا و ڕێوشوێنی زمانی نەتەوەیی دروستنەکراوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە زمانێکی بیانییەوە وەرگیراوە، لە کوردیدا نموونەی بەرچاو هەن کە لە زمانی قسەکردن یا نووسیندا بەکاردەهێنرێن و لە عەرەبییەوە وەرگیراون، لە نموونەی وشەکانی: نەقڵیات، مەشڕوبات، ئەفکار، عادات، ئودەبا، ... تاد. (میراودەلی، ٢٠٠٧: ٦٧).

### ٣ . ٢ . ٣ . ٥: وەرگرتنی بچوککراوە

کورتبڕی لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا بۆ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێشکەوتنی زمان دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەیە لە هەمو زمانێکدا چەند ڕێگەیەک هەیە کە ئیکۆنۆمی تێیاندا ڕۆڵی خۆی لە سازکردنی وشە و یەکە فەرهەنگییەکانیشدا

دەبینێت (سالح، ٢٠١٢ : ١٠٦ ــ ١٠٧)، لە هەمان کاتیشدا مانا و واتای کەرەستە سەرەکییەکە دەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەندێکجار وشەکە بە فۆڕمە بچووکراوەکەیەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازرێتەوە، لەم ڕووەوە زمانی کوردی چەندان فۆڕمی لەم جۆرەی وەرگرتووە، بۆ نموونە: (IELTS)ی ئینگلیزی کە ئەکرۆنیۆمە جگە لەوەی چوەتە فەرهەنگەوە، چووەتە نێو فەرهەنگی زمانی نەتەوەی دیکەوە، هەروەها(VIP: Very Important Person) یش کە بە ڕێگەی پێشپیتی سازکراوە، ڕاستەوخۆ بۆ نێو زمانی کوردی و زۆر زمانی دیکە گوێزراوەتەوە، تەنانەت زۆر کەس فۆڕمی سەرەکیی وشەکە هەر نازانن، یاخود بیر لە پێکهێنەرەکانی ناکەنەوە.

### ٣ . ٢ . ٤: شێوازەکانی وەرگرتن و بەرهەمهێنانی زاراوە

بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی تێیدایەتی، وەک ئەوەی لە بابەتی (٣ . ٢ . ١)دا خرایەڕوو بە گشتی لە دو ڕێگەی سەرەکییەوە دەبێت، دەکرێت هەریەکەیان بە بێپلان و بە شێوەی هەڕەمەکی و تاکەکەسی، یا بەپێی پلانسازیی زمان و زاراوەسازی ئەنجامبدرێن (لویس جان، ٢٠٠٨ : ٣٢٧)، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەردوو شێوازەکە دەدەین:

### ٣ . ٢ . ٤ . ١: بە بێپلان و شێوازی هەڕەمەکییانە

لە هەر کات و شوێنێک قسەپێکەرانی زمان، یاخود نووسەران و توێژەران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی بارێک بوونەوە کە لە زمانی کوردیدا زاراوەیەک نەبووبێت بەکاریبهێنن، ئەوا بە ناچاری زاراوەیەکیان لە زمانێکی دیکەوە وەرگرتووە، یاخود بە یەکێک لە یاساکانی بەرهەمهێنانی وشە زاراوەیەکیان بەرهەمهێناوە، ئەمەش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە بەهۆی بارودۆخی تایبەتیی وڵاتەکەمانەوە، ئێمەی کورد لە هیچ ڕوویەکەوە بۆمان نەلواوە بایی پێویست، ئامادەی زاراوەسازی و بوارەکانی بین، تەنیا سۆز و خۆشەویستی وایکردووە لێرە و لەوێ مێرخاسێکی کورد بە ئەرکی ماددی و بە ڕادەی لێهاتوویی خۆی، خەریکی گرتنی بەشێکی ئەو کەلێنە گەورەی لە زاراوەی کوردیدا هەیە بووبێت، لە ئەنجامیشدا خزمەتێکی کردبێت (محەمەد، ٢٠١١ : ٨)، بە شێوەیەک دەکرێت، بگوترێت: ئەو کەسە بە "تاکە زاراوەیەک یان ژمارەیەکی سنوورداری زاراوەکانەوە خەریک دەبێت. زاراوەسازیی تاک لایەنە، لە وەرگێڕانی تەکنیکی و پیشەییەکاندا باوە، لەو شوێنەی کە زاراوەیەکی تایبەت (یان گروپێکی زاراوە تایبەتەکان) بە خێرایی پێویست دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرگێڕانێکی تایبەت، ئەم جۆرەی زاراوەسازی زیاتر تاکە کەسییانەیە" (سورخی، ٢٠١٤: ١٦).

### ٣ . ٢ . ٤ . ٢: بەپێی پلانسازیی و پێڕەومەندانە

ئەمەیان جۆرێک لە "زاراوەسازیی بە کۆمەڵە کە دەچێتە چوارچێوەی پلانی زاراوەسازییەوە، پەیوەندیی بە هەموو زاراوەکانی بابەتێک لە ژینگەیەکدا یا چالاکییەک لە بوارێکی تایبەتەوە هەیە" (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشو)، بە گوتەیەکی دیکە لێرەدا پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەکانی فەرهەنگی زمان، بەپێی سیاسەتێکی زمانی و لە لایەن دەزگای ئەکادیمی و پسپۆڕەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە لە ڕاستیدا زاراوەسازی کاری لیژنەیە، بۆیە ئەوانەی زاراوەی زانستی دادەنێن، پێویستە پسپۆڕی زمانەوانی و ئەو زانستەی تێدا بێت کە زاراوەکەی بۆ دادەنێن (بوطاجین، ٢٠٠٩ : ٥٧)، هەروەها لە وەرگرتنی زاراوەشدا دەبێت دەزگا و لیژنەی تایبەتی ئەم کارە ئەنجامبدات، هەروەها ئەزموونی وڵاتان و ڕێژەی وەرگرتنیش پێویستە لەبەرچاوبگیرێت.

### ٣ . ٢ . ٥: ڕۆڵی پلانسازیی زاراوە لە زاراوەسازیی کوردیدا

پلانسازیی زاراوەسازی دەکرێت هۆیەکی سەرەکی بێت لە هەڵبژاردنی کۆدەکان(Edem, ٢٠٠٠: ١٠) ، بۆیە بوونی پلانێکی ئاگایانە و پێڕەومەندانەی زاراوەسازی مایەی گەشانەوەی زمانە پسپۆڕییەکانە بەپێی پێویستییەکان و پابەندییەکان و پەیوەندیی ژینگەیی کە ڕۆژانە چەندان زاراوەی پسپۆڕانە لە سەدان زمان لە سەرانسەری دونیادا بەدیدەهێنێت، بەڵام لە بواری نەتەوەیی کارکردن بۆ پلانێکی پێڕەومەندانەی زمانی کوردی کارێکی ئاسان نییە، کێشەی سەرەکی و دیار لەم

ڕووەوە کە دێتە سەر ڕێی پلانی زاراوەسازیی کوردی، ئەوەیە تەنیا لە چوارچێوەی پارچەیەکی کوردستاندا، واتە باشوور دەکرێت کار بۆ پلانێکی وەها بکرێت (سورخی، ٢٠١٤: ٩: ٢٢).

بەم شێوەیە لە بارەی زمانی کوردی و چارەسەرکردنی کێشەی زاراوەسازییەوە، ئەکادیمیای کوردی تاکە دەزگای پەیوەندیدارە بۆ دانان و وەرگرتنی زاراوە، لەبەرئەوەی لە ئەکادیمیا لیژنەیەکی تایبەت بە ناوی لیژنەی زاراوە هەیە، ئەگەرچی ئەم لیژنەیە تاوەکو ئێستاکە وەکو پێویست بە کاری خۆی هەڵنەستاوە، یا بایی پێویست کاری لە بارەی زاراوە و بەرهەمهێنانی زاراوەی کوردییەوە نەکردووە، بەڵام دەکرێت لەمەودوا ئەو لیژنەیە چالاک بکرێت، چونکە یەکخستنی زاراوە هەوێنی بونیادنانی یەک زمانی زانستییە، هەروەها جگە لە ئەکادیمیای کوردی کە پێویستە وەک دەزگایەکی ئەکادیمی و دەستەڵاتداری بێلایەن کاربکات، ئەوا دەبێت هەریەکە لە:

(١) زانکۆ و نێوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن بە گشتی و بەشە کوردییەکان بە تایبەت.

(٢) دەزگا و دامەزراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە.

(٣) ڕاگەیاندنە بینراو و بیستراو و خوێنراوەکان.

(٤) بەرپرس و لیژنەکانی ئامادەکردنی پێڕەوپڕۆگرامەکانی نێوەندەکانی خوێندن، و چەندان لایەنی دیکە.

هەریەک لەمانە ئەرکی سەرشانیانە، بەردەوام لە هەوڵی پێداچونەوەی وشە و زاراوە کۆنەکان و بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێدابن، بۆ بابەتە جۆربەجۆرەکان، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە پێویستدەکات:

(١) تیۆری گشتی زاراوەسازی و بنەماکانی زاراوەسازی بە زمانی کوردی بخوێندرێت.

(٢) دروستکردنی بانکی زاراوە، وەک دەزگا و دامەزراوەیەکی سەربەخۆ.

(٣) لەگەڵ هاندانی توێژینەوە و نووسین لە مەڕ بابەتی تیۆری گشتی زاراوەسازی و تیۆری تایبەت بە زاراوەکان (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ : ١٧ – ١٨).

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆکرد، پێویستە سەرباری جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی پێشوو بەپێی پلان و بەرنامەی دیاریکراو کار لە زاراوەسازیدا بکەین، هەروەها دەگونجێت لەم ڕووەوە سود لە ئەزموون و پلانی وڵاتان، بە تایبەتی وڵاتێکی وەکو (فەڕەنسا) وەربگرین، ئەویش بەم شێوەیە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرپەرشتیی ئەکادیمیای کوردی لیژنەی گشتیی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی زاراوە لە هەموو وەزارەت و دەستەکان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان پێکبهێنێت کە پێکهاتەی لیژنەکان لە پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان و زمانی کوردی پێکهاتبێت، هەروەها لیژنەکان بە بەردەوامی چاودێریی ڕەوتی پێشکەوتنی زانستی و داهێنان و توێژینەوەبن، بۆ ئەوەی کاتێک شتێکی نوێ دێتەکایەوە، یاخود دەدۆزرێتەوە پێش ئەوەی بگاتە خەڵک و بازاڕ ناوی لێبنرێت و زاراوەی بۆ دابنرێت. هەروەها لەسەر لیژنەکە پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە کار بۆ پێکهێنان و وەرگرتنی زاراوەکە بکات، تاوەکو کەرەستە و دیاردە نوێیەکان بێناو و زاراوە نەمێننەوە:

(١) سەرەتا لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و سەرچاوەکانی دیکەوە بە دوای وشەی گونجاودا بگەڕێن.

(٢) ئەگەر لەو سەرچاوانەی پێشووەوە وشەی لەبار و گونجاویان دەستنەکەوت، ئەوا دەبێت لیژنەکە پەنا بۆ یەکێک لەم دو ڕێگەیانە ببات: یەکەم: بە پشتبەستن بە یاسا ڕێزمانییەکانی کوردی، لە ڕێگەی داڕشتنەوە بێت، یا لێکدان، یاخود هەر ڕێگەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی زاراوە بێت، زاراوەیەکی نوێ بۆ کەرەستە بەرهەمهاتووەکە دابنێت. دووەم: خۆ ئەگەر نەیانتوانی زاراوەی گونجاوی بۆ دابڕێژن، ئەوا دەبێت، پشتبەست بە بنەما و ستراتیژیەتە واتایی و زاراوەسازییەکان پەنا بۆ ئەو زمانانە ببەن کە لە زمانی کوردییەوە نزیکن و زاراوەیان لێوە وەربگرن.

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، ئەوەش بگوترێت: لە زاراوەسازییدا بۆ سەرکەوتن و ڕۆیشتنی زاراوەی وەرگیراو و ڕۆنراو لە نێو خەڵکیدا دوو ماف هەیە کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێن کە ئەوانیش:

**یەکەم، مـــافـــی زمـــــان:** مەبەست لە مافی زمان ئەوەیە، دەبێت لە کاتی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی وشە و زاراوەی نوێدا پابەندی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بین و سەلامەتی زمانەکەمان بپارێزین.

**دووەم، مافی ئاخێوەران:** ئاخێوەران، خۆیان داهێنەر و داینەمۆی پێشکەوتنی زمانن، ئەو زاراوە نوێیانەی دادەهێنرێن، جێگەی خۆیان لە نێو خەڵکیدا ناگرن و نارۆن، ئەگەر ئەوان تێیدا بەشدارنەبن، یا لەگەڵ سەلیقەیاندا نەگونجێن (لویس جان، ٢٠٠٨ : ٣٣٧). بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، لەم ساڵانەی دواییدا چەندان زاراوەی نوێ پێشنیازکراون، لە نموونەکانی (هەڵبەست) بۆ (شیعر) و (هەستیار) بۆ (شاعیر) و (پێنووس) بۆ (قەڵەم) و (پەندیار) بۆ (حەکیم) و... تاد. هەندێک لەم زاراوانە ئەگەرچی لە لایەن کۆڕی زانیارییەوە پێشنیازکراون، بەڵام خەڵک زیاتر بە زاراوە عەرەبییەکان ئاشنان و بەکاریاندەهێنن، بۆیە ئەوەی بڕیار لەسەر پەسەندکردنی دەدات خەڵکە کە ڕەنگە وەریبگرن و بەکاریبهێنن، دەشگونجێت پەسەندنەکرێت و بە نوێیاوی بمێنێتەوە... .

### ٣ . ٣: فەرهەنگسازی و دانانی فەرهەنگ

فەرهەنگسازی جێی تێڕامانی زمانەوانە کۆن و نوێیەکان بووە، چونکە فەرهەنگ ڕۆڵێکی گەورەی لە پارێزگاریکردن لە مانەوەی یەکە زمانییەکان و ئاشکراکردنی واتای نادیاریاندا هەیە، هەروەها چەندان بنەما و تایبەتمەندیی دیکەی یەکە فەرهەنگییەکانیشی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە ئەم زانستە پێویستییەکە، زانستێکە لە فەرهەنگ و یەکە فەرهەنگییەکانی زمان دەتوێژێتەوە، هەر ئەم گرنگییەشی وایکردووە چەند ناوەند و دەزگای تایبەت بەو بوارە لە زمانانی دیکەدا دروست ببن، بۆیە ئەم پارە بە شێوەیەکی گشتی لە چەند لایەنێکی ئەم بابەتە دەتوێژێتەوە.

### ٣ . ٣ . ١: فەرهەنگسازی ــ سەرەتایەکی گشتی

فەرهەنگسازی ئەو زانستەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی واتا، مێژوو، بەکارهێنان و چۆنیەتیی دەربڕینەوە توێژینەوە لە وشە و یەکە فەرهەنگییەکان دەکات، هەروەها لە فەرهەنگ و بنەماکانی ئامادەکردنی دەتوێژێتەوە، بۆیە دەکرێت، بگوترێت: بە یەکێک لە لقەکانی زانستی زمان دادەنرێت کە لە بوارە سەرەکی و دیارەکانی توێژینەوەی زمانەوانیی جێبەجێکەرانە (Applied Lingustics)یە و گرنگی بە توێژینەوە و پۆلکردنی یەکەکانی زمان، یا یەکە فەرهەنگییەکان دەدات و واتا فەرهەنگییەکانیان شیدەکاتەوە و لێکدەداتەوە، هەروەها چۆنیەتیی دانان و ئامادەکردنی فەرهەنگ بە ئامانجدەگرێت (قەرە محەمەد، ٢٠٢٣: ٤) .

دەرئەنجامی ڕوونکردنەوەی پێشوو ئەوە دیاریدەکات کە فەرهەنگسازی زانستێکە لە دوو لق پێکهاتووە: لقی یەکەمی تیۆرییە کە بە فەرهەنگسازیی تیۆری (لێکسیکۆلۆجی ــ (Lexicology)ناسراوە، هەرچی لقی دووەمیشیەتی کارەکییە، بە (لێکسیکۆگرافی ــ (Lexicography)ناودەبرێت کە لایەنی کارەکیی فەرهەنگ یا هونەری دروستکردن و دانانی فەرهەنگ دەگرێتەوە (لشهب، ٢٠١٠ ــ ٢٠١١: ٤٩ ــ ٥٠)، یاخود بە واتای ئامادەکردن و نووسینەوەی وشەنامە یا فەرهەنگ دێت (مەحوی، ٢٠٠١ : ١٤٤)، ئەوەی جێگەی سەرنج بێت ئەوەیە، لە ڕووی زاراوەسازییەوە لە کوردیدا پۆلکردنی تایبەت بۆ فەرهەنگسازی و لقەکانی نەکراوە، تەنانەت جاری وایە زاراوە ئینگلیزییە گونجێنراوەکان کە لە لاتینییەوە هاتووەتە نێوەوە، واتە لێکسیکۆلۆجی و لێکسیکۆگرافی بەکاردەهێنرێنەوە، بۆیە دەکرێت، بگوترێت: فەرهەنگسازی بە گشتی دوو لایەنی (فەرهەنگناسی) و (فەرهەنگنووسی) لەخۆدەگرێت کە دەکرێت (فەرهەنگناسی) لە بەرانبەر لقی یەکەمدا یا لێکسیکۆلۆجی و بۆ دووەمیشیان (لێکسیکۆگرافی) زاراوەی (فەرهەنگنووسی) پەسەندبکرێت کە فەرهەنگناسی توێژینەوە لە یەکەکانی زمان دەکات لە ڕوانگەی پێکهاتن و واتا و چەندان لایەنی دیکەوە، هەرچی فەرهەنگنووسیشە بە هونەری کارەکییانە (هونەری دانانی فەرهەنگ) دادەنرێت، نەک زانست (عمر، ٢٠٠٩: ٢٠) .

بەم شێوەیە یەکەمیان لایەنی تیۆریی زانستەکەیە و لە نێو فەرهەنگدا مامەڵە لەگەڵ وشە و یەکە فەرهەنگییەکاندا دەکات، بە جۆرێک بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و دەروونی توێژینەوە لە یەکە فەرهەنگییەکان و وشەکانی زمان دەکات (لشهب، ٢٠١٠ ــ ٢٠١١: ٥٠) هەرچی دووەمیشیانە، ئەگەرچی لە توێژینەوەکاندا پتر جەخت لەسەر لایەنە کارەکییەکەی کراوەتەوە، بەڵام تەنیا ئەم لایەنەی فەرهەنگسازی ناگرێتەوە، بۆیە خودی فەرهەنگنووسیش دوو دابەشکردنی بنەڕەتی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم، فەرهەنگنووسیی کارەکی یاخود دروستکردنی فەرهەنگ.

دووەم، فەرهەنگنووسیی تیۆری یا توێژینەوە لە فەرهەنگ (Hartman & James, ٢٠٠٢: ٨٦) کە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە لەسەر شێوازی توێژینەوەی زانستی ڕێڕەوێکی تیۆریی پەسنکەرانە بۆ فەرهەنگنووسین بەرهەمدەهێنێت (حاجی مارف، ١٩٨٧: ١٠٤). بەهۆی ئەوەی یەکەمیان پتر بە بابەتەکەی ئێمەوە پەیوەندیدارە، ئێمەش لەسەر ئەو لایەنە توێژینەوە دەکەین کە لە داڕشتن یا چۆنیەتیی سازکردنی فەرهەنگ دەتوێژێتەوە و ئەرکی دروستکردنی فەرهەنگ (صناعة المعجم) لەئەستۆدەگرێت، بە واتا گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگ دەدات و بە لقی کارەکی بۆ فەرهەنگسازیی تیۆری دادەنرێت کە توێژینەوە لە هونەری دروستکردنی فەرهەنگ دەکات، بە جۆرێک لایەنی شێوەی ڕێکخستنی وشەکان و هەڵبژاردنی دەروازەکان و دانانی پێناسە و شیکردنەوەکان و وێنە و نموونەی شیکردنەوە، تا دەرچوون و چاپکردنی فەرهەنگ دەگرێتەخۆ (مامە، ٢٠١٣: ٤). لە پێناو هێنانەدی ئەم ئامانجەشی چەند هەنگاو و بنەمایەک جێبەجێدەکات کە بریتین لە:

(١) کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پێویست.

(٢) هەڵبژاردنی دەروازە فەرهەنگییەکانکان.

(٣) ڕێکخستنی فەرهەنگە بەپێی پێڕەو و بنەمای دیاریکراو.

(٤) نووسینەوەی بابەتەکان و بڵاوکردنەوەی کۆتایی فەرهەنگەکە (القاسمی، ١٩٩١: ٣).

**٣ . ٣ . ٢: فەرهەنگ ــ چەمک و ناساندن**

فەرهەنگ ئەو سەرچاوە و پەرتوکەیە کە تایبەت بە کۆکردنەوە و ڕیزکردنی وشەکانی زمانێک یا دوو زمان و پتریش ڕێکدەخرێت، لە زانستی زماندا بۆ ناونان و ناسینەوەی زاراوەی جۆراوجۆر بەکارهێنراوە، بە جۆرێک لە ئەنجامی گەڕان و لێوردبوونەوەکانەوە دەردەکەوێت کە لە زمانەوانیی کوردیدا بە هەریەک لە زاراوەکانی (فەرهەنگ، قاموس و وشەنامە) ناونراوە، لە زمانی عەرەبیشدا (قاموس و معجم) بەکاردەهێنرێت، هەرچی زمانی ئینگلیزیشە ئەوا دوو زاراوەی تێدا بەدیدەکرێت کە ئەوانیش (Lexicon) و (Dictionary)یە، بەڵام بە گشتی ئەم زاراوانە واتایان لە یەکدییەوە نزیکە، تەنیا لە بەراوردکردنیان و لێکدانەوەی واتاکانیانەوە دەردەکەوێت کە (وشەنامە) تەنیا وشە تێیدا ڕەگەزی فەرهەنگییە، بۆیە ئەو سەرچاوانەی تایبەت بە کۆکردنەوە و لێکدانەوەی واتا و چەند لایەنێکی دیاریکراوی وشە تەرخانکراوە لە لایەن بەشێک لە توێژەرانەوە ناوی (وشەنامە)یان لێنراوە (محەمەد سالح، ٢٠١٧: ١)، بە واتا لە وشەنامەدا تەنیا (لێما ــ Lema) کەرەستە ڕیزکراو و تۆمارکراوەکان بەپێی پێڕەوێکی دیاریکراو، لەم کارەشدا زاراوەی (وشەنامە) لە بریی (Dictionary)، زاراوەی فەرهەنگیش لە بەرانبەر (Lexicon) پەسەنددەکرێت، سەبارەت بە ناسینەوە و ناونانی ئەو کەرەستانەشی لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، ئەوا هەریەک لە زاراوەکانی (لێما، لێکسیم، لێستیم و ... تاد.) بەکارهێنراون (حسەین، ٢٠٠٩: ١٢٨).

لە نێو زمانەوانانادا بۆ ناساندن و پەسنکردنی فەرهەنگ پێناسەی جۆراوجۆر کراوە، هەر زمانەوان و توێژەرێک لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە پێناسەی کردووە، زۆرجاریش تێکەڵییەک لە نێوان فەرهەنگی ئاوەزی (Mental Lexicon) و فەرهەنگی ئاسایی یا وشەنامەدا کراوە، بەڵام مەبەست و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وشەنامەیە کە بە شێوەیەکی گشتی "ئەو سەرچاوەیە وشەکانی زمانێکی دیاریکراوی تێدا تۆمارکراوە، وشەکان بەپێی ئەلفوبێی ئەو زمانەی کە تۆمارکراوە

واتاکانی لێکدراوەتەوە، هەروەها گەنجینەیەکی بیر و وشە و زاراوەیە کە لە زمانێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت" (خۆشناو، ٢٠١٦: ٨٤) کە تێیدا دەروازەی زانیاریی فەرهەنگ، جۆری دەربڕینی فۆنەتیکی و پۆلەڕەگەز/ کاتەگۆری و واتاکان و... تاد. ی لێماکانی تێدا هەڵگیراوە، بۆیە دەکرێت، بگوترێت: وشەنامە گەنجینە و تۆمارگەیەکە کە تایبەتکراوە بۆ تۆمارکردن و پاراستنی وشەکانی زمان کە تێیدا هەوڵدەدرێت جگە لە ڕیزکردنیان لەسەر بنەما و پێڕەوی دیاریکراو لێیانبتوێژرێتەوە و واتایان بەدیاربخرێت، هەروەها ڕوونکردنەوە و پێزانین لە بارەی چۆنیەتیی درکاندن و بە دەمداهاتنیان و نووسینیانەوە، لەگەڵ مێژووی پەیدابوون (ئیتمۆلۆژیا)...تاد. بدرێت، ئامانجی سەرەکیشی ناساندنیانە بەو کەسانەی زانین و شارەزایی تەواویان لە وشەکانی زمانەکەدا نییە )حاجی مارف، ٢٠٠٤ : ٢٦١) .

کەواتە بەم شێوە لە دەرئەنجامی ڕوونکردنەوەکانەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی وشەنامە سەرچاوەیەکی زمانییە، دەروازە و شیکردنەوە لەخۆدەگرێت، لەڕووی جۆریشەوە لەوانەیە مێژوویی یا وەسفی یاخود پێوانەیی بێت، هەروەها دەگونجێت یەک زمانی یا دوو زمانی یاخود چەند زمانە بێت (الخولی، ١٩٨٦: ٣٢)، ئەرکی سەرەکیی ئەوەیە کە نەوەی نوێ بە وشەی کۆن و نوێکانی زمانەکەی ئاشنابکات، هەروەها زمانیش لە شێواندن و لە نێوچوون بپارێزێت.

**٣ . ٣ . ٣: فەرهەنگنووسیی کوردی**

پێشکەوتن و شارستانیەتی هەر گەل و میللەتێک بەندە بە فەرهەنگی وشەکانییەوە، تەنانەت زۆرجار دەکرێتە سەنگی مەحەک و زمانی نەتەوەکەی پێهەڵدەسەنگێنرێت، چونکە خەرمانی وشەی گشت لق و پۆپ و شێوە جۆربەجۆرەکانی زمانەکەی تێدا گرد یا جەم دەکرێتەوە، هەروەها زانیارییان لە بارەوە دەدرێت، بۆیە نەتەوە چەند وشەنامەی بۆ یەکە و وشەکانی زمانەکەی هەبێت، ئەوا هێندە زمانەکەی پارێزراوتر دەبێت، لەبەر ئەوەیە هەموو نەتەوە هۆشیار، پێشکەوتوو و خاوەن توانست و بە دەستەڵاتەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆکە هەوڵیانداوە، تا چەندان وشەنامەی جۆربەجۆر بۆ وشە و یەکە زمانییەکانیان بەرهەمبهێنن، بە جۆرێک لە هەندێک لە زمانە زیندووەکانی دونیا ژمارە وشەنامەکانیان گەیشتووەتە (١٥٠٠) فەرهەنگ (عەزیز، ٢٠٠٥ : ٤٨٧)، بەڵام کورد لەم ڕوانگەیەشەوە وەکو زۆر بواری دیکە بایی پێویست نەچووینەتە پێشەوە، بۆیە بەشێک لە توێژەران ڕایانوایە "لە لایەنی فەرهەنگ نووسینەوە دواکەوتووین و ژمارەی فەرهەنگەکانمان لەوانەیە لە (٢٠٠ ــ ٣٠٠) تێپەڕنەکات" (تاهیر، ٢٠١٢: ٢٠٥).

بە شێوەیەکی گشتی ئەو وشەنامانەشی بەرهەمهێنراون بە زۆری بەر ئەو جۆرە دەکەون کە لە زمانێکی بیانییەوە بۆ کوردی، یاخود بە پێچەوانەوە دانراون، هەروەها زۆربەی هەرە زۆریشیان ڕۆژهەڵاتناس، یا گەڕۆک و شارەزا بیانییەکان کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر هاتوونەتە وڵاتەکەمانەوە، زۆرجار لە پاڵ کارەکەی خۆیاندا ئاوڕیان لە زمان داوەتەوە و خزمەتێکیان کردووە و بۆیان ئامادەکردووین، ئەگەرنا دەبێت ددان بەو ڕاستییە دابنێین کە لەو کات و مێژووەدا، ئەگەر هەوڵی ئەوان نەبووایە، کورد نەک هەر نەیزانیوە، وشەنامە بنووسێت، بەڵکو بیریشی لێنەکردووەتەوە! بە واتایەکی دیکە لەو سەردەمەی کورد خەریکی ڕاوەدونانی یەکدی و دژمنانی بووە، ئەوان هاتوون سەرباری (ناخۆشی، ڕووتکردنەوە، ئازار، گرتن و کوشتن) قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و سەرمایەکی گەورەیان بۆ بەجێهێشتووین (عەزیز، ٢٠٠٥ : ٤٨٨)، هەرچەندە ئەم بەرهەمانە بەپێی بنەما و میتۆدە زانستییەکان بەرهەمنەهێراون، چەندان کەموکورتیان تێدایە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بوونەتە بنچینە و بناخەی فەرهەنگنووسی ئەم ساڵانەی دوایی، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی کارەکانی ئەواندا و پشتبەست بە هەوڵەکانیان زمانەوانان و شارەزایانی کورد خەریکی توێژینەوە و فەرهەنگ دانان بوون کە لەم ڕێگەیەوە ژمارەیەک فەرهەنگ بە تایبەت وشەنامەی دیکەش دانراون کە بە سەرنجدانێکی خێرا لێیانەوە دەردەکەوێت، ئەمانە هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین و دەروازەکانیان زۆر تەسکە، بە واتا وەک پێویست زانیاری نادەن بە بەکارهێنەران، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە کە هەرە گرنگەکانیان بریتین لە:

(١) زۆرینەی فەرهەنگساز و فەرهەنگنووسەکان کاریان لەسەر قەبارە و ژمارە کردووە، لە بری جۆر و چۆنیەتیی فەرهەنگەکانیان.

(٢) کەڵک و سوودگەیاندنی زمانەوانییان بە فێرخوازانی زمانەکە و بەکارهێنەرانی فەرهەنگەکەیان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان نەزانیوە.

(٣) زۆرینەی ئەوانەی بە تایبەت وشەنامەیان داناوە، ئەگەر سەرنجبدرێت، ئەوا شارەزا و پسپۆڕی بە سەلیقەن، بۆیە ئاگاداری زانستی زمان و بنەماکانی ئەم زانستە نەبوون، کەم و زۆر کەڵکیان لە بنەما و ڕێبازە نوێیەکانی فەرهەنگسازی لە ئاستە چاوەڕوانکراوەکاندا وەرنەگرتووە.

(٤) زۆر گرنگە فەرهەنگ لەسەر بنەمای ئەلفوبێی فەرهەنگی بنووسرێت، بەڵام لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا ئەم لایەنە بە پڕاوپڕی و تەواوەتی ڕەچاونەکراوە.

(٥) لە فەرهەنگە کوردییەکاندا کۆدەنگی و یەک ڕایی لە بارەی ژمارەی پیتەکانەوە نییە، وێڕای ئەمە تەنانەت لەسەر ڕیزبەندیی پیتەکانیش کۆڕا نین، بۆیە لە بەراوردکردنی فەرهەنگەکاندا پاش و پێشکردن بەرچاوەدەکەوێت. (فەتتاح، ٢٠٠١ : ١٦٨_ ١٦٩ + ناوخۆش و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٩ : ١٠٥_ ١٠٦)

پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێتەوە، ئەو وشەنامانەی لە کۆندا لە لایەن دڵسۆزان و دۆستانی کوردەوە، یاخود شارەزایان و نووسەرانی کوردەوە بڵاوکراونەتەوە، پتر لەوانەن کە "فەرهەنگی کوردیی ــ کوردیی نەبوون، بەڵکوو، فەرهەنگێکی تێکەڵاوی کوردیی و یەکێ لە زمانەکانی دیکەی بیانیی بوون. چونکە فەرهەنگی کوردیی ئەوەیە، لە کوردییەوە بۆ زمانێکی دیکە بنووسرێ. بۆیە، ئەو فەرهەنگانەی لە زمانێکی دیکەوە بۆ کوردیی نووسراون پتر لەسەر فەرهەنگی ئەو زمانانە دەژمێررێن" (عەزیز، ٢٠٠٥ : ٤٨٨)، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، لەم سەردەمەدا کاری فەرهەنگنووسینی کوردی، ڕێوشوێنی تازەی گرتووەتەبەر، بۆیە لە ئێستادا چەندان فەرهەنگۆک و فەرهەنگ هەن، چ لە کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکانی دیکەوە بێت، یا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ کوردی، بەڵام هێشتا لە ئاستی چاوەڕوانی و پڕکردنەوەی کەلێنی ئەو بوارەدا نین، بایی هێندە نین کە پێویستی خوێنەران و توێژەران پڕبکەنەوە، بەڵام هەمیشە جێگەی ڕێزن، چونکە بنچینەیان داناوە، بۆ داهاتووی فەرهەنگنووسین لە زمانی کوردیشدا کەڵکی گەورەیان دەبێت.

لایەنێکی دیکەی فەرهەنگنووسین کە وەکو کێشە ڕووبەڕوومان بووەتەوە، ئەوەیە هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکە فەرهەنگێکی سەرتاسەری و نەتەوەیی یەکگرتوومان نییە، تاوەکو وشەی هەموو زار و شێوەزار و بنەزارەکانی زمانی کوردی لەخۆبگرێت، هەروەها ببێتە بناخەی زمانی یەکگرتووی کوردان، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت، یاخود نکۆڵی لەوەنەکەین، ئەگەر دانانی فەرهەنگی سەرتاسەری بۆ نەتەوەکانی جیهان کارێکی ئاسان بێت، ئەوا بۆ کورد کارێکی یەکجار قورس و دژوارە، دیارە ئەمەش بۆ بارودۆخی تایبەتیی کورد و کوردستان دەگەڕێتەوە.

**٣ . ٣ . ٤: دۆخی فەرهەنگنووسیی کوردی**

هەموو ئەو کەموکورتی و ناتەواییانەی لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا هەن، بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونەتە هەژاریی فەرهەنگسازیی کوردی، ئەمەش بە شێوەیەکی دیاریکراو بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

**یەک:** فەرهەنگەکان بەرهەمی تاکە کەسین، نەک دەزگا و ناوەندێکی تایبەت، یاخود زانکۆیەک، هاوشێوەی وڵاتان، نموونەی (ئۆکسفۆرد) لە ئینگلیزیدا کە بەرهەمی زانکۆی ئۆکسفۆڕدە، هەموو ساڵێک لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە، ئەو وشە نوێیانەی بەهۆی گۆڕانی زمانەوە پەیدادەبن، یاخود لە لایەن کۆمەڵە کەس و نووسەرێکەوە بەکاردەهێنرێن دەخرێنە دەنگدانەوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنیان لە چاپی نوێی فەرهەنگەکەدا.

**دوو:** زۆری زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی وایکردووە کۆکردنەوەی وشە و زاراوەی سەرجەمیان لە توانستی ئەو کەسانەدا نەبێت، چونکە ئەم کارە لە کاتێکی دیاریکراودا ناکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە پێویست بە ماوەیەکی درێژ و خەرجی هەیە، بۆیە ئەم کارە لە ڕاستیدا لە ئەستۆی حکومەت و دامەزراوەکانیدایە.

**سێ:** جگە لە نەبوونی دەزگا و نێوەندیی ئەکادیمی تایبەت بۆ دانانی فەرهەنگە جۆربەجۆرەکان و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی بۆ ئەو کارە، نەبوونی هۆشیاریی تەواو و خەمخۆری لەبەرانبەر زمانی کوردیدا، هۆکارێکی دیکەی

لاوازی فەرهەنگسازیی کوردییە، هەروەها ئەو شارەزا و کەسانەشی هەمانن، ڕووناکبیرێکی کارامە و لێهاتوو نین، بە شێوەیەک لە بری ئەوەی بەرژەوەندیی زمانی کوردی بخەنە پێش هەموو شتێکەوە و لەم پێناوەدا هەموو پێکەوە کاربکەن، بە داخەوە بە پێچەوانەوە لە نێو خۆیاندا کۆک و تەبا نین و گیانی هاوکارییان تێدا نابینرێت.

**چوار:** نەبوونی حکومەتێک کە دەستەڵاتی تەواوی بەسەر سنووری کوردستاندا هەبێت، لەگەڵ داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان بە درێژایی مێژوو کە تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە، هۆکار بووە بۆ گۆڕانی زمان و هاتنەناوەوەی وشە و یەکەی زمان، ئەمە جگە لە دەستنەگەیشتن بە وشە و یەکە زمانییەکانی تەواوی ناوچەکان.

**پێنج:** فاکتەری جوگرافیا کە پەیوەندیی بە تۆپۆگرافیای وڵاتەکەمانەوە لە ڕووی چۆنیەتیی دابەشبوونی پێکهاتەی خاکەکەیەوە هەیە، لەگەڵ باری دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابووری و ...تاد. کاریگەریی خۆیان هەبووە، لە ئەنجامدا بە جۆرێک لە جۆرەکان لێکەوتەکانیان بەسەر فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی کوردییەوە دیارە.

### ٣ . ٣ . ٥: پلانسازی بۆ فەرهەنگنووسیی کوردی

لە ڕاستیدا پێشنیازکردن و جێبەجێکردنی پلانسازی لە زماندا بۆ هەر بوار و لایەنێکی دیاریکراو پێویست بە کار و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ورد و زانستییانە دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە دانانی ئەو پلانە و پەیڕەوکردنی کاری ناوەندە ئەکادیمی و دامەزراوە فەرمییەکانە و پێویست بە بەدواداچوون و توێژینەوەی پسپۆڕی شارەزا و توێژەرانی بوارەکە دەکات، بەڵام بۆ ئەو دۆخە تایبەتییەی فەرهەنگنووسیی کوردی تێیکەوتووە، بە ناچاری پشتبەست بە توێژینەوە و لێبوردبوونەوە لە ئەزموونەکانەوە دەکرێت پێشنیازی ئەوە بکرێت لە ئێستادا کاتی ئەوە هاتووە، حکومەتی هەرێم و شارەزا و توێژەرانی بوارەکە، بە خێرایی پەنا بۆ چارەسەرێکی هەنوکەیی ببەن، لەم پێناوەشدا دروستترین کار ئەوەیە کە دوو هەنگاوی گرنگ بگیرێتەبەر، ئەوانیش بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:

هەنگاوی یەکەم: هەموو ئەو فەرهەنگۆک و فەرهەنگانەی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ کە ئێمە بە وشەنامە ناویاندەبەین دانراون، لەگەڵ ئەوی بوونەتە گەنجینەیەکی گرنگ و لە بنەهاتووی نەتەوەکەمان، بەڵام پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە، بە گوتەیەکی دیکە دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە بگوترێت: واپێویست دەکات، جارێکی دیکە بە چاوی ڕەخنە ئەو فەرهەنگانە سەرنجبدرێنەوە و ڕاڤەبکرێنەوە، بۆ ئەوەی لایەنی ناتەواوییان دیاریبکرێت و پڕبکرێتەوە، هەروەها سەرلەنوێ پشتبەست بە میتۆدێکی زانستییانە ڕێکبخرێنەوە و هەڵەکانیان ڕاستبکرێنەوە.

**هەنگاوی دووەم:** هاندانی نووسین و توێژینەوە دەربارەی بنەما و تیۆرە تایبەتییەکانی فەرهەنگسازی، لەگەڵ هەنگاونان و گرنگیدان بە دانانی فەرهەنگ، بەپێی بنەما و میتۆدە نوێیەکانی فەرهەنگنووسیی زانستی، بە تایبەتی فەرهەنگی کوردی ــ کوردیی سەرتاسەری، لەگەڵ فەرهەنگ بۆ پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکان و جۆرەکانی دیکەی فەرهەنگ بە تایبەتیش فەرهەنگی (ئیتمۆلۆژیا و ئینسایکلۆپیدیا).

دانانی فەرهەنگیش، تایبەت فەرهەنگی سەرتاسەری و نەتەوەیی، بێگومان بە سیاسەتی زمان و پلانسازییەکی گونجاوەوە بەندە کە لەم لایەنەشەوە بۆ گەیشتنە ئامانج، دەشێت پلانەکە بەم شێوەیە ڕەنگڕێژبکرێت:

(١) دامەزراندنی بنکە و دامەزراوەیەکی تایبەت بە کاری فەرهەنگسازی و ئامادەکردنی فەرهەنگ.

(٢) تەرخانکردنی بودجەی تایبەت و پێویست بۆ ئەم کارە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی لە لایەن حکومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە.

(٣) ژمارەیەکی زۆر فەرهەنگمان هەیە، وەک لە پێشتردا ئاماژەی بۆ کرا کە لە لایەن کەسانی دڵسۆزەوە دانراون، دەکرێت سوود لەو یەکە فەرهەنگییانە وەربگیرێتەوە کە تێیاندا تۆمارکراوە.

(٤) ڕاسپاردنی خەڵکی شارەزا لە هەموو ناوچە و پارچەکانی کوردستان بۆ ئەوەی وشە و زاراوەی هەموو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی کۆبکەنەوە، لەم ڕێگەیەشەوە گەنجینەیەکی باش بۆ زمانی کوردی بەدەستدەهێنرێت.

له دوای ئەم هەنگاوانەشەوە پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕی لە کۆمەڵێک کەسی سەر بە زار و شێوەزارە جیاوازەکانی کوردی بۆ یەکخستنی وشەکان و واتا و مەبەستەکانیان پێکبهێنرێت، بۆ ئەوەی وشە کۆکراوەکان بەپێی شێواز و ڕێبازێکی زانستی دابنرێن، بە جۆرێک تێیدا دەروازە فەرهەنگییەکان لەبەرچاوگیرابێت، بۆ نموونە: لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە، پێویستە چۆنیەتیی گۆکردنی وشەکان بخرێتەڕوو، هەروەها شوێنی هێز (stress)ی سەرەکیی وشەکان دیاریبکرێت. لە ڕووی مۆرفۆلۆژیشەوە، پێویستە کاتەگۆری/ بەشەئاخاوتنی وشەکان دیاریبکرێت، هەروەها گیرەکەکانیش لە فەرهەنگەکەدا شوێنیان بۆ بکرێتەوە و دەروازەی فەرهەنگیان بۆ دابنرێت. لە ڕووی سینتاکسیشەوە زانیاریی پێویستی وەک تێپەڕی و تێنەپەڕی کردارەکان... تاد. نیشانبدرێت. لە ڕووی واتاشەوە، جگە لە واتای فەرهەنگی پێویستە زانیاری لە بارەی فرەواتایی و هاوبێژی و ... تاد. بخرێتەڕوو. هەروەها وشە تابۆ و نوێباوەکانیش کە بە کاریگەریی گۆڕانکارییە جیهانییەکان سەریانهەڵداوە لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن (فەتتاح، ٢٠٠١ : ١٦٩ – ١٧٩).

### ٣ . ٤: زمانی ستاندارد و ستانداردی کوردی

زۆرینەی نەتەوەکانی دونیا زمانێکی شێوازبەند و بنەماداریان هەیە و لە بایەخدان بە زمانەکەشیان خاوەنی ئەزموونێکی تایبەتن، خەمخۆران و پسپۆڕانی زمانی کوردیش هەم بیریان لەم کێشەیە و بوون یا نەبوونی ئەم زمانە، بە واتا زمانی ستاندارد لە کوردیدا کردووەتەوە، هەم هەوڵی خۆشیان بۆ چارەسەرکردنی داوە (مەحویی، ٢٠٠٨: ١١٠)، تەنانەت ئەم بایەخدانە بە جۆرێکە گەیشتووەتە ئەندازە و ڕێژەیەک کە هەر کاتێک چەمکەکانی (زمانی ستاندارد "StandardLanguage") و (پێواژۆی ستانداردکردن "Standardization Process") ڕاڤەبکرێن، ئەوا یەکسەر تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەم دوو چەمکەیان دێتە بیر و ئاوەزییانەوە و شێلگیرانە پشتگیری دەکەن، بەڵام ئەگەر زانستییانە لە بابەتەکە ڕابمێنین، بۆمان دەردەکەوێت، ڕاستە ڕەهەندی سەرەکیی ئەم دوو چەمکە بۆ ئێمەی کورد ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەییە، بەڵام ئەم ڕەهەندە تەنیا ڕەهەندی ئەم دوو چەمکە نییە، بەڵکو چەندان ڕەهەندی دیکەشیان هەیە کە کۆی ئەم ڕەهەندانەش جارێکی دیکە دەچنەوە خزمەتی ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی (قادر، ٢٠١٤: ١٠)، بۆیە لێرەوە توێژینەوەکان لە پێناو گەیشتنە ئەنجامی زانستی شیکراوە پەیوەست بە زمانی ستاندارد و پەسەندکردنی ستانداردی کوردییەوە ئەنجامدەدرێن.

### ٣ . ٤ . ١: زمانی ستاندارد ــ چەمک و ناساندن

نووسەران و توێژەرانی کورد لە کارەکانیاندا بۆ ناونانی ئەم جۆرەی زمان بە هەریەک لە زاراوەکانی زمانی: یەکگرتوو، ئەدەبی، یەکگرتووی ئەدەبی، ئەدەبی یەکگرتوو، فەرمی، کارگێڕی، نەتەوەیی، ستاندارد و ستاندەر، شێواز ــ باڵا و ...تاد. ناویانهێناوە، بەڵام ئێمە لای خۆمانەوە جگە لە زاراوەی (ستاندارد) ئەوانی دیکە بە دروست و لەبار نازانین، پێشمانوایە لە جێگەی خۆیاندا نین و بۆ جۆرەکانی دیکەی زمان گونجاون، ئەمەش پشتبەست بە بەراوردکردنی واتای زاراوەکان و ئەو مەبەستە تایبەتەی بۆی بەکارهێنراون ڕوونتردەبێتەوە[٣]، بۆیە ئێمەش هەر زمانی ستاندارد بەکاردەهێنینەوە (عەلی، ٢٠٠٩ : ٣٩٩) کە بە شێوە بەربڵاوەکەی مەبەست لێی زمانێکە پێواژۆی ستانداردکردنی بە سەردا جێبەجێکراوە، بەستانداردکردنیش کەمکردنەوەی جۆراوجۆرییە (زارەکان)، بۆیە لە سادەترین ڕاڤەکردنیدا دەشێت، بگوترێت: ستاندارد، کۆمەڵێک ڕێسای ئەبستراکتە دەشێت بە شێوەیەکی زیاتر یا کەمتر لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زماندا لە نێو کۆمەڵ و بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا بگونجێت.(Thomas, ٢٠١٠: ٥)

پەیوەست بە ناساندنیشیەوە دەکرێت، بگوترێت: بەهۆی ئەوەی توێژەر و نووسەرانی بوارەکە لەسەر بناخەی بیروبۆچوونی جیاواز و دیدگای جیاوازی خۆیانەوە لێیانتوێژیوەتەوە، چەندان کاری جیاواز و بەسوود، بە ڕێگای هەمەجۆر

---

[٣]() بۆ زانیاری زیادتر دەربارەی ئەو زاراوانە، بڕوانە:

✎ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، لا ٦٤-٦٩.

بۆ پەیبردن و درککردن بە گرنگی و بەهاکەی هاتۆتەئاراوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم بابەتە پێناسەی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، لێرەدا بەپێی سنووری کارەکە چەند ڕوانین و ڕاڤەیەکی پەیوەندیدار دەخەینەڕوو:

لە بۆچوونی (یەحیا مودەڕیسی)یەوە دەستپێدەکەین و پێیوایە "زمانی ستاندارد، شێوەیەکی پێشکەوتووی زمانێکی دیاریکراوە کە پتر لە لایەن قسەپێکەر و بەکارهێنەری خوێندەوارەوە کە لە شوێنی فەرهەنگی و سیاسیی یەک وڵاتدا دەژیێن، بەکاردەهێنرێت. ئەو شێوە زمانە زۆرجار وەکو زمانی فەرمیش لە پەروەردە، میدیا، ڕۆژنامەکان و ...تاد. بەکاردەهێنرێت، هەروەها قسەپێکەرانی شێوە کۆمەڵایەتی و جوگرافیاکانی زمانەکە تێدەکۆشن و هەنگاودەنێن، تا لەم زمانە نزیکببنەوە و لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا کەڵکی لێوەربگرن و بەکاریبهێنن" (مدرسی، ١٣٦٨: ٢٣٢ ــ ٢٣٣).

لە بۆچوون و تێڕوانینی (پیتەر ترادیگێل)یشەوە، زمانی ستاندارد پەسنکراوە کە "شێوە زمانێکە، لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بەکاردەهێنرێت و لە قوتابخانەکاندا پێیدەخوێنرێت، هەروەها زمانێکە خوێندەواران ئاخاوتنی پێدەکەن و لە میدیاکاندا بەکاردەهێنرێت" (ترادیگل، ١٣٧٦: ٢٣) .

نزیک لەم دوو پێناسەیە و لە دیدگایەکی دیکەوە جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە شێوەیەکە لە زمانی باڵا، لە سەرووی شێوازی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی جێگەی گرتووە، هەروەها بە ئامراز و هۆکاری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەدەبیی کەسانێک دادەنرێت کە لەوانەیە لە کات و شوێنی تایبەتی خۆیاندا بە شێواز و زمانی تایبەتی خۆیان بدوێن، لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەو زمانەیە کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی بۆ فێرکردنی کەسانی بیانیش سوودی لێوەردەگیرێت، چونکە خاوەنی بنەچە و بنەمای تایبەت بە خۆیەتی و ڕێزمان و ڕێنووسی یەکگرتووی هەیە (صادقی، ١٣٧٥ : ٢٩)، چونکە لە بنەما سەرەکییەکانی بەستانداردکردن بەکۆدکردن و چەسپاندنی گەنجی زمانەکەیە (Language Codex) لەسەر گشت ئاستەکاندا، ئەم بەستاندارد و بەکۆد کردنەش، ئەمانەمان بۆ مسۆگەردەکەن:

(١) چەسپاندنی یاساکانی دروستنووسین/ ئەرسۆگرافی بە یەکگرتوویی.

(٢) نیشاندانی زانیارییەکان دەربارەی دەربڕین، ڕێزمان، وشەنامە و شێواز (مەحویی، ٢٠١٤: ١٤٦).

لە دەرئەنجامی ڕوانینەکانی پێشوو دەگەینە ئەوەی بڵێین: "زمانی ستاندارد شێوەی تۆمارکراو و سەقامگیری زمانە کە زۆرینەی کۆمەڵی زمانی ئەوەیان وەکو ڕێبەر و نموونەیەکی پەسەندکردوو بەکاردەهێنن" (سارلی، ١٣٨٧: ٣)، یاخود بە گوتەیەکی دیکە شێوەی فەرمیی زمانی وڵات و نەتەوەیەکە، کە لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بەکاردێت، هەروەها لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا پێیدەخوێنرێت و خوێندەواران لەسەر سەکۆیەکاندا ئاخاوتنی پێدەکەن و لە میدیاکاندا بەکاردەهێنرێت، سەرباری ئەوانە بۆ کاروبارە ئابووری و سیاسییەکانی وڵات و بەڵگەنامە فەرمییەکانیش بەکادەهێنرێت، بەو واتایەی لە هەر کات و شوێنێکدا، ئەگەر شێوەیەک لە شێوەکانی زمانەکە بوو بە بناخە بۆ نووسین و خوێندنەوە ئەوا دەبێتە زمانی ستاندارد.

٣ . ٤ . ٢: بنەما و تایبەتمەندییەکانی زمانی ستاندارد

ستاندارد لە زارەکانی زمانە کە لێیانپێکهاتووە ڕاستر یا دروستتر نییە، چونکە لە هەموو ئەوانە هەڵهێنجراوە. نموونەیەک بۆ ئەو یاسایانە: ئەم جۆرەی زمان وەک شاکارێک لە یاسا، لە ڕێزمان و وشەنامەی زمانەکە (گەنجی زمانەکەی) دروستبووە، ڕێسا بنەڕەتییەکانی زمانەکە بۆ هەموو زار و وەچەزارەکان دەخوات (مەحویی، ٢٠١٤: ١٤٦)، بەم شێوەیە لە ئەنجامی سەرنجدان و وردبوونەوە لەو بۆچوونانەی لە بابەتی پێشوودا خرانەڕوو، دەگەینە چەند بنەمایەکی دیاریکراوی زمانی ستاندارد کە یارمەتیمان دەدات بۆ باشتر تێگەیشتن لە چەمکی ئەو شێوە زمانە کە هەرە گرنگەکانیان ئەمانەن:

(١) زمانی ستاندارد لە بنەچەوە یا بنوبناوانەوە یەکێک بووە لە شێوە باوەکانی زمانی نێو کۆمەڵ.

(٢) گۆڕانکارییەک لە دروستبوونی ئەو شێوە زمانەدا ڕوویداوە.

(٣) زۆرینەی کۆمەڵی زمانی ئەو زمانە بە سەرچاوە دەزانن و پەسەندیدەکەن.

(٤) هەروەها زۆرینەی کۆمەڵی زمانی لە هەندێ کات و سات و شوێندا کەڵکی لێوەردەگرن و بەکاریدەهێنن.

(٥) لە ڕوانگەی گونجاندنیشییەوە زمانێکە کە کەمترین جۆراوجۆری لە ڕوخساریدا و زۆرترین جۆراوجۆری لە ڕۆڵێدا هەیە (خۆشناو، ٢٠١٣: ٧٥ ــ ٧٦).

هەرچی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی زمانی ستانداریشە، ئەوا بە باوەڕی کۆزمانەوانەکان ئەو جۆرە زمانە لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا سەرهەڵدەدات، دەشێت خاوەنی ئەم تایبەتیانە بێت:

(١) زارێکی سەپاوە.

(٢) دەستەڵات لە کارگێڕیدا بەکاریدەهێنێت.

(٣) لە میدیا، قوتابخانە و زانکۆیەکاندا بەکاردەهێنرێت.

(٤) تاکە زمانە کە پێیدەنووسرێت.

(٥) تا ڕادەیەک نەگۆڕ و جێگیرە، بۆیە بە گشتی ڕێگا بە جیاوازیی فرەوان نادات لە ڕوانگەی ڕێنووس، گۆکردن و ڕێزمانەوە.

(٦) دەکرێتە پێوەر و بنەما بۆ بەراوردکردن لەگەڵ زارەکانی دیکەدا، هەروەها بەراورکردنی ئەو زمانە بە زمانەکانی دیکە.

(٧) لە ڕوانگەی زمانەوە تەنیا شێوەیەکە لە زمانەکە، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە بە بەرزتر دادەنرێت، واتە: ناوبانگ و شکۆمەندیی هەیە.

(٨) بە سیمبولی نەتەوە و گەلێک دادەنرێت. (فەتتاح، ٢٠٠٨: بڵاونەکراوە).

**٣ . ٤ . ٣: بەستانداردکردن و هەنگاوەکانی**

هەر گەل و نەتەوەیەکی ژێردەستە کاتێک ڕزگاری دەبێت، یا بەشێک لە مافە ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکانی خۆی بەدەستدەخات، ڕاستەوخۆ لە بیری دیاریکردن و بەدەستهێنانی زمانی ستانداردا دەبێت. ئەزموونی میللەتانیش ئەوەی سەلماندووە کە هیچ گەل و میللەتێکی ژێردەستە و ناسەروەر نەیتوانیوە لە هەوڵی بونیادنانی زمانێکی ستانداردا بێت، لەبەرئەوەی لە تێڕوانینی کۆزمانەوانەکانەوە ئەوە یەکلایی کراوەتەوە کە ستانداردکردن (Standardization) پەیوەندییەکی تایبەتە و کۆمەڵ و زمان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بۆ ئەم کارەش پێویستیی بە گونجان و بارودۆخی تایبەت دەبێت کە تێیدا زارێک یا شێوەزارێک دەشێت بە ستاندارد لەقەڵەمبدرێت، کاتێک لە توانایدا هەبێت وەک هۆکاری گەیاندنی هاوبەش لە کۆمەڵدا خزمەت بکات، ئەمەش بە شێوە باوەکەی بەو ڕێگایە ئەنجامدەدرێت کە ئەم زمانە هەڵبژێردراوە بە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا گوزەردەکات و لە پێڕەوی فەرمیی پەروەردەییشدا کارییێدەکرێت (Bussman, ١٩٩٦: ٤٥).

بەم شێوەیە پێواژۆی بەستانداردکردن "لە پلاندانان بۆ زمان و بۆ کۆرپەی زمان پێکدێت، نموونەیەکی بەستاندارکردن زمانی ستانداردە" (مەحویی، ٢٠١٤: ١٤٦) بۆیە بەستانداردکردن بە چەمکە گشتییەکەی و باوەکەی دەشێت بەوە بناسێنرێت کە مەبەست لەو پێواژۆیە بێت، تێیدا زمانێک یا زارێک لە زمانێکدا بە ستاندارد و فەرمی دەکرێت و دەناسێنرێت، هەروەها بە فەرمی لە لایەن قسەپێکەرانییەوە پەسەنددەکرێت، ئەوەش لە ڕێگەی بە بەرداکردنی بەرگێکی فەرمی و دیاریکردن و دۆزینەوەی ڕێسا نەگۆڕەکانییەوە دەبێت(٤٠ : Hangen, ١٩٩٤) . لێرەدا ئەوەی گرنگە بخرێتەڕوو ئەوەیە کە هەموو زمان و زارێک لەبار و گونجاو نییە، تاوەکو ببێتە ستاندارد، یا پێواژۆی ستانداردکردنی بەسەردا جێبەجێبکرێت، بەڵکو زمانی هەڵدەبژێردراو دەبێت خاوەنی چەند ئەدگارێکی دیاریکراو بێت، لەوانە:

(١) کەمترین کێشەی هەبێت، بەو واتایەی توانستی زمانەکە بۆ ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکانەی پێیدەسپێردرێت لەبار و گونجاو بێت.

(٢) خاوەنی شکۆ و ناوبانگ بێت، تاوەکو تاکەکانی کۆمەڵ شانازی بە بەکارهێنانییەوە بکەن، ئەمەش ڕێژەی ددانپێدانان بە زمانەکە دەگرێتەوە.

(٣) پاشخانی ڕۆشنبیری، واتە لایەنی دەوڵەمەندی زار یان زمانەکە لە ڕووی ئەدەبیات و زمانی نووسینەوە گرنگیی دەبێت.
(٤) ناوچەی جوگرافیای زمان یا زارەکە و ڕێژەی قسەپێکەرانیش کاریگەریی خۆیان لە پێواژۆی بەستانداردکردندا هەیە.
(٥)زمانەکە بێلایەن و پەسەندکراو بێت، چونکە ئاستی ڕۆشنبیری و باری کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانیش ڕۆڵیان دەبێت لە پەسندکرنی زمانە هەڵبژێردراوەکە.

(٦) ئاسان بێت بۆ فێربوون.

(٧) ڕێگەنەدات بە دروستبوونی شاز/ڕیزپەڕ و ناوێزە لە شێوە و یاساکانیدا.

(٨) سیما گشتییەکان بەکاربهێنێت.

(٩) هەروەها دەوڵەمەندبێت لە دەربڕاو و زاراوەکان، بە جۆرێک بەشی زۆرینەی زانستەکان بکات. [بۆ بەشێک لەم خاڵانە سوود لە (فەتتاح، ٢٠٠٨: بڵاونەکراوە) وەرگیراوە]

پێواژۆ و چۆنیەتیی ئەنجامدانی بەستانداردکردنەکەش (هودسن) پێی وایە هەموو زمانێکی ستانداردی سەرکەوتوو و نموونەیی بەم چوار هەنگاوەدا تێپەڕدەبێت(٣٣ -٣٢ : ١٩٩٦ ,Hudson)  کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدرێت:

**هەنگاوی یەکەم: هەڵاوێرکردن ( Selection )** بە شێوە گشتییەکەی مەبەست و ئامانجی سەرەکی لێرەدا خۆی لە کردەی هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی زارێک یا شێوەزارێکدا دەبینێتەوە، پەیوەست بە ڕەچاوکردنی ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی زمانی ستاندارد و بەستانداردکراوەوە.

**هەنگاوی دووەم: ڕێکخستن (Codification)** لێرەشدا پسپۆڕانی زانستی زمان زانستی زمانی کوردی و زمانەوانەکان بەرپرسیاری یەکەمی ڕوونکردنەوەی داتا و ڕاستییە زمانییەکانن و هەر خۆشیان لەسەر ئەنجامەکانی کارە زانستییەکان خاوەنی بڕیاردانی زانستییانەی بێلایەنن، بە واتا شێوازی داڕشتنی ئاستی قووڵی زمانەکە هەڵدەهێنجرێت و زمانەکەی لە ئاستێکی بەرزدا پێدەخرێتەڕوو (مەحویی، ٢٠٠٨: ١١٣).

**هەنگاوی سێیەم: درێژەپێدان (Elaboration of function)** ئەم هەنگاوەیان بە تەواوەتی لە ئەستۆی زمانەوانە پسپۆڕەکاندا دەبێت، تێیدا هەنگاوەکان بەو ئاڕاستەیە دەبێت کە لە فەرهەنگە ئاوەزییەکە و لە وشە بیانی و وەرگیراوە شیاوەکانەوە داڕشتنەکە تەواوبکرێت و زمانە باڵاکە بچەسپێنرێت کە بە شێوەیەکی دیاریکراو پێکهاتە و بەشە شیکراوە و پەسنکراوەکانی زمانەکە ئەو کارە پێکدەهێنن (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، بە واتا ئەرکییان ئەوەیە شێوازی زمانەکە لە ڕووی داڕشتن و فەرهەنگ یا گەنجی وشەوە تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ فەرهەنگە ئاوەزییەکە و گەنجی وشە و زاراوە تایبەتەکان بۆ بەکارهێنەران و دامودەزگاکان جێگیربکەن.

**هەنگاوی چوارهەم: قبووڵکردن (Acceptance)،** ئەمەشیان دوا هەنگاوی پێواژۆی بەستانداردکردنەکەیە کە بڕیاردان لە بارەی شێوازە هەڵاوێرکراوەکەوە بۆ جێبەجێکردن و بەکارهێنان دەگرێتەوە، بە شێوەی باو ئەم کارە لە کۆتاییدا دەکەوێتە دەست:

(١) پسپۆڕان و شارەزایانەوە، بۆ بڕیاردانی زانستییانەی بێلان کە لەم بڕیارەوە بەرەبەرە شێوەکە ڕێچکەی سروشتی خۆی دەگرێتەبەر و جێگیردەبێت، بە واتا ڕەزامەندیی زۆرینە بەدەستدەهێنێت.

(٢) دەستەڵاتی ڕامیاری و پەرلەمان، ئەوانیش بە یەکێک لەم دوو ڕێگەیە کارەکە یەکلایی دەکەنەوە:

(أ) ڕاستەوخۆ کار بە ئەنجامی زمانەوان و پسپۆڕەکانی کۆلێژی زمان دەکرێت و دەستەڵات بڕیاردەدات.

(ب) لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و کۆڕ و سیمینارەوە گشت لایەنە زمانەوانی و ڕامیاری و ئەگەرەکان بۆ دانیشتوان ڕووندەکرێنەوە و ئینجا بڕیاردانەکە دەخرێتە دەنگدانەوە و دیموکراسییانە کۆتایی بە پێواژۆیەکە دەهێنرێت (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو).

### ٣ . ٤ . ٤: زمانی ستانداردی کوردی

ئەم بابەتە بۆ ستانداردی کوردی و چۆنیەتیی بەستانداردکردنی زمان لە کوردیدا تەرخانکراوە، لە سەرەتادا لەوەوە دەستپێدەکەین کە زمانی ستانداردی کوردی بە دۆخی ڕامیاری کوردستان و هەبوونی دەوڵەتی کوردییەوە بەندکراوە، بۆیە لە میانەی لەدەستدانی دەرفەتی ڕابردوو کە یاسایەکی نێودەوڵەتی پشتگیریی لە دروستبوونی قەوارەیەکی کوردی دەکرد، ئەوکاتە زمانی ستاندارد بوو بە پێویستییەک، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا و لە دوای چارەگی یەکەمی سەدەی بیستویەک، جارێکی دیکە کێشەی کورد چووەتەوە کایەی نێودەوڵەتییەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی لە بونیادنانەوەی دەوڵەتی نوێی عێراقدا ددان بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان دانراوە و لە ماددەی چوارهەمی بەندی یەکەمی دەستوورەکەیدا هاتووە: "هەردووک زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا"، لە ماددەی دووەمیشدا سنووری بەکارهێنانی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی فیدڕاڵدا دیاریکراوە (عەلی (ب)، ٢٠١٠: ٣٥).

لە پێناو بونیادنان و دیاریکردنی زمانی ستانداردی کوردیشدا بە گشتی چەند بۆچوون و پێشنازێک لە ئارادا هەیە کە دەکرێت بەم جۆرە کورتبکرێنەوە:

**یەکەم:** دروستکردنی زمانی ستاندارد بە تێکەڵکردنی هەموو زارەکان، یاخود هەردوو زاری کرمانجیی سەروو و نێوەڕاست کە زۆرجار ئەمەیان بە (سۆرمانجی) ناودەبرێت! بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا کارێکی سەخت و نەکراویشە، چونکە ئەم دوو زارە لە ڕووی ڕستەبەندی و ڕێزمانەوە جیاوازیی زۆریان هەیە، بۆیە ناکرێت لە هەردووکیان زارێکی نوێ پێکبهێنرێت. ئەو هەوڵانەشی کە تا ئێستا لەو بارەیەوە دراون و لەسەر منداڵانی بەدبەختی کوردستان بە تایبەت لە پرۆگرامی خوێندندا تاقیکراونەتەوە، تێکەڵکردنێکی میکانیکیانە و کاریکاتێرییانەن!، چونکە هەر کەس تۆزێک ئاگاداری زانستی زمان و بنەماکانی زمانی کوردی بێت، دەزانێت ئەمە کارێکی نەزانانەیە و هیچ بنەمایەکی زانستیی زمانی نییە و بێئەنجامە (سابیر، ٢٠١٤: ٦٥).

**دووەم:** دیاریکردنی هەردوو زارەکە وەک ستاندارد، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەم پێشنیاز و چارەسەرییەدا بۆ زمانی ستانداردی کوردی جەخت لەوە دەکرێتەوە کرمانجیی نێوەڕاست و سەروو هەردووکیان ستانداردبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە یاخود بەرەو ستاندادردبوون دەچن، لێرەدا پێویستە ئەوەمان لە بیربێت، بەشێک لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیناوایە لە بڕیاردان لە بارەی زمانی ستانداردی کوردییەوە دەبێت پەنا بۆ کوردستانی گەورە ببرێت، بە واتا هەموو کوردستان لەبەرچاوبگیرێت، هەروەها نایشارنەوە کە بەم ڕێگایە کورد دەبێتە خاوەنی دوو ستاندارد و دوو ئەلفوبێ (خۆشناو، ٢٠١٣: ٤٠٨ ــ ٤٠٩).

**سێیەم:** کرمانجیی نێوەڕاست بە پشتبەست بە کۆمەڵێک بەڵگە و پاساو بکرێت بە زمانی ستاندارد، بە تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەم بۆچوونە لەگەڵ سنوور ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمەدا پتر یەکدەگرێتەوە.

بەم شێوەیە و پشتبەست بەوەی خرایەڕوو، لە دیدی ئێمەوە لەم قۆناغەدا کاتێک باس لە زمانی ستانداردی کوردی دەکرێت، پێویستە دوو لایەن لە یەکدی جیابکەنەوە، ئەوانیش کوردستانی گەورە و هەرێمی کوردستانە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا کورد خاوەن حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتیی خۆیەتی، هەروەها زمانی ستاندارد و کارگێڕیش وەک ئاماژەی بۆ کراوە بە حکومەت و دەستەڵاتەوە پەیوەستە، چونکە لە لایەکەوە حکومەت دامودەزگای تایبەت بە خۆی هەیە کە دەتوانێت لە ڕێگەیانەوە خزمەتی زمان بکات، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان تایبەت لە پێواژۆی پەروەردە و فێرکردندا ئەم زمانە پێویستییەکی سەرەکی دەبێت، کەواتە ئەمە دەبێتە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەی لەم قۆناغەدا دانانی زمانی ستاندارد بۆ کوردی هەموو پارچەکان کارێکی ئەستەمە، چونکە لە دەستوری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ددان بە کورد وەک نەتەوە و زمانی کوردی نەنراوە، تەنانەت خزمەمەتکردنی زمانی کوردیش بە تاوانباری هەژماردەکرێت (نەبەز، ١٩٧٦ : ١٤).

بۆیە لە بارەی زمانی ستانداردەوە لە هەرێمی کوردستاندا، هەرچەند بە ئاشکرا و بەبێ هیچ پێچوپەنایەک زارەکانی (کرمانجیی سەروو و نێوەڕاست) وەک زمانی ستاندارد دەبینرێن، بە جۆرێک هەریەکەیان بە جیا بوونەتە زمانی ئەدەبیات، خوێندن، نووسین و ڕۆژنامەگەری، تەنانەت زمانی فەرمیی بەڕێوەبردن و کارگێڕیش، لایەنگرانی هەریەکەشیان بە بیانوویەک دەیەوێت زارەکەی خۆی بکاتە ستاندارد و بەڵگە بۆ سەرکەوتنی دەهێنێتەوە، بەڵام ئێمە پێمانوایە، کرمانجیی نێوەڕاست زمانی ستانداردە، چونکە ئەم زارە لە ڕووی مێژووییەوە بەشێک لە قۆناغەکان بەستانداردبوونی بڕیوە، لە ڕەوشی مێژوویی خۆیدا بەردەوام گەشەیکردووە کە دەشێت بەم شێوەیە ڕوونبکرێتەوە:

نزیکەی سەدەیەکە بەو زمانە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاودەبێتەوە و زمانی خوێندنی قۆناغە جیاجیایەکانە، تەنانەت بابەتە زانستییەکانی، وەک: کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی و بیرکاری ...تاد. هەر بەم زمانە لە پڕۆگرامەکانی خوێندن و بەشێک لە توێژینەوە زانستییەکان بە کوردیکراون، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەراوردی پاشخانی چاپکراوەکانی زاری کرمانجیی سەروو و نێوەڕاست بکەین، بە نموونە لە ساڵی (١٩٢٠ تاکو ساڵی ١٩٨٥)، ئەوا (١٠٨١) هەزاروهەشتاویەک چاپکراو بە زاری کرمانجیی نێوەڕاست و تەنیا (٢٦) بیستوشەش چاپکراو بە کرمانجیی سەروو هەیە (تۆفیق، ٢٠٠٧ : ٥٤) لە لایەکی دیکەشەوە بە سەرنجدان لە نووسینی سەر بەڵگەنامە فەرمییەکان (پاسپۆرت، پارە و مۆڵەتی شۆفێری) ئەوا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت لە حکومەت و فەرمانڕەوایە یەک لەدواییەکەکانی عێراقدا، تا ئەمڕۆکە دەوڵەت ئەو زمانەی بە زمانی کورد ناسیوە (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٦٨)، هەروەها لە سەردەمی دەستەڵاتەکانی (کۆماری کوردستان) و (حکومەتی شێخ مەحمود) (حکومەتی هەرێم بە کابینە یەک لەدواییەکەکانییەوە) هەر ئەم زارە زمانی کارگێڕی و نووسین بووە، بە تایبەت لە ئێستادا کە زمانی فەرمیی پەڕلەمان و حکومەتی یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان و زمانی گوتاری دەستەڵاتدارانی ڕامیارییە، تەنانەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیشدا بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانیان هەر ئەم شێوە زمانە بەکارهێنراوە، بەڵگەی ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ ڕاگەیاندنەکانی زمانحاڵی شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان لەگەڵ شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دیکە، یاخود بڵاوکراوەی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەمە جگە لە قوتابخانەی شیعری بابان و کاریگەرییەکانی، هەروەها کردنەوەی بەشی (زمانی کوردی) لە زانکۆیەکانی کوردستان کە بە گشتی تێیاندا بایەخ بە کرمانجیی نێوەڕاست دراوە، لەگەڵ بوونی دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی چالاک لە نێوچەکەدا (عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧ : ١٦ – ١٧).

دواجار ئەوەی گرنگە دووپاتبکرێتەوە ئەوەیە کە ڕاستییە زانستییەکان و ئەزموونی گەلان و میللەتانی دیکە پێماندەڵێت: زمانی ستاندارد زار و شێوەزارەکان لەنێونابات، بەڵکو بە پێچەوانەوە زارەکان بە سەرجەم شێوەزار و لقەکانیانەوە لە سایەی بوون و گەشەکردنی زمانی ستانداردا و لە ڕێگەی سیاسەت و پلانسازییەکی ژیرانەی زمانییەوە دەتوانن پارێزراوبن، هەروەها زەمینەی مانەوە و گەشەکردنیشیان بۆ فەراهەمدەکرێت (سابیر، ٢٠١٤: ٦٢ ــ ٦٣)، چونکە زار و زارۆچکەکان بە گشتی لە ڕێگەی زمانگۆڕکێ، دەنگۆڕکێ و واتاگۆڕکێ و ...تاد. لەگەڵ جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی یاساکانەوە دروستبوون، بۆیە لە بنەڕەت و بنجوبناواندا:

(١) هەر سەر بە زمانی کوردیین، تەنیا بوارێکی تەسکتر و پانتاییەکی سنوورداری زمانەکە دەگرنەخۆ.

(٢) هەریەکەیان لە پێڕەوە چڕ و ئاڵۆزەکەی تایبەت بە زمانی کوردی پێکهاتووە و هیچ یەکێکیان لەوی دیکەیان چاکتر یا خراپتر نییە (مەحویی، ٢٠٠٨: ١١١) .

دەرئەنجامی ڕوونکردنەوە و پاساوهێنانەوەکانی پێشوو دەمانگەیەننە ئەو دەرئەنجامەی هەر زار و شێوەزارێک دیاری بکرێت گرنگ ئەوەیە کۆکبوونی نەتەوەیی و بنەما و ستراتیژیەتەکانی بەستانداردبوونی تێدا ڕەچاوکرابێت، بەڵام پەیوەست بە زمانی بەستانداردی کوردییەوە لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، بگوترێت: کرمانجیی نێوەڕاست بووە بە نیمچە ستانداردێک، بە گوتەیەکی دیکە وەک پێشتر وتمان بە کردە و بە جۆرێکی سروشتی ڕۆڵی زمانی ستاندارد دەبینێت، بۆیە ئەوەی ماوەتەوە تەنیا بڕیارێکی سیاسی بوێرانە و چەند خزمەت و پێداویستییەکی دیکەی زانستییە، بۆ ئەوەی بە

فەرمی ببێتە زمانی ستاندارد لەم بەشەی کوردستاندا، ئەمەش بە پلانسازیی درێژخایەن و دیاریکردنی ستراتیژیەتی بۆ زمانی کوردی و ڕەوشی گەشەکردن و ئاڕاستەکردنی جێبەجێدەکرێت.

## ئەنجامەکان

لە شیکردنەوەی درکپێکراوەکانی نێو توێژینەوەکەوە ئەم ئەنجامانە گەڵاڵەبوون:

- زمانی کوردی لە زمانە زیندووەکانی دونیایە، چونکە هەموو پێوەر و بنەماکانی زمانی زیندووی لەسەر تاقیدەکرێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو زمانانەی ملیۆنان قسەپێکەریان هەیە، ئەوا مانەوە و شکۆمەندییان تا ماوەیەکی درێژ مسۆگەرە، ئەمە جگە لە بە فەرمیناساندنی لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەک زمانی یەکەم و وەک زمانی دووەمیش بەپێی بنەما دەستوورییەکان لە عێراقی فیدڕاڵدا.
- دۆخی کوردستان لە ڕووی ڕامیاری و پارچەپارچەکردنەوە وایکردووە، کێشەکانی زمانی کوردی لە زمانانی دیکە ئاڵۆزتربن، ئەم ئاڵۆزییەش بە هەنگاوی زانستییانە و لە ڕێگەی سیاسەت و پلانسازیی زمانییەوە، پاڵپشت بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دوورکەوتنەوە لە هەموو هەستێکی ناوچەگەریەتی و دیالێکتچیەتییەوە چارەسەردەکرێن. هەروەها کاتێک باس لە سیاسەتی زمانی و پلانسازیی زمانی کوردی دەکرێت، پێویستە کوردستانی گەورە و هەرێمی کوردستان لێکجیابکرێنەوە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا سێ پارچەی کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەراندایە و ئەو دەوڵەتانەش ددانیان بە زمانی کوردی دانەناوە
- سیاسەت و پلانسازیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستی چاوەڕوانی و ویستەکانی کوردزمانانندا نییە، لە لایەکی دیکەشەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان چ لایەنی ڕامیاری و دەستەڵات، چ ناوەندە ئەکادیمییەکان و ڕۆشنبیران هەنگاوی پێڕەوبەندانەیان لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نەناوە، بۆیە پێویستە سیاسەت و پلانسازییەکی زمانیی تۆکمە و ئامانجدار لە بەرنامە و کاری حکومەتی هەرێم و ئەکادیمیای کوردیدا جێگیربکرێن لە پێناو دەربازکردنی زمانی کوردی لەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی تێیکەوتووە.
- پەیوەندی لە نێوان سیاسەت و پلانسازیی زمانیدا تەواوکارانەیە، ئامانجی سەرەکییان ڕێکخستن و جڵەوگیریی زمانە، بۆیە دەبنە دوو پێویستیی گرنگ، هەروەها فاکتەریی سەرەکین لە بەهێزکردن و پاراستنی زماندا، ئەمڕۆش کورد زیاتر پێویستیی پێیانە، چونکە لە هەر کات زیاتر زمانەکەی لەبەر هەڕەشەی لاوازبوون و بگرە مەترسیدایە، بەشێکی زۆری ئەو بێسەروبەرییانەشی بوونیان هەیە، بە چالاککردن و جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان چارەسەردەکرێن.
- مەترسییەکی ئەو تۆ لە ئارادا نابێت، ئەگەر بە بڕیارێکی سیاسی لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە کرمانجیی ناوەڕاست بکرێتە زمانی دەستوور، شێوازبەند و زمانی فەرمیی حکومەت و گەلەکەمان لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە تاڕادەیەکی باش قۆناغەکانی بەستانداردبوونی بڕیوە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی بەستانداردکردن پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو ڕۆڵە مێژووییەوە هەیە کە ئەو زمانە لە پاشخانی کەلتووری و فەرهەنگی، هەروەها سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەییدا بینیویەتی، نەک زۆر و کەمی ژمارەی ئەو کەسانەی پێیدەدوێن.
- بوار و مەیدانی زاراوەسازیی کوردی زۆرتر ئاسایی و نافەرمییە، بە واتایەکی دیکە زاراوەسازیی کوردی ناوچەیی و تاکەکەسییە، چونکە پلانسازیی زاراوەسازیی لە ئارادا نەبووە، هەروەها ڕێکخستن و سنووردارکردن لە وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانێکدا ــ تایبەت کەمکردنەوەی دیاردەکەــ ، تەنیا بە دامەزراندنی دەستگایەکی ئەکادیمیی زاراوەسازی دەبێت، تاوەکو دیاردە و بابەتێکی نوێ هاتەئاراوە پێش بڵاوبوونەوەی زاراوەی بۆ دابنرێت.
- هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی، بە ڕەچاوکردنی پلانسازیی بۆ فەرهەنگنووسی کوردی جێبەجێدەکرێت، ئەم کارەش فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە فەرهەنگی سەرتاسەری و بنەماکانی فەرهەنگسازیی کە لە کۆتاییشدا دەبێتە بنەمایەک بەهۆیەوە لەو قەیران و گرفتانەی ڕووبەڕووی فەرهەنگسازی و دانانی فەرهەنگی کوردی بوونەتەوە ڕزگارماندەبێت.

- له زمانی کوردیدا کێشەی ڕێنووس بەراورد بە ئەلفوبێ زۆرتر و بەربڵاوترە، چونکە ڕێنووسی یەکگرتوو چووەتە قۆناغێکی نوێی بەرهەستەکردنەوە کە تاک و گروپە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمییەکان خۆیان ئازاد و سەربەخۆیانە پێڕەوەکە جیەجێدەکەن، سەبارەت بەو کێشانەی لە ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردیشدا بوونیان هەیە، ئەوا لە ڕێگەی سیاسەت و پلانسازیی تایبەتییەوە چارەسەردەکرێن، هەروەها زیادکردنی بنەماکانی ڕێنووس و دروستنووسین بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستییەکی هەنوکەیی و گرنگە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**


- ♦ **ئەحمەد زادە، هاشم** (٢٠١٢)، زمان ئەدەب و ناسنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ♦ **ئەمین، وریا عومەر** (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ♦ **ئەمین، وریا عومەر** (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ♦ **برۆز، ئومێد بارزان** (٢٠١٦)، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ــ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٥٠)ی ئایار، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- ♦ **بەسیر، کامل حەسەن** (١٩٧٩)، زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- ♦ **تاهیر، شەهاب شێخ تەیب** (٢٠١٢)، بنەما و پێکهاتەی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- ♦ **تۆفیق ،قەیس کاکل** (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (ڕوانینێک)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ♦ **جامباز، تاریق** (٢٠١٤)، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ♦ **چالی، شەعاب** (٢٠٠٨)، شێوازی شیعری جەزیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ♦ **حاجی مارف، ئەوڕەحمان** (١٩٨٢)، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق ــ دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغداد.
- ♦ **حاجی مارف، ئەوڕەحمان** (١٩٨٧)، لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغداد.
- ♦ **حاجی مارف، ئەوڕەحمان** (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی ــ عەرەبی ــ ئینگلیزی)، سلێمانی.
- ♦ **حسەین، جەمیلە ئەحمەد** (٢٠٠٨)، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
- ♦ **حسەین، شیلان عومەر** (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- ♦ **خۆشحاڵی، بێهزاد** (٢٠٠٨)، فیلۆلۆجیای زوانی کوردی و مێژووی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ♦ **خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا** (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- ♦ **خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا** (٢٠١٦)، زمانەوانیی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- ♦ **دزەیی، عەبدولواحید موشیر و محەمەد، دانا تەحسین و صالح، دەرون عەبدولڕەحمان** (٢٠١٣)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ♦ **ڕەسوڵ، سوداد** (٢٠١٠)، جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپور و ئەفسانەکەی، هەفتەنامەی هەولێر، ژمارە

(٤١)ی تەمموز، هەولێر.

♦ **ڕەسوڵ، سوداد** (٢٠١٢)، پرسی ئەلفوبێی کوردی لە هەردوو کۆنفرانسی زمانی کوردی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٤) گۆڤارێکی مانگانەی تایبەت بە بوارەکانی زمانە، ڕێکخراوی زمانناسی دەریدەکات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.

♦ **ڕەسوڵ، صلاح حوێز** (٢٠١٣)، پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچووکترین پرۆگرامدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

♦ **ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن** (٢٠٠٤)، چەند پیتێکی کێشەدار لە نووسینی کوردیدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، پەڕبەندا (٧)، هژمارا (١)، دهۆک.

♦ **ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن** (٢٠١١)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین؟ ـ لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٠)،لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

♦ **زەبێحی، عەبدوڕەحمانی** (١٣٦٧)، قاموسی زبانی کوردی، چاپی دووەم، انتشاراتی سەڵاحەددینی ئەیوبی، ورمێ.

♦ **سابیر، ڕەفیق** (٢٠١٤)، بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی عەزەلنووس ـ بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، زنجیرەی کتێب (٢٩)، چاپی دووەم، سلێمانی.

♦ **سابیر، کامیار** (٢٠٠٩)، لینگوا فرانکای کوردیی: زمانی ستاندەرد و فەرمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

♦ **ساڵح، دەرون عبدالرحمن** (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

♦ **سلێمان، ئازاد عەزیز** (٢٠٢٢)، سیاسەت و پلانی زمانی لە ڕاگەیاندندا ـ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

♦ **سورخی، ڕەحیم قادر** (٢٠١٤)، پلانی زاراوەسازی لە تیۆری پلانی زماندا: ڕوانگەیەکی ڕێبازمەند بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٨) لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

♦ **سەید مینە، مستەفا** (٢٠٠٧)، با چیدی زمانەکەمان نەشێوێ!، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (١٤٨)ی بەهار، چاپخانەی منارە، هەولێر.

♦ **شاکەلی، ئەمجەد** (٢٠١١)، زمانی کوردی ـ ناسنامە و نیشتمانی کوردە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

♦ **عارف، زوبێر عەلی** (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **عەبدول، جەمال** (٢٠٠٨)، بەرکوڵێکی زانستی زاراوەسازی کوردی، دووەم چاپ، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی.

♦ **عەبدولڕەحیم، شیلان عوسمان** (٢٠٠٨)، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

♦ **عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری** (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

♦ **عەزیز، حوسێن محەمەد** (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی (لێکۆڵینەوە و ڕەخنە)، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

♦ **عەلی، بەکر عومەر** (٢٠٠٩)، ڕێنووسی کوردی و زمانی ستاندەر، گۆڤاری (الاستاذ)، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕووشد)، ژمارە (٨٨)، زانکۆی بەغداد، بەغداد.

♦ **عەلی، بەکر عومەر** (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

♦ **عەلی، بەکر عومەر و ئەحمەد، تریفە عومەر** (٢٠٠٥)، فۆنیمی (و)ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (١٥)ی شوبات، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **عەلی، بەکر عومەر و حەمەئەمین، شێرکۆ** (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

♦ **عەلی، ڕێبوار** (٢٠١٠ ـ ب)، زمانی ستانداردی کوردی ـ سەرنجێک لە ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی، بێ چاپ؟، بێ چاپخانە؟، سلێمانی. [بڵاوکراوەی سەر هێڵ بە .pdf].

♦ **عەلی، شێرزاد سەبری و عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین** (٢٠١١)، زمانڤانییا کارەکی، چاپا ئێکێ، دار سپیریز للطباع والنشر، چاپخانە؟، دهوک.

♦ **عەلی، محەمەد محەمەد یونس** (٢٠١٠ ـ أ)، دەروازەیەک بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

♦ **غەریب، کەمال جەلال** (٢٠١٢)، پڕۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

♦ **فەتتاح، محەمەد مەعروف** (١٩٨٢)، ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

♦ **فەتتاح، محەمەد مەعروف** (٢٠٠١) زمانەوانی فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندکردنی دەروازە فەرهەنگییەکان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (١٩)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

♦ **فەرەج، هۆگر مەحموود** (٢٠١٥)، چەند تێزێک بۆ ئەلفوبێ و ڕێنووس ی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٤)، چاپخانەی حاجی هاشم.

♦ **قادر، کاروان عومەر** (٢٠١٤)، درکپێکردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربوونی زمانی دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (٤٥)ی ئاب، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **قازی، سعد عبدالرزاق** (٢٠٢٠)، سیاسەت و پلانداڕێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

♦ **قەرەداغی، مهاباد** (٢٠٠٠)، زمان و ناسنامە، لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج.

♦ **قەرە محەمەد، فاخر نەجمەدین** (٢٠٢٣)، بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری ـ (هەراشان، هەرزە) بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان و پەروەردە، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ.

♦ **کالفی، لویس جان** (٢٠١١)، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

♦ **محەمەد، بەهار زایەر** (٢٠٠٩)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

♦ **محەمەد، پێشکەوت مەجید** (٢٠٢٢)، خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا ـ (ژەهری زمانیی) بە نموونە، نامەی دکتۆرا،

کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **محەمەد، دارا حەمید** (٢٠١٦)، زمانی کوردی لە نێوان سیاسەت و پلانی زمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ــ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٥٠)ی ئایار، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **محەمەد، دارا حەمید** (٢٠١٧(، جینۆسایدی زمان ــ زمانی کوردی بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە یەکەم کۆنفڕانسی زاننکۆی گەرمیان، زانکۆی گەرمیان، کەلار

♦ **محەمەد، مەسعود** (١٩٧٨)، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

♦ **محەمەد، مەسعود** (٢٠١١)، زاراوەسازیی پێوانە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

♦ **محەمەد ،هیدایەت عبدالله** (٢٠٠٧)، وشە و زاراوەی خوازراو و سەپێنراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سڵیمانی، بەشی (B) ژمارە (٢١)ی ئەیلول، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **محەمەد ساڵح، شکۆفە حسێن** (٢٠١٧)، هەڵسەنگاندنی زمانەوانیی فەرهەنگنووسیی کوردی ــ فەرهەنگەکەی زەبیحی بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە ــ قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

♦ **مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا** (٢٠١٢)، واقیعی زمانی کوردی لە نێوان پێوەرەکانی زمانی زیندوو و ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنن، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

♦ **مەحویی، محەمەد** (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەککەم، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

♦ **مەحویی، محەمەد** (٢٠٠٨)، جیاکردنەوەی زارێک وەک زمانی دەستوریی شێوازبەند و باڵا، گۆڤاری زانکۆی سڵیمانی، بەشی (B) ژمارە (٢٤)ی تشرینی یەکەم، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **مەحویی، محەمەد** (٢٠١٤)، زمانی ستاندارد، گۆڤاری زانکۆی سڵیمانی، بەشی (B) ژمارە (٤٥)ی ئاب، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **مەحویی، محەمەد** (٢٠١٦)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، چاپی (؟)، چاپخانە (؟)، سلێمانی.

♦ **مەحویی، محمد عبدالفتاح حمە سەعید (محەمەد) و جلال، شاخەوان** (٢٠١٤)، زمانی ستاندارد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ــ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٤٥)ی ئاب، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

♦ **میراودەلی، کەمال** (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، بێ چاپخانە؟، سلێمانی.

♦ **ناوخۆش، سەلام** (٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، ڕێکخراوی زماننانسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

♦ **ناوخۆش، سەلام ، خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا، ئیدریس** (٢٠٠٩)، کوردۆلۆجی، بۆ قۆناغی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

♦ **نەبەز، جەمال** (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ.

♦ **والی، هەژار حوسێن و مستەفا، مستەفا ڕەزا** (٢٠١٩)، پلانی زمانی و هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، No ، ٦ .Vol. ١، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

♦ **وریا، قادر** (٢٠٢٥)، سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆهەڵاتی کوردستاندا، زنجیرەی کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی کوردستان، کتێبی ئەلیکترۆنی، ئەڵمانیا:

https://doi.org/١٠,٦٩٩٣٩/TISHK٠٠١٦

♦ **وەیس، غازی فاتح** (١٩٨٤)، فۆنەتیک، چاپخانەی ادیب، بەغداد.

♦ **هەژار** (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە/ فرهنگ کوردی ــ فارسی، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران

♦ **یەعقوبی، عەبدولخالق** (٢٠٠٨)، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی فارسی**

♦ **ترادگیل، پیتر** (١٣٧٦)، زبانشناسی اجتماعی، ترجمة طباطبایی، نشر اگاهـ تهران.

♦ **سارلی، ناصر قلی** (١٣٨٧)، زبان فارسی معیار، انتشارات هرمس، چاپ اول، تهران.

♦ **صادقی، علی اشرف** (١٣٧٥)، زبان معیار ــ درباره زبان فارسی، زیر نضر نصرالله پورجوادی، مرکز نشر دانشگاهی، تهران

♦ **مدرسی، یحی** (١٣٦٨)، در امدی بر جامعەشناسی زبان، چاپ اول، مؤسسه مطالعات وتحقیقات فرهنگی، تهران.

**سێیەم: بە زمانی عەرەبی**

♦ **أنيس، ابراهيم** (١٩٩٥)، فى اللهجات العربية، الطبعة التاسعة، مكتبة الانجلو، مصر.

♦ **أوستلر، نيقولاس** (٢٠١١)، امبراطوريات الكلمة ــ تأريخ للغات فى العالم، ترجمة: محمد توفيق البجيرمى، دار الكتاب العربى، بيروت.

♦ **بوطاجين، السعيد** (٢٠٠٩)، الترجمة والمصطلح، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

♦ **جوزيف، جون** (٢٠٠٧)، اللغة والهوية، ترجمة: عبدالنور خراقي، مطابع المجموعة الدولية، الكويت.

♦ **خرما، نايف** (١٩٧٩)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، الطبعة الثانية، عالم المعرفة، سلسلة (٩)، مطابع دار القبس، الكويت.

♦ **الخولى، محمد على** (١٩٨٦)، معجم علم اللغة التطبيقى، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان.

♦ **دربال، بلال** (٢٠١٤)، السياسة اللغوية ــ المفهوم والألية، مجلة المخبر، أبحاث في اللغة العربية والأدب الجزائري، جامعة بسكرة، الجزائر.

♦ **شرف، عبدالعزيز** (١٩٨٣)، المدخل الى علم الاعلام اللغوى، الطبعة؟، منتى سور الازبكية، دارالنشر؟

♦ **الصيفي، هدى** (٢٠١٥)، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي (دراسة حالات من الوطن العربي)، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم، جامعة قطر.

♦ **عزوز، أحمد و خاين، محمد** (٢٠١٤)، العدالة اللغوية في المجتمع المغاربي، بين شرعية المطلب ومخاوف التوظيف السياسي، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت.

♦ **عمر، أحمد مختار** (٢٠٠٩)، صناعة معجم الحديث، الطبعة الثانية، عالم الكتب، القاهرة.

- **غارمادی، جولیت** (١٩٩٠)، اللسانة الاجتماعية، ترجمة: خليل أحمد خليل، دار الطليعة، بيروت.
- **غربال، محمد شفيق** (١٩٨٠)، الموسوعة العربية الميسرة، الجزء الثاني، دارالنهضة، لبنان.
- **القاسمي، علي** (١٩٩١)، علم اللغه وصناعه المعجم، الطبعة الثانية، مطابع جامعة الملک سعود، السعوديه.
- **كالفی، لويس جان** (٢٠٠٩)، السياسات اللغوی، ترجمة محمد يحياتن، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- **كساس، صافية** (٢٠١٢)، التخطيط اللغوي في الجزائر و دوره في خدمة اللغة العربية والنهوض بها، منشورات المجبس الاعلى للغة العربية، الجزائر.
- **كولماس، فلوريان** (٢٠٠٩)، دليل السوسيولسانيات، ترجمة: خالد الاشهب و ماجيدولين النهيبی، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- **لشهب، حياة** (٢٠١٠ ــ ٢٠١١)، المعجم العربی الحديث بين التقليد والتجديد ــ المعجم الوسط نموذجا، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة فرحات عباس، سطيف، الجزائر.
- **لويس جان** (٢٠٠٨)، حرب اللغات والسياسات اللغوية، ترجمة: حسن حمزة، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- **مامه، سەنگەر عەلی** (٢٠١٣)، صناعة معجم بين اللغتين العربية والكردية ــ دراسة تقابلية قي معاجم احادي اللغة، اطروحة دكتورا، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد.
- **هارمان، هارالد** (٢٠٠٦)، تأريخ اللغات ومستقبلها، ترجمة: سامی شمعون، شركة المطبوعاتت للتوزيع والنشر، الدوحة.


### چوارهەم: بە زمانی ئینگلیزی


- **Bussmann, Hadumod** (١٩٩٦), Routledge Dictionary of Language and Linguistic. Translated and Edit by: Trauth, Gregory & Kazzazi, Kerstin. London and New York: Routledge.
- **Chomsky, Noam** (١٩٦٥), Aspects of the Theory of Syntax. Cambridge, MA: MIT Press.
- **Edem. A. B.** (٢٠٠٠), Terminology and Language planning: an Alternative Framework of Discourse and Practice. Amesterdam/ Philadolhia: Jhon Benjamins.
- **Fishman, Joshua A.** (١٩٧٤(, Advances in Language Planning. The Hague: Mouton.
- **Hangen, E.** (١٩٩٤), Standardization the Encyclopedia of Language and Linguistics, Great Britain.
- **Hartman, R. R. K. & James, Gregory** (١٩٩٨), Dictionary of Lexicography, Routledge, London & New Yourk.
- **Hudson, R. A.** (١٩٩٦), Sociolinguistics, Second edition, Cambridge University press.
- **Jakbson, Roman** (١٩٧٢). Verbal Communication. Published by Scientific American. Vol.٢٢٧, No. ٣, September. PP. ٧٢-٨١.
- **Lyons, John** (١٩٨١), Language and Linguistics an Introduction. Cambridge: Cambridge University Press.
- **Nick, Lund** (٢٠٠٣), Language and Thought. Routledge Modular Psychology Series.
- **Sairio, Anni, & Palander-Collin, Minna** (٢٠١٢), The reconstruction of prestige patterns in language history. In J. M. Hernández-Campoy & J. C. Conde-Silvestre (Eds.), The handbook of

historical sociolinguistics (١st ed., pp. ٦٢٦–٦٣٨). Wiley: https://doi.org/١٠,١٠٠٢/٩٧٨١١١٨٢٥٧٢٢٧.ch٣٤

- **Thomas, J.** (٢٠١٠), Language Standardization and Prescription in French, Spanish, and English, General University Honors.

- **Weinstein, B**rian (١٩٨٠), Language Planning in Francophone Africa. Language Problems and Language Planning, Vol. ٤, No. ١, PP. ٥٥-٧.

پێنجهەم: بڵاونەکراوەکان و پێگەی ئەلیکترۆنی:

- **فەتتاح، محەمەد مەعروف** (٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر. بە شێوەی سەرهێڵیش بەردەستە لە:

https://kurdishacademy.org/?page_id=٤٩٦

مێژووی سەردانیکردن: [٢٠٢٥/١٢/٢٠]

- **مەنتک، حەمە** (٢٠١٩)، لەبارەی زاراوەناسی، بڵاوکراوەی سەرهێڵ، پێگەی ڕووداو، بەردەستە لە:

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/٠٧٠٦٢٠١٩

مێژووی بڵاوکردنەوە: [٢٠١٩/٠٦/٠٧] ـ مێژووی سەردانیکردن: [٢٠٢٥/١١/٠٥]

- ٩٦٤ ٧٥٠ ١٢٠ ٤١ ٠٥

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd